شلێر خاكی

# كازیوه

وەرگێڕانی:

كارزان خدر–سەنگەسەری

چاپی یەكەم

2014

## ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: کازیوە

نووسەر: شلێر خاکی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کارزان خدر–سەنگەسەری

هەڵەچنی ڕێنووس و ڕێزمان: جەوهەر ئەحمەد

تایپ و ڕێکخستنی ناوەوە: وەرگێڕ

بەرگ: ئیبراهیم چالّح

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج

ساڵی چاپ: 2014

تیراژ: (500) دانە

نرخ: 3000دینار

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەسپاردنی: (     )ی ساڵی 2014ی پێدراوە**

## پێشکەکەشە بە ڕوحی پاکی منداڵانی قوتابخانەی شیناوە[1]

((نووسەر))

[1] لە یەکێك لەو ساڵانەی ڕابرد لە ئاوایی شیناوە کە نزیکی شارۆچکەی خانێیە کە پێی دەگوترێ شیناوە یاخود شیناوێ, یەکێك لە ڕۆژەکانی زستان لە پۆلێکی قوتابخانەکەدا مامۆستا بە قوتابییەکان دەڵێ کەس نەیەتەدەر تا من دەچمە ئیدارە و دێمەوە, مامۆستاش کە دەچێتە ئیدارە, دەرگای پۆلەکە لە دەرەوەڕا قفڵ دەدات, تا ئەو دێتەوە هیچ لە قوتابییەکان نەیەنە دەر. هەر لەو کاتەی کە مامۆستاکە دەڕوات, سۆبەکە ئاگر دەگرێ و لەگەڵ گڕگرتنی ئاگرەکە, ئەوجار دەرگاەکە لە ژوورەوەڕا دادەخرێ و هەر چەند دەکەن ناتوانن دەرگاکە بکەنەوە ,بۆیە هەندێ لە قوتابییەکان کە منداڵ بوون, دەبنە قوربانی و ئاگر دەگرن و دەسوتێت, بۆیە نووسەر ئەم بەرهەمەی پێشکەشی ئەو قوتابییانە کردووە..... وەرگێڕ

سەعات یەكی نیوەشەو بوو, كە لەخەو ڕاپەڕیم و دیتم دایكم لە ئازاردا دەتلێتەوە. بۆ لای فانۆسە كزەكە ڕۆیشتم, ڕۆیشتمە لای و هەڵم گرت بەرەو لای دایكم. كاتێك گەیشتمە سەری, تەواوی ڕووخساری شەڵاڵی ئارەقێكی سارد بووبوو كە بە هێواشی بە ڕوومەتە جوانەكانیدا دەهاتنە خوار.

دایە ! چی بووە؟ كازیوە[1] ! بڕۆ ئامۆژنت لە خەو هەستێنە.

دەڵێی منداڵێك خەریكە دێتە سەر دنیا.

چی بكەم خوایەگیان؟

ڕێك ناوەڕاستی زستان بوو. زستانێكی سارد و ترسناك, زستانێكی سارد و هار و غللوور, زستانێك كە نە بەزەیی بە فەقیر و سواڵكەردا دەهاتەوە و نە بە دەوڵەمەند و ئاغادا. زستانێك كە گوێی نەدەدا

[1] كازیوە: سپێدە, بەرەبەیان.

بەوەی بە سەرما سەختەکەی ئازاری کێ دەدات؟! تێکدانیشی زۆر لەلا گرنگ نەبوو, چ ماڵی هەژار و چ خانووی دارینی بێ بناغە و چ بینای گەورەی دەوڵەمەندان و دیواری بەهێز و خۆڕاگری ئەوان!!

بابم لە ماڵ نەبوو, لەگەڵ چەند کەسێك لە خەڵکی گوند چووبونە شار. بەڵام ئەو بەفرە زۆرەی کە باریبوو, ڕێگر بوو لە گەڕانەوەیان.

تەنها چەند ڕۆژێك بوو کە چووبوومە تەمەنی هەشت ساڵییەوە و خوشکە بچووکەکەشم ( زریوە[1] ) چوار ساڵە بوو. ماڵی مامم لە پشت ماڵی ئێمە بوو.

بەڵام بە شێوەیەك بەفر باریبوو کە بە ڕۆژ بە زەحمەت دەتتوانی بە دەوری ماڵدا بسوڕێیەوە. " چ بگات بە شەو, ئەویش بەو شەوە سارد و ترسناکە.

دایکم پێی گوتم کە لە سەربانەوە بچم بۆ ماڵیان. چووم بۆ لای پەنجەرە بچووکەکە تا بزانم چ باسە؟ بەڵام ترسناك بوو. کلوەبەفرەکان بە تەواوی خێراییانەوە, دەتگوت کە سەبریان لێ بڕاوە, بەر دەرگا و پەنجەرە دەکەوتن و دەنگە دەنگێکی باوەڕنەکراویان دروست دەکرد .

[1] زریوە واتا : ڕووناکی ئەستێرە یان زریوە زریوی ئەستێرە.

(با)ش لەو نێوانەدا بێ کار نەبوو و یارمەتیی کلوەبەفرەکانی دەدا تا بە خێرایی زیاتر وە خانووە گڵەکانی گوند بکەون. هەوا, ئەو هەوایە نەبوو کە مرۆڤ بتوانێ چەند دەقەیەك سەر وەدەرنێ و هەناسە بدات.

دووبارە چوومەوە لای دەرگاکە و کردمەوە, بەڵام نەدەکرا بچمە دەر, چونکە بۆی هەبوو ڕێم لێ ون بێت یان ئەو هەوا ساردە تاقەت و پێخوستم لێ خەلاس کا.

دووبارە پەنام بۆ دایکم بردەوە. بەڵام ئەو ئازاری هەبوو و هاتوهاواری هۆشی لێ بڕیبووم. خوایەگیان! دانیشم و ببینم وردە وردە دایکم ببێتە ئاو و لەناو بچێ, یان خۆم بدەمە دەست با و بەفر و چاوەڕێی چارەنووس بکەم؟ لە کاتێکدا ئەوەندە بچووك و لاواز بووم, هیچم لەسەر چارەنووس نەدەزانی. دوای چەند دەقەیەك بڕیارمدا لە ڕێگەی قاڵدرمەوە لە سەربانڕا بچم بۆ ماڵی مامم.

جلێکی زۆرم دەبەر خۆم کردن تا هیچ نەبێ زوو خۆم نەدەمە دەست سەرما و سۆڵ. بە فانۆسەوە چوومە دەر تا ببێتە ڕێنیشاندەرم. بەهۆی ڕووناکیی فانۆزەوە قاڵدرمەکەم دیتەوە و بە هەمان ئەو دەستە بچووکانەم, دەستم کرد بە خاوێنکردنەوەی پلیکانەکانی قاڵدرمەکە. کلوەبەفرەکان بە شێوەیەکی خێرا بەر ڕووخسارم دەکەوتن.

هەوا بە شێوەیەك سارد بوو, كە هەناسەدانیشم ئەستەم بوو.

كاتێك گەیشتمە سەربان, دڵنیا بووم ئێرە كۆتایی ڕۆیشتنمە. ئیتر نەدەكرا بۆ هیچ شوێنێك بڕۆم, دەنگێكی سەیر دەهات. دەنگی گڤەگڤی با و لەو ترسناكتر بێدەنگی و تاریكیی گوند بوو. كە دەتگوت زیندوو و مردوو لە گونددا نینە. لە هەموو ئەوانە ترسناكتر, دەنگی لوورە لووری گورگان بوو, كە لە دەوری گوند دەیانلووراند.

لە برسان گرنگییەكیان بەو هەوا ساردە نەدەدا. چاوەڕێی نێچیر بوون. بۆ ئەوان جیاواز نەبوو, نێچیر مرۆڤ بێ یان ئاژەڵ. بەڵام نەدەبوو بترسم. بە تەواوی توانامەوە بانگی ماڵی مامم كرد. وەلێ دڵنیا بووم كە دەنگم ناگاتە خانووەكەیان. چونكە دەبوو پێچەوانەی ئاڕاستەی با قسە بكەم. دەستم كرد بە دروستكردنی تۆپە بەفر. هاویشتمن بۆ لای پەنجەرەكەیان.

چاوەڕێ بووم یەكێك لە تۆپەكانم بەر پەنجەرە بكەوێ. دەستەكانم خەریك بوو سڕ دەبوون و پێكانم سست و چاوم كەم بین ...

نا ئومێدی سەراپامی داگرتبوو. لەو بێ ئومێدییەدا هەوڵی خۆمدا تا لەناكاو دانەیەك لە تیرەكانم بەر ئامانج كەوت و مامم بە فانۆس هاتە دەر و هاواری كرد كێیە؟ بەهۆی ئەوەی دەنگم نەدەگەیشتە ئەوێ, چەند جارێك فانۆسەكەم بەرز دەكرد و دەمهێنا خوارەوە تا

ئاخیرەکەی تێگەیشت کە دەنگەکە لە ماڵی براکەیەوە بووە. مامم هاواری کرد, براژن! چی بووە؟! ئەو بە زەحمەت توانی بگاتە سەربان.

تەنها شتێك کە لەو شەوە ترسناکەدا لەبیرمە, گرتنی دەستی ئەو بوو. گوتم مامە دایکم! و لەهۆش خۆم چووم. دوای دوو سەعات کە وەهۆش خۆم هاتمەوە, دایکم بەردەوام بوو لە هاتوهاوار و ناڵە و ئازارکێشان.

مام و ئامۆژنم گیانی خۆیان خستە مەترسییەوە لەو شەوەدا کە دایکم منداڵی بوو. مامم و ئامۆژنم مامانییان بۆ دایکم کرد. دەنگی گریانی منداڵەکە, هیواکانی لەدەستچووی گەڕاندنەوە. هەشت ساڵ لە تەمەنم ڕۆیشتبوو, بەڵام جوانیی من کە وەك دایکم دەچوو, بووبووە قسەی سەر زمانی خەڵکی گوند.

کاتێك کە ژنەکانی گوند ئێمەیان دەبینی و ماچیان دەکردین و دەیان گوت: ئینشائەڵڵا خوا کوڕێکی وەك خۆتان جوانتان پێ ببەخشێ. منیش وەکو ئەو خەڵکە کە هیچم لەدەست نەدەهات چاوەڕێی برایەك بووم. بەڵام منداڵی سێیەمیش هەر کچ بوو. کاتێك بە دایکمیان گوت: منداڵەکەت کچە, دەستی بە گریان کرد و بەهۆی ئەو

بەختە ڕەشەی, (کە بۆخۆی دەیگوت و منیش لێی بێ خەبەر بووم), بۆشکایەت چووبووە بەر دەرگای پەروەردگار.

دوای ئەوەی کە سێ ڕۆژ تێپەڕیبوو بەسەر بوونی ئەو خوشکەمدا, کە بۆخۆم ناوم لێنابوو زیور[1] .

بەڵام دایکم سات بە سات دەگریا و دەچووە قوڵایی بیرکردنەوەوە. منیش بەهەمان شێوە بیرم لەوە دەکردەوە کە هۆی گریانی دایکم چییە, یان بۆچی دەگرییێت؟ بەوەی کە منداڵەکەی ساغە, کەواتا, بۆچی ئەوەندە ناڕەحەتە؟ منیش نەمتوانی هیچی دیکە خۆم ڕابگرم و هۆکارەکەیم لە دایکم پرسی.

بەڵام ئەو دەستی بەسەرمدا هێناو گوێی نەدامێ. لەوانەیە حەقیشی بووبێ کە ئاوا جوابم بداتەوە, چونکە من زۆر بچووك بووم.

لەوانەیە درکم پێی نەکردبا؟ یان ئەگەر درکیشم کردبا , ئەوەندە ئاستی تێگەیشتنم باش نەبوو کە دڵی بدەمەوە. یاخود لەوانەیە دایکم نەیویستبێت من ناڕەحەت بکات؟ زۆر پرسیاری دیکەش هەبوون, وەلێ بێ وڵام...

مانگێك بەسەر لە دایکبوونی خوشکەکەمدا تێپەڕی. هەواڵ هات: ئەو کۆمەڵە کەسەی کە ڕۆیشتبوونە شار, لە ڕێی گەڕانەوەن بۆ گوند و

[1] زیور واتا: هەزار پێ , یان زێروو.

خەڵکی دەستە دەستە بۆ پێشوازیی ئەوان چوون. لە گوند کەس سەیارەی نەبوو و هەندێکیشیان سەیارەیان هەر نەدیتبوو.

لە ڕاستیدا گوندەکەمان جادەشی نەبوو. بەڵکو کوێرە ڕێیەک[1] بوو کە خەڵکی لە ڕێیەوە هات و چۆیان دەکرد. ئەگەر کەسێك چوبا بۆ شار, زیاتر لە بیست ڕۆژی دەخایاند, تا بگەڕێتەوە گوند. بەڵام ئەو گەشتەی کە لە زستاندا دەکرا زیاتری دەخایاند.

کاتێك هەواڵمان پێ گەیشت, ڕەنگی دایکم پەڕی و وەکو گوڵی چرچ لاواز بوو و گوتی: کازیوە گیان بڕۆ ماڵی مامت و ئەوان بۆ ئێرە بێنە. بەبێ ئەوەی کە هۆکاری ڕەنگپەڕینی و هێنانی مامم و ئامۆژنم بپرسم, سەرم نەوی کرد و بەڕێ کەوتم بۆ ماڵی مامم و ئەوانم بۆ ماڵ هێنا.

دایکم پێی گوتن: بابی منداڵەکان لە شار گەڕاوەتەوە و ئەگەر بزانێ ئەو منداڵەی کە هاتۆتە دنیا کچە, دەمکوژێت. لە جێی خۆم وەك بزمار لەسەر زەوی داکوترام. لە کۆتاییەکەیدا من لە هۆکاری گریانی دایکم تێگەیشتم. واتا من خاوەنی بابێکی وەها بوومە؟ هۆکاری گریان و ترس و دڵگرانیی دایکم, بابم بوو .

[1] کوێرە ڕێ مەبەست پێ لەو ڕێگەیەیە کە بەهۆی زۆر پێدا ڕۆشتن ئەو ڕێیە درووست دەبێ و ڕێیەکی تەسك و بچووکە .

گوایا سوێندی خواردووه, که ئەگەر ئەوجارەش کچی ببێ, ئەو(دایکم) لەگەڵ منداڵەکان دەردەکات. دڵی بچووکم لە سینەمدا سەبر و ئارامی نەبوو و ئازاری دەچێشت. ئازارەکەی بە شێوەیەك بەهێز بوو, کە حەزم نەدەکرد زیندوو بم. تێگەیشتم کە بۆچی بابم نەك تەنها بەمن, بەڵکو زۆر گرنگی بە زریوەی بچووکیش نەدەدا .

بیرم هاتەوە کە بابم زۆر بە کەمی ماچیشمان دەکات. بابە: پێموابوو کە تۆ عاشقی ئێمە و خێزانەکەتی, بەڵام ئەو عاشق نەبوو. چونکە عەشق زۆر گەورەیە. بەڵێ بابە گیان! ئەوە بزانە کە گەورەترین مرۆڤەکان ئەوانە نین کە زۆرترین سەروەت و سامانیان هەیە, بەڵکو کەسانێکن کە دڵێکی میهرەبانیان هەیە .

بەڵام تۆ دڵێکی ڕەقت هەبوو, دڵێك کە هەتا ڕەحمی بە منداڵەکانی خۆشی نەدەکرد و نە بۆ ئەوانیش دڵی لێی دەدا. لەگەڵ مامم بۆ پێشوازی بابم چووم, کاتێك بابم هاتە حەوشە گوتی: کازیوە بڕۆ بانگی دایکت بکە بێتە یارمەتیم. گوتم : بابە دایکم نەخۆشە.

لەغاوی ئەسپی بەڕەڵا کرد و توند منی گرت و گوتی: چییە لە کۆتاییەکەیدا دایکت کوڕەکەمی هێنایە دنیا؟ گوتم: نا بابە کوڕ نییە کچە. هێشتا قسەکەم تەواو نەبووبوو, کە زللەیەکی توندی لێدام و بەهۆی توندی زللەکەوە کەوتمە سەر بەفرەکە .

زللەیەکی لە ڕومەتی چەپمدا, بەڵام ڕوومەتی ڕاستم زیاتر ئازاری پێگەیشت. لەتاو ئازار بە دەنگی بەرز هاوارم کرد و گریام . بەدوای بابمدا کە بەپەلە بۆ مەتبەخ دەچوو, منیش بەدوای دا ڕۆیشتم .

دواتر دەستی بە هات و هاوار کرد و وشەی نەشیاوی گوتن. هەتا دەیویست لە دایکم بدات. بەڵام مامم ڕێی لێ گرت و داوای لە ئامۆژنم کرد کە ئێمە ببات بۆ ماڵی خۆیان. ئێمە بەبێ گوێدان بە بابم, کە بەردەوام وشەی نەشیاوی دەگوت, بەدوای ئامۆژنم کەوتین.

بابم بەبێ ویژدانی و بەبێ هیچ گوناهێك ئێمەی لە ماڵ دەرکرد, لە کاتێکدا کە ئەوە ماڵی ئێمە بوو. هەوا زۆر سارد بوو و دایکم نەخۆش و دڵشکاو بوو .

منداڵەکەی تەنها چەند ڕۆژێك بوو کە هاتبوە سەر ئەم دنیا زاڵمە. سەرەڕای گریان وناڵەکەی, مانگێك بوو زیور لە دایك ببوو, کەچی بابی هەتا بۆ جارێکیش سەیری نەکردبوو. دایکم, منداڵەکەی توند لە باوەش دەگرت, بۆئەوەی ببێتە هاوبەشی غەمی لە نەدیتنی باوکیدا.

بەڵێ بابە گیان! دەزانی چەند شەوان دایکم تا درەنگ بۆ گەڕانەوەت دووعای کردووە؟ تاکو لەو دنیا تاریکەدا بێ کەس و کار نەبێ. دەزانی من و زریوە چەندە شەو و ڕۆژمان ژماردوونە بە ئومێدی گەڕانەوەت؟

چ ڕۆژانێکی سارد! تا درەنگ کە ئەو ڕێیەی بڕیار بوو تۆ لەوێوە بگەڕێیەوە, چاومان تێ بڕیبوو و تەواوی ئەو ڕۆژانە بە بێ ئومێدی بەرەو ماڵێ گەڕاوینەوە؟

لە گوند ئاغایەکی زاڵمی لێبوو کە بێجگە لە ژن و پیاو هەتا زەوی و مەڕو ماڵاتیش لەبەر دەستی ئەو دابوون. بابم و مامیشم کە نە زەوییان هەبوو و نە مەڕ و ماڵات, ناچار بوون کە بۆئاغا بێگاری[1] بکەن. هەروەها هەردووك لە پیاوانی تایبەتی ئەو بوون.

ئاغاش لە جیاتی ئەوەی ئەوان کاری بۆ دەکەن, خواردن و جێگەی پێ دابوون. ئاغا بابمی زۆر خۆشدەویست و بەهۆی دەرکردنی دایکم دەستخۆشی لە بابم کرد و چەپڵەی بۆ لێدا. چونکە زۆر گرنگی بەو پیاوانە دەدا کە کوڕیان هەیە.

ئەو پیاوانەشی کە کچیان هەبوو, دەبوونە قوربانی و یان دەبوو ژنەکانیان دەرکردبا, یان دەبوو ژنێکی دیکە بێنن. بابیشم کە عاشقی کوڕ بوو و کوڕیشی نەبوو, لە لایەکی دیکەوە بۆ ئاغاکەی وەفاداربوو, دایکی منداڵەکانی کردە قوربانی ئاغاکەی. مانگێك لە خراپترین حاڵەتەکان لە بوونی دایکمدا لە ماڵی مامم تێدەپەڕی.

[1] بێگاری: کاری بەزۆر, بەزۆر کارکردن.

چەندین جار هۆكاری كارەكانی بابم لە دایكم پرسیوە. هەموو كات بیرم لەوە دەكردەوە كە بۆچی ئێمە خزم و كەسێكمان لە گوند دا نییە؟ ئەوەندە پرسیارم كرد, تاكو دایكم ناچار بوو نهێنییە شاراوەكانی ژیانی كە هەموو كات ئازاریان دەدا, بهێنێتە سەر زمان و بۆمیانی باس بكات .

دایكم گوتی: وەرە كچم, دانیشە. شتی وات بۆ باس بكەم, كە ئومێدەخوازم وڵامی هەموو پرسیارەكانت وەرگری.

لە كاتێكدا كە فرمێسكی بەردەوامی دایكم كە وەكو بارانی بەهار لە ڕوومەتە سورەكانی دەهاتنە خوار گوتی: كازیوە گیان! من كچی ئاغایەكم بە ناوی سمایلاغا. لەو كاتەوەی كە چاوم بە دنیا هەڵهێناوە لە ناز و نیعمەتدا گەورە بووم. جلێك كە لە كاتی منداڵیدا دەبەرم دەكرد, ئاواتی تەواوی منداڵانی دەوروبەرم بوو.

منداڵانی خەڵكانێك كە لە ژێر دەستی بابمدا بوون. ئەو دۆشەك و سەرینەی كە من لەسەریان دەنووستم, هەموویان لە باشترین دۆشەك و سەرینانێك بوون كە بابم لە شار كڕیبوونی. خواردنێك كە دەمخوارد, ئاواتی تەواوی حەوت هەزار نۆكەر بوو كە بابم ئاغایان بوو.

ماڵێك كە تێیدا دەژیام ئەوەندە گەورە و جوان بوو, كە كاتێكی زۆری دەویست تاكو بتوانی لە هەمووی دا سەر وەدەرنێی. چەند

خزمەتکارێکم هەبوو کە هەر یەکەو بەرپرسی یەکێك لە کارەکانم بوو. من دوای چوار مندالّ هاتبوومە دونیا و تەنیا کچی سمایلاغا بووم.

هەر بەو هۆیەش بوو کە بابم پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەلّ من هەبوو و بۆ پێشکەوتن و گەشەپێدانی من, مامۆستای شاری بۆ گرتبووم. کاتێك بووم بە 13 سالّان, دوو برا هاتنە خزمەت بابم و داوایان لە بابم کرد کە ئەوان دابمەزرێنێت .

ئەو دوو گەنجە جوان و بەهێز و موئەدەب بوون. ئەوان نزیکەی نۆزدە بۆ بیست سالّ تەمەنیان بوو. دوای ماوەیەکی کەم. غیرەت و زیرەکیی برا گەورەکە واتا: عەبدولخالق کەوتە سەر زمانی خەلّکی بە گشتی.

لە کاتێکدا کە عەبدولقادریش ئەزمونێکی لەو کەمتری نەبوو. بابم دوای مانگێك بە دامەزراندنی ئەوان ڕازی بوو. عەبدولخاقی کردە بەرپرسی هەموو ئەو کەسانەی کە لە مالّی بابم سەرقالّی کاربوون و عەبدولقادر کە خوێندەواری هەبوو , کردیە بەرپرسی مالیەی سالّانە.

خۆشەویستیی دوو برا, بەتایبەت عەبدولخالق ڕۆژ بە ڕۆژ لەناو خزمەتکاران و هەتا خێزانی ئاغا زیاتر دەبوو. بە شێوەیەك لە بابم نزیك بۆوە کە چەند جار بۆ نان خواردنی ئێوارە بابم ئەوی لە نزیك

خۆی دادەنیشاند و ئەو کارەش ببووە هۆی سەرسوڕمانی خزمەتکارانی بابم .

خزمەتکارانێك کە زیاتر لە بیست ساڵە خزمەتیان هەیە لە کارکردندا. بەڵام هەرگیز نەیان دەتوانی لەبەرانبەر بابمدا چا بخۆنەوە. بابم دوو برای لە ماڵدا ئازاد کردبوو و کاتێك کە لەگەڵ کوڕەکانی بۆشوێنێك دەچوو, عەبدولخالق بوو کە لە جێی بابم بڕیاری دەدا .

ساڵێك بەسەر بوونی دوو برا لە ماڵی سمایلاغادا تێپەڕی. عەبدولخالق سەراپا نیعمەت بوو بۆ بابم و شانازی زۆری پێشکەشی بابم کرد.

بە گرتنی گوندێك و چەندین هەزار مەتر زەوی ,بووە هۆی زیاتر دەسەڵاتی بابم لە بەرانبەر ئاغایانی دیکە. بابم بە شێوەیەك بەهێز و بە دەسەڵات بووبوو, کە تەواوی ئاغایانی دەوروبەر لێی دەترسان .

هیچ کات ئەو غیرەتەیان نەبووە کە لەبەرانبەریدا دەست بە شۆڕش بکەن. منیش تازە گەیشتبوومە تەمەنی لاوی و لە بەرانبەر قەد و باڵا و جوانی ئەو دوو برایە کەمتر نەبووم. چەند ساڵێك بوو کە بابم مامۆستایەکی بۆ من گرتبوو. باشترین پێداویستی پیَ دابوو, تەنها بۆئەوەی دەرسم پیَ بلێت.

سوورەییا [1] ئەوەندە پارەی لە بابم وەردەگرت, کە حەزی نەدەکرد لە قوتابخانەی شار دەرس بلێتەوە. بەڵام پەیوەندیی من و سوورەییا پەیوەندیی مامۆستا و قوتابی نەبوو, بەڵکو وەك دوو گیان بووین لە یەك جەستەدا.

ئەو نەوەك وەکو قوتابی, بەڵکو وەکو خوشکی خۆی سەیری دەکردم و تەنها هاوڕێم بوو. چونکە نەمدەتوانی لەدەرەوەی ماڵ لەگەڵ کەس ببمە هاوڕێ .

هەتا نەمدەتوانی لەگەڵ منداڵانی گوند هاتوچۆ بکەم. من کچی ئاغا بووم و نەدەبوو لەگەڵ منداڵی نۆکەر و غوڵامەکان یاری بکەم, لە کاتێکدا تەنها ئاواتی ئەو سەردەمەم یاریکردن بوو لەگەڵ منداڵانی دی.

سوورەییا فێری مرۆڤایەتی و حەز و خۆشەویستی کردم. ئەو فێری کردم چۆن دڵێکی گەورە و پاکم هەبێ. ئەو ئەگەرچی لە ڕووی خێزانییەوە لە بێگانەیەك زیاتر نەبوو, بەڵام لە تەواوی تاکەکانی خێزانم لە من نزیکتر بوو. ئەوەندە خۆشم دەویست کە ئامادە نەبووم بەرانبەر هەموو دنیا بیگۆڕمەوە.

[1] سوورەییا : پێرو, کۆمەڵە ئەستێرەیەکن, دەعبایەکیشە چاوی منداڵ کوێر دەکات.

ڕۆژ بە ڕۆژ خۆشەویستییم بۆ سوڕەییا زیاتر دەبوو. ئەو لانەی نهێنیەکانم بوو و ئەوەندە یەکترمان خۆشدەویست کە هێچ نهێنییەکمان نەبوو کە لەیەکتری شاراوە بێ. ئەگەر شەوانە نەهاتبا کنم, خەوم لێ نەدەکەوت و ئەگەر ڕۆژانە درەنگ ئەوم دیتبا , ئیتر ئارامم لێ دەبڕا.

هەر چەندە کات تێدەپەڕی سەیرکردن و ڕەفتارەکانی عەبدولخالق بەرانبەر من دەگۆڕا.

زیاتر لە ڕابردوو لەسەر ڕێگەم دەردەکەوت. عەبدولخالق بە چاو لێکردن و ئاماژەکانی, دەیویست من لە عەشقی ئەو تێبگەم. هەمان هەستیش لەمندا بەرانبەر ئەو پەیدا بووبوو. بەڵام غیرەتی بیرکردنەوە لەو عەشقەم نەبوو.

ڕۆژێك کە بابم چووبوو بۆ ڕاو و شکار, من لە نزیك کانییەك لەژێر داری گوێز دا چوبوومە قوڵایی وێنەکێشانەوە. ئەوەش بزانە کە وێنەکانی من زۆر جوان بوون, سوڕەییا هەموو کاتێك بەمنی دەگوت کە لە داهاتودا وێنەکێشێکی گەورەت لێ دەردەچێ. وێنەکێشان هەموو کات دەبوو دوور لە چاوی بابم با.

چونکە بابم حەزی بە وێنەکێشانی من نەدەهات. خەریکی تەواو کردنی وێنەی سوڕەییا بووم کە عەبدولخالق هاتە پێش و بەخاتری ئەو

وێنەیەی کە من دروستم کردبوو دەستخۆشی لێ کردم. بە نیگەرانیی و شەرمەوە قسەی دەکرد. ئەولاو لای دەکرد.

ئاخیرەکەی هەستی ناخی دەربڕی کە عاشقم بووە. تەواوی لەشم کەوتە لەرزین. بەردەوام بوو و گوتی: دەزانم کارەکەم هەڵەیە بەڵام چی بکەم عاشقت بووم و ناتوانم لەبیرت بکەم.

من غوڵام و تۆش کچی ئاغای و هیچ ئاغایەکیش ئامادە نییە, کە کچەکەی بە غوڵامێك بدات. ئەوڕۆ کە دیتم تەنیای بیرم کردەوە باشترین کاتە کە هەستی ناخم (کە دەمێکە ئازارم دەدات) بۆتی دەرببڕم. ئەوڕۆ هێزم بەخشییە خۆم و ئەو هەستەم بۆت دەربڕی.

لەوانەیە بەهای ئەو عەشقە زۆر ترسناك بێ, بەڵام ڕەنج و عەزابەکەشی بۆ من هەر شیرین و خۆشی دەبێت. عەبدولخالق بە شێوەیەکی وا جوان هەستی بۆم دەربڕی کە ئەگەر توانیبام منیش لە هەمان جێ هەستی خۆمم بۆ دەردەبڕی.

بەڵام ئەوە ئەستەم بوو چونکە من کچی ئاغایەکی یەکێك لە ناوچەکان بووم. بەو کارە هێز و دەسەڵات و حەیای بابم دەکەوتە ژێر پرسیارەوە و من هیچ کاتێك بەو کارە ڕازی نەبووم. چەندین مانگ بیرم کردەوە و هەرچەندە بیرم دەکردەوە دەگەیشتمە ئەو ئەنجامەی

کە نەدەبوو بە بوونی پەیوەندی لەگەڵ عەبدولخالق جوابی بەڵیٚ بدەمەوە . جیاوازییەکی زۆر لە نێوان من و عەبدولخالق دا هەبوو.

لە ڕووی خێزانییەوە کە من کچی ئاغا و ئەو غولاٚمێکی بیٚ کەس و کار .

ئەوە لە کاتێکدا بوو کە من لەوەتەی چاوم بە دنیا هەڵهێنابوو ئەوە لە مێشکی مندا خەزن بووبوو کە ئەوان هەموو کات غولاٚم و ئێمە ئاغاین و غولاٚمەکان کەسی بەد و لاوازن و کاری ئەوان تەنهاو تەنها ئیشکردنە بۆ ئاغاکانیان. لە لایەکی ترەوە عیشقی عەبدولخالق لە تەواوی بوونمدا بلاٚو ببۆوە.

هەرچەند هەولٚم دەدا نەمدەتوانی عەشقی ئەو لەخۆم دوور کەمەوە, هەتا هەندیٚ جار دەچووم بۆ گەشت, بەلاٚم دووبارە نەبوو و هەر کات لیٚی دووردەکەوتمەوە بەهەمان شێوە خۆشمدەویست.

بابم چەندە بەڕەحم و بەبەزەیی بوو, ئەوەندەش بەرانبەر غولاٚم و فەقیران زالٚم و بیٚ ڕەحم بوو. ئەوە دەردێك بوو کە لە منداڵییەوە لەگەلٚم بوو و هەموو کات دلٚی بچووکی ئازار دەدام و هیچ کاتیش نەمتوانیوە لەو بارەیەوە قسە لەگەڵ بابم بکەم.

چونکە قسە لەو بارەیەوە پەیوەندی بە ئافرەتانەوە نەبوو و ئەگەریش کەسێك لەو بارەیەوە قسەی کردبا بە توندترین شێوە سزا دەدرا.

ئەو غولام و فەقیرانە کە مەجبوور بوون ئەو بەرهەمی ڕەنجەی کە مانگانە بە جووتکردنی مانگا پەیدایان کردووە سەرانەی لێ بدەن بە بابم و ئەگەر کەسێك لە دانی ئەو سەرانەیە کە دەبوو دوو لەسەر سێی بدات بە بابم, دەنگی لێ هاتبا بە توندترین شێوە سزا دەدرا.

ئەو کارەی بابم ڕۆژ بە ڕۆژ دەبووە هۆی زیاتربوونی سەروەتەکەی. لەبەرانبەردا دەبووە هۆی هەژارتربوونی خەڵکی گوند کە لەژێر دەستی بابمدا بوون.

ئەو هەژارانەی کە هیچ کات ناڵەیەکیان لێ نەدەهات لە کارکردن بۆ بابم , کە ئەگەر زەویشیان نەبوایە ئامادەبوون کار بۆ بابم بکەن و لەبەرانبەردا هەقدەستێکی کەم وەربگرن . ئەو هەقدەستە کەمەی پیرەمێردان بۆی ڕیز دەبوون, هەر مرۆڤێك کە ویژدانی هەبا لە دیتنی ئەوان شەرمەزار دەبوو. تەنها کەسێك کە لەو کاتەدا کەمێك لە دەردەکانم ئارامی دەکردمەوە هاوبەشی خۆشییەکان و دڵتەنگیەکانم بوو و تەنها کەسێك بوو کە دەمتوان بڕوای پێ بکەم , سوڕەییا بوو . کاتێك چیرۆکی عەشقی عەبدولخالقم بۆ ئەو باس کرد , وەکو شێتان بە

دەورمدا سوڕایەوە و چەند زللەیەکی لێدام تا دڵی ویستی سەرزەنشتی کردم .

دوای ماوەیەك منی لە باوەش گرت و گوتی: کچەکەم بۆچی ئەو کارەت کردووە ؟ ئەو عەشقە مەحاڵە. سوڕەییا زۆر لە بابم دەترسا , لەوانەیە ئەو هێزی بابمی زانی بێت و ئەوە من بووم کە لە هێز و توانای بابم بێئاگا بووم. سوڕەییا لەوە بەدوواوە دەرس پێ گوتنی ئیهمال کرد و شەو و ڕۆژ ئامۆژگاریی ئەوەبوو کە دەبێ لە عەشقی عەبدولخالق دەست بکێشمەوە.

هەتا چەند جار قسەی بە عەبدولخالق گوت و خەتاباری دەکرد. پێشی گوت بەهەرشێوەیەك بێ دەبێ ئێرە تەرك بکات. بەڵام قسەکانی سوڕەییا کاریان نەکردە سەر عەبدولخالق و عەبدولخالق بەهیچ شێوەیەك ئامادە نەبوو ماڵی بابم جێ بهێڵێ. هەرچەند عەبدولخالق بۆخۆی دەیزانی بە زانینی ئەو باسە خوێن دەڕژێت.

ساڵێك لە عەشقی من و عەبدولخالق بە تەواوی خۆشی و ناخۆشیەکانی تێپەڕی. بەبێ ئەوەی هیچمان بتوانین لەو بارەیەوە قسە لەگەڵ کەس بکەین.

لە کۆتایی وەرزی بەهاردا بابم زۆر لەناکاو چوو بۆ گەشت, بەبێ ئەوەی کەس بزانێ بۆ کوێ و بۆچی ڕۆیشتووە؟ تا ئەوەبوو کە دوای

دوو هەفتە لە گەشتەکەی گەڕایەوە و زۆر خۆشحاڵ بوو و جار جار بەدەستکێشان بە سمێڵەکانیدا خۆشحاڵی خۆی پێشان دەدات.

شەو, بابم گوتی: بۆ کارێکی خێر چوومەتە شار . سەرەتا پێمان وابوو کە بابم دەیەوێ ژن بۆکوڕەکانی بێنێ. بەڵام لە هەمانکاتدا ڕووی لە من کرد و گوتی: کچم تۆم بە شوو داوە. بە گوتنی ئەو قسەیە وشك بوومەوە و بۆ ساتێك هەستم کرد ڕوحم تەسك بۆتەوە.

گوتم: بابە من نامەوێ هاوسەرگیری بکەم, چونکە هێشتا منداڵم. لەهەمان کاتدا دەمەوێ دەرس بخوێنم. بە بیستنی ئەو قسەیە بابم , ئەو ئیستکان چایەی کە لە دەستی دابوو, بە تەواوی هێزیەوە بۆ لای منی هاویشت.

لێوی ئیستکانەکە برۆی بریندار کردم. بابم گوتی: بێ ئەدەب, دەتەوەێ قسە لەقسەی مندا بکەی ؟ ڕووی کردە دایکم و گوتی: لە ماوەی دوو هەفتەدا ئامادەی بکە.

ئێستا هەستن بڕۆنە دەر. بابم بۆ وەرگرتنی متمانەی شار و سەرۆك شارەوانی, منی دابووە کوڕی سەرۆك شارەوانی. لە کاتێکدا کە دەیانگوت کوڕی سەرۆك شارەوانی لە ڕووی ئەقڵەوە تەواو نەبووە.

کاتێك هەواڵ لەماڵدا بڵاو بۆوە, کە دوو هەفتەی دیکە هاوسەرگیریی کچی ئاغایە, زۆرێك پێیان خۆش بوو, بەڵام عەبدولخالق

زۆر نەخۆش کەوت و لەو نێوانەدا کاری من گریان و زاری بوو. وە کاری خانمی مامۆستا دڵدانەوەی من بوو. خانم مامۆستا ڕاستی دەکرد , ئەگەر بابم لە باسی عەشقی من و عەبدولخالق ئاگاداربا هەردووکمانی زیندەبەچاڵ دەکرد.

چەند جار خۆم داوەتە دەست و پێی سوڕەییا کە من ببات بۆ دیتنی عەبدولخالق .کاتێك چوم بۆ لای عەبدولخالق گوتی کە دەبێت لەگەڵم هەڵبێی.

گوتی ڕێگەیەك پێ دەزانێت کە دەتوانین لەو ڕێگەیەوە لێرە دوور کەوینەوە . کاتێك تەواوی پلانەکەی بۆ باس کردم, منیش بڕیارمدا کە لەگەڵی ڕا بکەم.

دوو برا لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا کەل و پەلی ڕاکردنیان ئامادە کرد و کاتێك چوار ڕۆژی مابوو بۆ هاوسەرگیریی, بابم دەستوری دا کە تەواوی ئەو چوار ڕۆژە بکەنە ئاهەنگ و شایی و هەڵپەڕین و نانی شادی بدەنە خەڵك. بەیانی ئەو ڕۆژە بڕیار وابوو کە خێزانی زاوا بێن بۆ گوند و دوو ڕۆژ بمێننەوە و ڕۆژی سێیەم من لەگەڵ خۆیان ببەن. سوڕەییا چاك دەیزانی کە من ڕابکەم و ئەو لە ماڵ بمێنێتەوە بە توندی تووشی سزا دەبێتەوە .چونکە هەمووان دەیانزانی کە من بەبێ ئیزنی ئەو, هەتا ئاویشم نەدەخواردەوە و سوڕەییا بێ خەبەر نییە لەو عەشقە. هەر بەو

هۆیەشەوە بوو کە سوڕەییا تەواوی حسابی خۆی لەگەڵ بابم کرد و چەندی پێیان گوت تا کاتی هاوسەرگیری بمێنەوە بەڵام ئەو ڕازی نەبوو و هەمان ڕۆژ ماڵی ئێمەی تەرك کرد و بە هەمیشەیی ڕۆیشت.

بابیشم زەحمەتی چەند ساڵەی سوڕەییای بە کۆمەڵێك هەدیەی گرانبەها بەرز نرخاند و ئەوی بۆ شار گەڕاندەوە. هەمان ئەو شەوەی کە سوڕەییا من و خێزانەکەمی تەرك کرد و ڕۆیشت, منیش ماڵی بابمم تەرك کرد.

ئەو شەوە بابم تا درەنگ سەرقاڵی حساب و کتابی هاوسەرگیریی تاقە کچەکەی بوو و تا درەنگ خەوی لێ نەکەوت. عەبدولخالقیش ئارامی لێ هەڵگرابوو و لە حەوشەدا پیاسەی دەکرد. ماڵی ئاغا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بێدەنگ و تاریك بوو.

سەعات بوو بە یەکی نیوەشەو و بەبێ دەنگی لە ژوورەکەم هاتمە دەر و پێڵاوەکانم هەڵگرت تا بتوانم بەبێ دەنگی دوور کەومەوە. خۆم گەیاندە عەبدولقادر کە لە پشت ماڵ بوو . بەڕێ کەوتین .

عەبدولخالق ناچار بوو تا چەند سەعات دوای ئێمە بێت. چونکە ئەگەر کەسێك تێگەیشتبا کە کچی ئاغا دیار نەماوە, ئەو دەیتوانی کە ئەو دار و دەستەی بابم ئامادەی کردووە بۆ ڕێیەکی دیکەیان بنێرێ .

نزیکی بەرەبەیان عەبدولخالق بە ئێمە گەیشت. سێ شەو و سێ ڕۆژ بە ماندوێتی و برسێتی و بەبێ ئەوەی بوەستین ڕێگەمان بڕی. دوای ماوەیەکی کەم هەواڵ لە هەموو شوێنێك بڵاو ببۆوە کە بووك دیار نەماوە و دوو براکەش ونن. بابم ئەوانەی لە ماڵدا بوون و بە دایك و براو خزمەتکار و پاسەوانەوە سزا دابوون.

بابم بۆ پەیداکردنی ئێمە چەند هەزار مەتر زەوی و مانگا و مەڕ و هەتا پارەی ماڵیشی کردبووە دیاری . تەنها بۆ ئەو کەسەی ئێمەی بۆ پەیدا بکات. لەبەر هەمان هۆکار خەڵك وەکو مارو مێروو بە دەشت و شاخەکان کەوتبوون, تا ئێمە بدۆزنەوە.

بەڵام ئێمە نەکەوتینە دەستی پیاوەکانی بابم و دوای بیست ڕۆژ ڕۆیشتن بە ڕێگادا بەبێ هیچ مەبەستێك ڕێمان کەوتە ئەو گوندە و سێ کەس هاتینە خزمەت ئاغای ئەو گوندە. هەر لەو گوندە هاوسەرگیریم لەگەڵ عەبدولخالق دا کرد. هەرسێکمان بێگاریمان بۆ ئاغا دەکرد و ئاغاش لە بەرانبەردا شوێنی نیشتەجێبوون و خواردنی پێ دەداین. لەو جێگایەی کە لێی نیشتەجێبووین هەتا خۆشمان نەمان دەزانی کوێیە, ئیتر کەس سمایلاغای نەدەناسی. دوای تێپەڕینی سێ مانگ عەبدولقادریش لەگەڵ یەکێك لە خزمەتکارانی ئاغا هاوسەرگیریی کرد.

بەڵام ئاغای تازە زۆر میهرەبانتر لە بابم دەهاتە بەرچاو لەگەڵ غوڵامەکانی. لەوەتەی هاتوینەتە ئەو گوندە تا ئێستا نەمان توانیوە ئاهی دڵتەنگی هەڵکێشین.

کازیوە گیان! دوای دوو ساڵ هاوسەرگیری لەگەڵ بابت, کە هەمان ئەو دوو ساڵە ئەوپەڕی خۆشبەختی من بووە, تۆ هاتیتە دنیا.

ئەوەندە هەستی خۆشبەختییم لەگەڵ بابت هەست پێ دەکرد کە هەتا باب و دایکم و خانەوادەو ئەسڵ و ئەساسی خۆم لەبیر کردبوو.

هەم خانمی مامۆستای وەفادارم لەبیر کردبوو, هەم سەروەتی کە لە ڕابردوودا هەمبووە. چونکە عاشقی بابت بووم و ئامادەبووم لەبەرانبەر ئەو عەشقەدا ژیانی شاهانەی بابم وەلا بنێم و بێمە ناو ژیانی غوڵامی و فەقیرییەوە .

تا ئەوەبوو بابت عەبدولخالق, هەمان ئەو قارەمانە بوو کە داوای کوڕی لەمن کرد کە بۆی بێنمە دنیا. لە کاتێکدا کە ئەوە بەدەست من نەبوو کە بتوانم کوڕێك بێنمە دنیاوە . عەبدولخالق داوای لێ کردم کە دووبارە منداڵم ببێ, بەڵام من تەنها دەمتوانی لە ماوەی دوو ساڵدا یەکجار منداڵم ببێ, دوای ئەوەی کە تۆ تەمەنت بوو بە دوو ساڵان زریوە هاتە دنیا و بابت دووبارە لەمنی داو قسەی پێ گوتم و سوێندی خوارد کە تەنها یەك فرسەتی دیکەت پێ دەدەم.

ئەوەش بە بیانووی ئەوەی کە ئەو منی خۆش دەویٚ. لە کاتێکدا کە منداڵی سێیەمیش دوای چوارساڵ هاتە دنیا و کچ بوو. کاتێك دایکم ژیانی پڕ نهێنی, کە ئەوانیش نهێنیی سەرسوڕهێنەر بوون, هەر مرۆڤێکی دەهێنایە لەرزە , بۆی باس کردم , چەندین ماوە گریام. نەفرەتم لە ژیان, لە ڕۆژ و مانگ , لە زەوی و زەمان, لە ڕۆژگار, لە پیاو و ژن و گەنج و پیر کرد.

سەراپا ژیانم نەفرەت و کینە دایگرت. هەر کات فرمێسکەکانی دایکم دەهاتنە خوار بەر نەفرەتی من دەکەوتن. شەو و ڕۆژ بیرم لە بابم دەکردەوە کە بۆچی ئاوا کارێکی لەگەڵ دایکم کردووە .

بۆچی بابە؟ گوناحی دایکم چی بوو؟ چونکە بە بەڵێ جوابی عەشقی تۆی دابۆوە؟ یان لەبەرئەوەی ژیانی شاهانەی خۆی وەلا نابوو و هاتبوو لە ماڵە فەقیرانەکەی تۆدا بژی؟ یان لەبەرئەوەی دایکم تەنها کچی دەهێنایە دنیا؟ بابە! خەیاڵەکانی دایکم دووبارە زیندوو دەبنەوە , مانگ لە بنی هەور دێتە دەر و چاوەڕوانی ڕۆژە خراپەکان بە کۆتا دێت. چاوەڕێی کرانەوەی پەنجەرەکان و دەرکەوتنی ڕووناکیین لێیەوە. زیندوو بوونی خەیاڵەکان, ئەو خەیاڵانەی کە بۆ ئێمە ژیان بوون.

له هەمان سەردەمی منداڵیدا له جیاتی ئەوەی عەشق له دڵمدا لەبەرانبەر بابم دروست بکەم, به پێچەوانەوە تەنها ڕق و کینەم له دڵدا بۆ پەروەردە بوو . ئەوەندە بەباشی خەزنم کردوون و گەورەم کردوون که هیچ کات له یادم ناچنەوە. له سەردەمی منداڵیمدا پێویستم به عیشقی تۆ هەبوو.

بەڵام بابه گیان! بزانه که ئەو عەشق و خۆشەویستییەم لەناو بردووە و عەشقێکی ئاوا هەرگیز نابێ زیندوو بمێنێتەوە. ئیتر پەیوەندیی خوێنی من و تۆ بۆ هەمیشه لەناو چوو, بەڵام پەیوەندیی ڕق و کینه بەرانبەرت کۆتایی پێ نایەنم. ئەوڕۆ دەست له عەشقی بابم دەکێشمەوە تا تەواوی تەمەنم بەبێ بابی بەسەر ببەم.

بەڵام تۆڵەی ئەو عەشقه لەلای خۆم دەهێڵمەوە . ئەمڕۆ له جێگەی عەشق و خۆشەویستی, له ژێر سێبەری ئامۆژنم ڕق و کینەمان بەسەردا دەباریێ. هەشت مانگ له خانووی ماممدا بووین .

ئامۆژنم زۆر جار قسەی پێ دەگوتین و هەندێ کات دوور له چاوی ئێمه زریوه و هەتا زیوری یشی ئازار دەدا . ڕۆژ به ڕۆژ هەڵس و کەوتی ئامۆژنم بەرانبەر دایکم خراپتر دەبوو. دایکم له ئامۆژنم تێگەیشت و هەر بۆیه داوای له مامم کرد که ئیجازەمان بدات ئێمه ماڵی ئەوان تەرك بکەین.

بەڵام عەبدولقادر ڕازی نەبوو و گوتی کە دەبێ منداڵەکانی براکەی لە ژێر چاودێریی ئەودا بن و ئەوەش ڕەحم و سۆزی دڵی عەبدولقادری دەردەخست . بەڵام دایکم قبوڵی نەکرد . مامم پێی گوتین کە ئەو ژێر زەمینەی کە لە لە نزیك حەوشەکەدا هەیە, نۆژەنی بکەینەوە و لەوێدا بژین.

دایکم قبوڵی کرد و گوتی : ئیتر نابێ ئێمە ببینە ئەرك بۆ ئێوە. سەبارەت بەوەی کە شوێنیشت بە ئێمە داوە و دەستت بەسەری منداڵەکان دا هێناوە و باوکایەتیت بۆ نواندون سوپاست دەکەم.

دایکم بڕیاری دا لەمە بەدواوە بۆخۆی خەرجیی ژیان و منداڵەکانی پەیدا بکات. مامم لە بەیانییەوە تا شەو دەچوو بۆ ماڵی ئاغا و ئیشی دەکرد , بۆیە ئێمە ناچار بووین خۆمان ئەو ژێرزەمینە نۆژەن بکەینەوە .

ماڵەکەمان بە شێوەیەکی کاتی بەیەکەوە ناو بارگەو بنەمان تێك ناو چووین بۆ ماڵی تازە. ماڵێك کە بۆنی فەقیرانەی گرتبوو و ئەو فەقیرییە بێ ڕەحمانەیە دایکمی ئازار دەدا. هاوین وەکو نەخۆشێك (کە تازە سەرمای بووە) وردە وردە حاڵی باشتر دەبوو و کەم کەم گەرماکەی دەگۆڕا بۆ فێنکی.

پاییز گەیشتبووە جێ و زەوی بەرگێکی دڵگیری زەردی پۆشیبوو .
یەکە یەکە گەڵای سەوزی دارەکان زەرد دەبوون و دەوەرین. بەڵام ئەو ڕەنگانە ئومێدەوار بوون کە ساڵی داهاتوو بەهارێکی تر بەڕێوەیە.

خۆشحاڵ بوون کە دووبارە زیندوو دەبنەوە و دەبنەوە حوکمڕان لە سەرووی درەختەکانەوە. ئومێدیان وا بوو کە دووبارە مرۆڤەکان و ئاژەڵان دەتوانن لەبەر گەرما بێنە بن سێبەری ئەوان و لەوێدا بحەسێنەوە. بەڵام ئێمە لە هاتنی بابمان نا ئومێد بووین.

نائومێد لەوەی کە ئێمە هەرگیز نابێ چاوەڕێی ئەوە بکەین کە لەژێر سایەی ئەودا بین. نابێ لە گەرمادا بچینە ژێر سێبەری ئەو و لە سەرمادا بچینە باوەشی گەرمی.  یەکەمین بارانی پاییز دەستی بە بارین کرد و ڕوخساری غەمناکی دایکم سوڕا بۆ ئاسمان و خەمی لە سەقفی خانوەکە دەخوارد.

دوای سەعاتێك لە بارینی دڵۆپی باران بێمنەتانە و بەپەلە لە سەقفەکە دەهاتنە خوار و دەنگە دەنگی دڵۆپی باران بووە مۆسیقای غەمخۆریی ئێمە. لەگەڵ دایکم چەند قاپێکمان لەو شوێنانە دانان کە دڵۆپی بارانیان بەر دەکەوت و بە هیوای ئەوەی باران بوەستێ .

ئەو شەوە تا نیوەشەو لەگەڵ دایکم چاودێری ئەو قاپانە بووین, کە پڕ دەبوون بەتاڵمان دەکردن و لە جێگای خۆیمانمان دادەنانەوە .

ئەو پاییز و ئەو بارانەش وەکو بابم ڕەحمی بە ماڵی فەقیرانەی ئێمە نەکرد. بە جۆرێك کە ژیان پێچەوانەی ویستەکانی ئێمە بوو.

ئەی پاییزی ئازیز! گوێم لێ بووە کە تۆ بەهاری شاعیرانی, بەڵام شاعیران زۆر دڵناسکن. شاعیران پاکن و بە پاکی شیعر دەڵێن. بەڵام تۆ ئەوەت لەناو بردووە. ئەی پاییزی ئازیز! تۆ بۆچی ئەوەندە بێ ڕەحمی ....

دایکم گوتی: کازیوە گیان لەوە بەدواوە دەبێ ئیش بکەم, چونکە شتێکمان بۆ خواردن و بۆ لەبەرکردن نییە. داهاتی مامیشت ئەوەندە نییە کە مەسرەفی ئێمەشی پێ بکات. ڕۆژانە ئیش دەکەم و تۆش دەبێ چاودێری منداڵەکان بکەی.

لە گونددا خاوەن سەرمایەی وا هەبوون, کە ئاغا نەبوون , بەڵکو لە ڕووی سەروەتەوە جیاوازییەکیان لەگەڵ ئەوان نەبوو . هەمان ڕۆژ دایکم چوو بۆ یەکێك لەو ماڵانە و داوای ئیشی لێ کردن و ئەوانیش ڕازی بوون کە ئیشێکی بدەنێ. دایکم بەیانی زوو دەچوو بۆ ماڵی سەید ڕەحیم. جلەکانی ئەوانی دەشردن, ژوورەکانی بۆ خاوێن دەکردنەوە و نانی بۆ میوانەکان ئامادە دەکرد.

منیش چاودێریی منداڵەکانم دەکرد. بەڵام چاودێری لە زیور زۆر قورس بوو.

ڕۆژانە زیاتر دەگریا و بەهانەی دەهێنانەوە. زۆر جار لێی تورە دەبووم و لێم دەدا. داهاتی دایکم, تەنها چەند دانە نان جۆ کە لە جێگەی پارە پێیان دەدا و هەندێ جاریش شیر و چا و قەند! لە ماوەیەکی کەمدا وەرزی زستان هات و زەوی بەرگی سپی پۆشی.

هیچمان جلی گەرممان نەبوو, بەڵام نا ئومێد نەبووین, چونکە خەڵکی گوند لە حاڵی ئێمە بێ خەبەر نەبوون, جلی کۆنەی منداڵەکانیان دەدا بە ئێمە.

بەهۆی ئەوەی جلەکان کۆن بوون, بەڵام کاتێك بۆیان دەناردین خەندە و خۆشی و پێکەنین لە ڕووخسارماندا بەدی دەکرا.

وەك ئەوەی دنیایان پێ دابین. ئەو جلە کۆنانەی منداڵانی گوند کە لەبەرمان دەکردن, نەمان دەتوانی بچینە دەرەوە لە ماڵ, چونکە منداڵەکان گاڵتەیان پێ دەکردین و دەیان گوت: ئەها ئەو جلانە هی ئێمەن. منداڵەکان مافی خۆیان بوو, چونکە ئەوان منداڵ بوون و نەیان دەزانی هەست و دڵشکان چییە بۆیە دەبووە هۆی سەرگەرمیی ئەوان.

بابە! سەد جار بەهۆی ئەو جلە کۆن و دڕاوانە هەستمان بریندار بووە لەلای منداڵ, گەنج, ژن و پیاو, تۆ چۆن دەتوانی برینداربوونی هەستمان قەرەبوو بکەیەوە؟ ئەو جلە کۆن و دڕاوانە هۆکاری زیندوو بوونی ئێمەن.

کە خەڵکی گوند, بە بێ منەتی بە ئێمەیان بەخشیون. بەڵام هیچ شتێك لە تۆوە بە ئێمە نەگەیشتبوو. بێجگە لە لەدایکبوونێکی خراپ, لەدایکبوونێکی نەفرەتئامێز بوو کە خۆمان نەفرەتمان لە بوونی خۆمان دەکرد.

کاتێك دەمدیت دایکم لەو ئاو و هەوا ساردەدا بە دەستی خۆی, ئەو سەهۆڵەی کانییان دەشکێنێ و بەو ئاوەی کە لێی دێتە دەر جلی خەڵکی لێدەشرد, گریانم دەهات و بە دیتنی چارەنووسی دایکم و منداڵەکانی فرمێسکی حەسرەتم دەڕشت. چونکە ئەو ژیانە شایستەی دایکم نەبوو.

ساڵێك لە ناخۆشترین حاڵدا تێپەڕی. ساڵێك کە هیچ کات فرمێسکەکانی دایکم وشك نەبوون. ساڵێك کە یەك شەویش من بە سکی تێر سەرم نەخستۆتە باوەشی دایکم. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو ناخۆشی و خراپانەدا هەر تێپەڕی. بابم هەتا بۆ جارێکیش سەردانی نەکردین. کاتێك بەڵایەکمان بەسەر دەهات, وەکو بێگانەیەك هەر چاویشی لێ نەدەکردین.

لەوانەیە بابم بە بوونی ئێمە شەرمەزار بێ , یاخوود بە کچبوونی ئێمە ! زۆر پرسیاری تر هەبوون لە مێشکمدا, بەڵام بێ وڵام بوون.

بەبێ ئەوەی کە دایکم بیەوێ یاخوود ئاگادار بێ, دوای یەك ساڵ, بابم دایکمی تەڵاق دا و بە تەواوی لە ژیانی ئێمە چۆ دەرێ.

ئاغاش بەڵێنی پێدابوو کە بە زوویی ژنی بۆ بێنێ. ڕۆژێك ڕوحانی گوند هاتە ماڵی ئێمە و هەندێ پارەی لە پێش دایکم دانا و گوتی: ئەو پارەیە کەسێکی نەناسیاو بۆئێوەی ناردووە و منی سوێند داوە کە هیچ شتێك لەبارەی ئەو بە ئێوە نەڵێم. دوای گفتوگۆکردنێکی زۆر و قسەکردن, ڕوحانی پارەی بەجێ هێشت و ڕۆیشت.

هێنانی ئەو پارەیە, ئەویش ساڵی سێ چوار جار, بەردەوام بوو و بەبێ ئەوەی کە بزانین چ کەسێك ئەو پارەیە دەنێرێ. ڕۆژێك کە دایکم هاتەوە ماڵ زۆر خۆشحاڵ بوو گوتی: کازیوە گیان! وەرە بزانە چ شتێکم بۆ هێناویت. ئەو هەستی بە کەم و کوڕیی و پێداویستی من کردبوو, بەڵام هەژاریی و نەداری هیچ کات فرسەتێکی ئاوای بە من نەداوە. من عاشقی دەرسخوێندن بووم, بەڵام هەتا توانای کڕینی قەڵەمێکم نەبوو چ جای ئەوەی کتێب و جلك بکڕم! ئەگەریش خەڵکی گوند هەندێ شتی پێداویستییان پێنەدابای دیار نەبوو کە چیمان بەسەر دێ, بیرم دێتەوە کە چەند جار لە پشت پەنجەرەی ئەو ژوورەی کە نێویان لێ نابوو پۆل دەچووم و هەر شتێك کە مامۆستاکە

باسی کردبا گوێم لێ دەگرت و دواتر لە ڕێگەی چوونەوە بۆ ماڵ دووبارەم دەکردەوە .

بەڵام ڕۆژێك مامۆستا گوێی گرتم و تاوانباری کردم بەوەی کە هەموو ڕۆژێك بۆ دزیکردن بۆ وێ دەڕۆم. تا ئەوە بوو ڕۆژێك یەکێك لە خەڵکی گوند نەیهێشت مامۆستا سەرزەنشتم بکات. ئەوی بۆ لایەك برد و کەمێك قسەی لەگەڵ کرد. مامۆستا زۆر دڵتەنگ بوو و داوای لێبووردنی کرد و گوتی: بڕۆ دڵنیابە ساڵی داهاتوو ناونووست دەکەم لە قوتابخانە, مامۆستا هیچ کات منی نەدیتبوو و نەناسیبوو. بەڵام ئەو ڕۆژەی کە لە ژیانم تێگەیشت, فرمێسکی بۆ ڕشتم و دەستی سۆزی بەسەردا هێنام.

چونکە ئەو مرۆڤێك بوو دڵێکی میهرەبانی هەبوو , ئەو بێگانە بوو , بەڵام بۆم گریا. لەکاتێکدا باوکم هیچ کاتێك ئەو کارەی بۆ ئێمە نەکردبوو. دایکم کۆمەڵێك کتێبی لەژێر جلی دەرهێناو گوتی: کچم ئەو کتێبانە هی ساڵی یەکەمن, ئەوانەم بۆ تۆ هێناون, لەوە بەدوا شەوانە نووسین و خوێندنەوەت فێر دەکەم. زۆر خۆشحاڵ بووم. زۆربەی کات بە هیوای پەیداکردنی کتێب و قەڵەم و وەرەقەی سپی , لە دەورووبەری قوتابخانە و لە سەللەی خۆڵ دەگەڕام .

کاتێك قەڵەمی بچووك و پەڕی سپیم دەدیتنەوە, خەریك دەبوو بفڕم لە خۆشییان. دایکم بە کۆکردنەوەی نۆك و ئیشکردن قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگ و پەڕی ڕەنگا و ڕەنگی بۆ دەکڕیم . لەو ڕۆژە بەدواوە دایکم لەگەڵ ئەوەی جلی خەڵکی دەشردن و خاوێنکردنەوەی ماڵی خەڵکی و ماڵی خۆمان و پارێزگاریکردن لە زریوە و زیور, شەوانە تا درەنگ فێری نووسین و خوێندنەوەی دەکردم.

ئەو وشانەی کە دایکم یەك دوو جار دەینوسین و دووبارەی دەکردنەوە, زۆر زوو فێریان دەبووم .

لەگەڵ دایکم بڕیارماندا بە هاتنی بەهار هەردووکمان ئیش بکەین, تاکو من بتوانم جانتاو کتێب و جلك بکڕم و بۆ قوتابخانە بچم.

بە هاتنی وەرزی کار, کۆمەڵێك لە پیر و گەنج, ژن و پیاو و هەتا منداڵانیش کە باری دارایی ماڵیان باش نەبوو, بۆ سەر زەوی ئاغا دەڕۆیشتن و ئیشیان دەکرد و لە بەرانبەر ئیشەکەدا حەقدەستێکی کەمیان وەردەگرت. دایکم منی بە سەرکارگەر سپارد تا لەگەڵ خۆی بمبات. پیاوان بە داس گەنمیان دەدروویەوە و ژن و منداڵانیش کۆیان دەکردەوە سەریەك .

ماوەیەك ئەو گەنمە ئاوا دەمایەوە تا وشك ببێت و دواتر بە یارمەتیی چەند گامێشێکی گەورە کە دوو دوو لێك دەبەستران , بەسەر

ئەو گەنمە دەكەوتن تا دەنكە گەنمەكان لێك جیا ببنەوە لە پووش و پەڵاشەكە, كە ئەوە گێرەكردنی پێ دەگوترێت .

لەو كاتەدا و لەو هەوا گەرمەدا ئیش هێزێكی زۆری دەویست, چونكە بۆ ئاغا بوو و لە برسان و لە ناچارییان بوو, زۆر قورستر ببوو. ئاغا هەموو سەرە هەفتەیەك دەهات بۆ كێڵگەكەی و خەڵكی ڕیز دەكرد و حەقدەستەكەی دەدانێ. كاتێك بۆ یەكەم جار ناوی منیان هێنا تا بچم حەقدەستەكەم وەرگرم, بە تەواوی ترسا بووم.

ناوچاوانی ئاغا مۆن و مرچ و ترسناك بوو, ئەوە عادەتی ئاغاكان بوو, كاتێك پارەیان دەدا بە كرێكاران, نیوەگیان دەبوون. چاوێكی لەمن كرد و بە دەنگی بەرز هاواری كرد و بانگی سەركارگەری كرد و گوتی : مەگەر ئەو منداڵە دەتوانێ كار بكات؟! هەرچی منداڵی گوند هەیە كۆیان بكەوە و بیان هێنە تا پارەیان بدەمێ.

چونكە خەریكم پارەی خەلیفە دەبەخشمەوە. سەركارگەری پیر گوتی: ئاغا ڕاستە منداڵە, بەڵام زۆر بە باشی ئیش دەكات و ئەوە كچی عەبدولخالقە. ئاغا ڕاستەوخۆ لە جێیەكەی هەستا و زۆر ترسام چەند هەنگاوێك چوومە دواوە و پێم وابوو كە لێم دەدات.

بەڵام كەمێك میهرەبانتر چاوی لێ كردم و گوتی: وەرە ئەوە حەقدەستەكەت, بەڵام ئیتر لێرە ئیش مەكە. زۆر ناڕەحەت بووم و

دەستم بە گریان کرد, بەڵام سەرکارگەری پیر دڵی دامەوە و گوتی: مەگریە بۆ خۆم قسە لەگەڵ ئاغا دەکەم. ئاغا ڕازی بوو و دووبارە چوومەوە سەر ئیش. ڕۆژێك کاتێك سەرقاڵی خڕکرنەوەی گەنم بووم, بابم هات. بەهۆی ئەوەی نەفرەتم لە بابم دەکرد و لێی دەترسام, لە لایەکی دیکەش شەرمەزار بووم.

خۆم لەپشت ژنەکان گرت تا نەمبینێ, بەڵام دوای ماوەیەك چاوی کەوتە سەرم . وا دەهاتە بەرچاو کە زۆر تێك چووبێ. تا ماوەیەك چاوم لە چاوانی کرد و سەیری یەکتریمان دەکرد. بۆ ساتێك بە بیرمداهات کە لەوانەیە لەلای خەڵك ئەو بابم بێ, بەڵام لەلای من بێگانەیەکی تەواویش نەبوو.

گەنمەکانم هەڵگرت و لە بابم دوور کەوتمەوە. سەرم لە کاری خودا سوڕمابوو, لەلایەك دایکێکم هەبوو, کە وەك فریشتە وابوو و لەبەر خاتری کچەکانی ئەو هەموو ڕەنج و عەزابە دەکێشێ و لەلایەکی دیکەوە بابێکی پێ دابووین, کە لە دیتنی منداڵەکانی خۆی شەرمەزار بوو.

لەگەڵ دایکم بڕیارمان دا لە نزیك گوند خانوویەکی بچووك دروست بکەین.

بەهۆی ئەوەی کە ئامۆژنم دوای تەڵاقدانی دایکم ناڕازی بوو لەوەی کە ئێمە لە ژێرزەممینی ئەواندا بین, بە زەحمەتێکی زۆری دایکم و کەمێك مامم و خەڵکی گوند, توانیمان تەنها ژوورێك دروست بکەین. ماڵی تازەمان ئیتر دڵۆپەی نەدەکرد و ئەوە تەنها دڵگەرمی ئێمە بوو.

کە لە دڵۆپی باران پارێزراو بین. مامم بەڵێنی دا کە لەگەڵ بوونەوەی قوتابخانە من دەبات بۆ قوتابخانە. بەڵام چەند ڕۆژێك تێپەڕی و مامم نەهات.

ئامۆژنم وای کردبوو کە چۆن بابم ئێمەی تەنها جێهێشت مامیشم ئاوا ئێمە بەجێ بهێڵێ .

ڕۆژێك  هەمان مامۆستا هاتە ماڵمان. هەمان ئەو کەسەی کە ڕۆژێك منی بە تۆمەتی دزی تاوانبار کردبوو. ئەو قەڵەم و دەفتەر و کتێبی بۆ هێنابووم و گوتی: سبەی وەرە قوتابخانە. زۆر خۆشحاڵ بووم بەوەی کە گەیشتوومەتە تەمەنی نۆ ساڵی, بەڵام بەهۆی ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە, ئەو شەوە خەوم لێ نەکەوت و ئومێدەوارانە چاوەڕوانی هاتنی بەیانی بووم.

جلەکانم بەو شێوەیە نەبوو و پێڵاوەکانیش دڕا بوون. بە دڵتەنگییەوە سەیرێکی جلەکانم کرد, بەڵام بەسەر خۆم نەهێنا, تاکو

دایکم نارەحەت نەکەم , هەرچەندە دایکیشم هەستی پێ کردبوو. بۆ چوون بۆ قوتابخانە هەم خۆشحاڵ بووم و هەم دەشترسام.

خۆشحاڵبووم لەوەی کە ئاخیرەکەی دەچم بۆ قوتابخانە و تاکە ئاواتم دێتە دی, ترسیش لەوەی کە منداڵان بە دیتنم بەو سەر و شێوەیە پێم پێ دەکەنن . ئەو شتەی کە لێی دەترسام زوو هاتەدی. چونکە منداڵان بە دیتنی ئەو جلە کۆنانە و ئەو جانتایەی کە دایکم لە تەلیس بۆی درووست کردبووم پێ دەکەنین.

ڕۆژانە دایکم زیوری لەپشت خۆی دەبەست و لەگەڵ خۆی بۆ ماڵی سەید ڕەحیمی دەبرد و زریوەشی بە ماڵە دراوسێکان دەسپارد تا من لە قوتابخانە دەگەڕامەوە.

هەواڵی هاوسەرگیریی بابم, دووبارە هەموومانی تووشی شۆك کرد. دوای عەسر, کاتێك دایکم بە ماندوویێتی و هیلاکییەوە گەڕایەوە, ژنی دراوسێکەمان, هاتە لای و گوتی : بیستت هەفتەی داهاتوو هاوسەرگیریی عەبدولخالقە؟ بە هاتنی ناوی عەبدولخالق قورگی دایکم گیراو دەستی کرد بە گریان. فرمێسکە گەشەکانی ڕوومەتە جوانەکانی شردنەوە. بەبێ هیچ هەڵس و کەوتێك لەسەر سەکۆکە دانیشت.

ڕاستەوخۆ هەندێك قسەم بەو ژنەی جیرانمان ( کە ئەو هەواڵە ناخۆشەی بۆ هێنابوو ) گوت و دەستەکانی دایکمم گرتن. ئەو شەوە تا درەنگ گریا.

دایکم پەشیمان بوو لەوەی کە لە تەواوی تەمەنیدا یەك جار عاشق بووبوو و بەهۆی ئەوەی کە باشترین ساڵەکانی تەمەنی لەگەڵ بابم بەڕێ کردبوو, ناڕەحەت بوو , لە کاتێکدا کە ئێستا پەشیمانی سوودێکی نییە. بابم لەگەڵ یەکێك لە خزمەتکارەکانی ئاغایەك, کە کەسی نەبوو, هاوسەرگیریی کرد. ئەو کچەی کە ئاغایەکی دیکە لە جێی پارە لە بابی وەرگرتبوو. بە ناونیشانی هەدیە پێشکەشی ئاغای گوندی ئێمەی کردبوو. ئاغا ژیانێکی باشی بۆ عەبدولخالق و ژنەکەی ڕێکخستبوو.

ئەو دڵنیا بوو لەوەی کە عەبدولخالق ناتوانێ وەك چۆن خیانەتی لە سمایلاغا کردبوو , لەوی بکات. چونکە کچی نەبوو. بەهەر حاڵ عەبدولخالق ئەوەندە بەهێز و لێهاتوو بوو کە زۆرینەی ئاغاکان ئارەزووی ئەوەیان دەکرد کە پیاوێکی لەو شێوەیەیان هەبێت.

ساڵی یەکەمم بە سەرکەوتوویی بەسەر برد. ناچار بووم کە لە کۆمەڵە مرۆڤێکی زۆر ببوورم. ئەو مرۆڤانەی کە چەندەها جار گاڵتەیان پێ کردووم.

هەروەها بە پێکەنینەکانیان منییان خستۆتە گریان. بەهەرحاڵ ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هاوسەری تازەی بابم زۆر میهرەبان و لەسەر خۆ بوو. واتا: دایکم کچی ئاغا بوو ,بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو کچە هەژار بوو. بە ئاسانی لەگەڵ دەرد و غەم و کێشەی هەژاران ئاشنا بووبوو و خەمەکانی ئەوانی بە تەواوی دەزانین.

هەروەها بە هاوسەرگیریکردن لەگەڵ عەبدولخالق لەوانەیە بە زۆرێك لە ئاواتەکانی گەیشتبا . بەڵام وا دیاربوو کە بەدبەختی و نا ئومێدی تەنها بۆ هەژاران بوو. وەکو دەیان گوت: ئەو ژنە میهرەبان و لەسەرخۆیە لە ماڵی ئاغادا گەیشتبووە ڕاددەیەك کە سواڵ بکات. بووبووە یەکێك لە سەرپەرشتی خزمەتکارانی ئاغا .

ئەو ئافرەتە دڵپاکە, زۆرێك لە ڕۆژان بە دزی عەبدولخالق و ئاغا سەردانی ئێمەی دەکرد. هەر شتێك کە پێویستمان پیّ با ئەو بۆی دەهێنایین. تا ئەوەبوو ڕۆژێك دایکم ناڕازی بوو و گوتی: جەمیلە ئەگەر کەسێك بزانێت تۆ دەکەوییە کێشەوە. بەڵام جەمیلە جوابی دایەوە و گوتی: کە ئەوە حەقی تۆ و منداڵەکانە, هەر شتێك کە لە ماڵێدا هەمبیّ, سوێند بە خودا بەتەنها لەبەری ناکەم و نایخۆم.

جەمیلە دوای ماوەیەکی کەم لە هاوسەرگیریی لەگەڵ عەبدولخالق, دووگیان بوو, وە نیشانەکانی دوو گیانی لەسەر دەرکەوتن. جەمیلە

لەلای دایکم دانیشت و دەستی کرد بە گریان و گوتی: زۆر لەوە دەترسم کە منداڵی منیش کچ بێ و چارەنووسم هاوشێوەی چارەنووسی تۆ بێ. ئەو کات شوێن و پلە و پایەکەم لەدەست دەدەم.

بەهۆی ئەوەی کە جەمیلە هەوێی دایکم بوو, بەڵام بەهۆی سادەیی و دڵە میهرەبانەکەیەوە خۆشی دەویست. دایکم هەموو کات دڵخۆشی جەمیلەی دەدایەوە و دووعای بۆ دەکرد کە خودا کوڕێکیان پێ ببەخشێ. زۆر جار گوێم لەو دووعایانە دەبوو, کە دایکم لەسەر بەرماڵ بۆ جەمیلەی دەکرد. هەتا ئەو فرمێسکانەی کە بۆ ئەوی دەڕشتن, دەمدیتن.

بەڵام هیچ کات گوێم لێ نەبووە, کە دایکم دووعایەکی خراپ لە بابم بکات. هەر بەهۆی ئەوەبوو کە زیاتر هەستم بە مرۆڤایەتی ئەو کرد. لە کاتێکدا کە بابم هۆکاری تەواوی بەدبەختییەکانی ئەو بوو.

هیچ کات قسەی ناخۆشی بە عەبدولخالق نەگوتووە. داوای لە خوا دەکرد کە کوڕی پێ بدات. بۆ ئەوەی تاکە عەشقی سووتاوی ئەو بەدی بێ. ئەوڕۆ تێگەیشتم کە ڕاستیان گوتووە: دایك ناوەندی سۆزە.

دایکە گیان ! چەند شەو هەبووە کە تا درەنگ نەنووستووی, بۆ زریوە و زیور لای لایەت کردووە و چ شەوانی دلگیر و بێ ڕەحم کە تا

درەنگانی شەو لە ڕووناکیی فانۆسدا نووسین و خوێندنەوەت فێر کردووم.

ئەو بەیانییە زووانەی کە لەخەو هەڵدەستای و بۆ دابینکردنی پێداویستی ڕۆژانە و گەورەکردنی کچەکانت, لە ماڵی هەر ناپیاوێك کارت کردووە. ئەو دەستە ناسکانەی کە لە ماڵی بابتدا تەنها قەڵەم ڕەنگت پێ گرتوون, بەڵام ئەوڕۆ سەهۆڵی ئاو دەشکێنن و جلی خەڵك دەشۆن.

ئەی ئەو خواردنە بەتام و خۆشانەی کە لە ماڵی بابتدا دەتخواردن, بەڵام ئێستا بە نانی جۆ, ئەویش کە لەبەر منداڵەکان ماوەتەوە, شەوت پێ کردۆتە ڕۆژ.

ئەو دۆشەکە نەرمانەی کە گاڵتە و گەپت لەسەر دەکردن و لەسەریان دەنووستی و خەونی شیرینت لەسەر دەدیتن, بەڵام ئەوڕۆ لەسەر ڕایەخی ڕەق و سارد شەوت ڕۆژ کردۆتەوە.

چەندە بەسەر بەرزی و بە شانازییەوە بە ڕێگەدا دەڕۆیشتی, بەڵام ئەمرۆ مەجبووری بەسەرشۆڕی ماڵی خەڵکی خاوێن بکەیەوە. خۆڕاگرتن لەسەر ئەو کارە قورسە تەنها و تەنها ئیشی دایکم بوو. خۆشبەختیی جەمیلە کە بەختێکی باشتری لە دایکم نەبوو, زۆر زوو کۆتایی پێ هات.

دوای ساڵێك پێکەوەبوون لەگەڵ عەبدولخالقدا منداڵێکیان هاتە سەر دنیا کە کچ بوو. هەر وەك چاوەڕێی دەکرد , جەمیلەیان لە ماڵی عەبدولخالق دەرکرد .

جەمیلە بە دڵێکی پڕ لە غەم و چاوی بە فرمێسکەوە بەرەو ماڵی مەلای گوند چوو. هەفتەیەك لەوێ دەمێنێتەوە و دواتر منداڵەکەی بە مەلا دەدات و دەڵێ: ئەگەر عەبدولخالق منداڵەکەی ناوێ, منیش نامەوێت. مەلا منداڵە هەشت ڕۆژەکەی بۆ ئاغای گوند دەبات.

بەڵام ئاغا هەڕەشەی لێ دەکات. کە ئەگەر تا شەو جەمیلە منداڵەکەی وەرنەگرێتەوە , ئەوی دەکاتە خواردنی سەگەکان .جەمیلە ئیتر کە کچ نییە, منداڵێکیش کە شیری لە مەمکی خواردبوو, وە ببووە دایك. شێتانە بۆ ماڵی ئاغا دەڕوات و منداڵەکە وەردەگرێتەوە.

ئەو هەواڵانە دڵی برینداری دایکمی زیاتر شکاند. دایکم بۆ یەکەم جار لەسەر بەڕماڵ گلەیی لەخوا کرد. کە بۆچی دەبێ جەمیلەش هەمان چارەنووسی ئەوی هەبێت.

دایکم گوتی: کازیوە گیان, جەمیلە و منداڵەکەی هیچ شوێنێکیان نییە بۆی بچن, تاکو دێنەوە سەر خۆیان دەیان هێنمە ماڵی خۆمان.

کاتێك دەمدیت دایکێکی بەو دڵ گەورەییەم هەیە, باڵم دەگرتن لە خۆشییان. ئەوەندە شانازیم بە دایکمەوە دەکرد و ئەوەندە خۆشم دەویست کە هەستی خۆشەویستیی بەرانبەر بابمم لەبیر کردبوو .

فەقیری و نەبوونیم لەیاد کردبوون , ئیتر بۆ بێکەسیی خۆم فرمێسکم نەڕشت, چونکە داکێکم هەبوو بە گەورەییی ئۆقیانووسەکان. پشتگیریم لە قسەکەی دایکم کرد و جەمیلە و منداڵەکەیمان بۆ ماڵی خۆمان هێنا. ئەگەر چی جەمیلە بێگانە و یان بە قسەی خەڵکی گوند هەوێی دایکم بوو, بەڵام بەهەرحاڵ منداڵەکەی خوشکی ئێمە بوو. خانووی فەقیر و تاریکی ئێمە بە هاتنی جەمیلە و کچەکەی بوو بە کۆشکی شاهانە.

هاتنی ئەوان بووە هۆی ئەوەی نیعمەتێکی زۆرمان بەسەردا بباریێ. ئەو کارەی دایکم هەموو خەڵکی تووشی شۆك کرد. مرۆڤایەتی و گەورەیی و پیاوەتی و حەیا و شەڕەفی دایکم لە گوند دەنگی دایەوە.

ژنێك کە هیچی لە کاسەدا نەبوو تا زگی سێ منداڵەکەی پێ تێر بکات, ئەورۆ دەستی دوو کەسی دیکەشی گرتووە و هێناونیە سەر ئەو سفرە فەقیرانەیە. ئەگەر لەو ڕۆژگارە سەختەدا مرۆڤایەتی مردبێت, بەو کارەی دایکم مرۆڤایەتی زیندوو بۆوە. دایکم بە دەستی بەتاڵەوە بەو خەڵکەی سەلماند کە دنیا ڕۆژگارە و سەرمایەداران و هەژاران

هەردووکیان مرۆڤن و سەرەنجامی هەمووان هەر ئەو قەبرە تەنگ و تاریکەیە و مەترێك کفن و بەس.

ئەو بە خەڵکی سەلماند کە ئەگەر کەسێك سفرەکەی بەتاڵ بێ و یان لەقەبەکەی هەژارانە بێ و یاخود لە جنسی ئافرەت بێ, ئەوە خودا پێی داوە و دەبێ پێی شوکر بێ.

خەڵکی گوند بە سەرمایەدار و هەژارەوە هەموویان بە ناردنی پارە و جلك و خواردن و هەتا مەڕ و گەنم دەستخۆشییان لە دایکم کرد. ئیتر خەڵك شەرمیان دەکرد کە دایکم لە ماڵی ئەواندا ئیش بکات.

بە هەمان ئەندازە کە دایکم لەناو خەڵك گەورەو گەورەتر دەبوو, بابم بچووکتر دەبۆوە. بەهەمان شێوە کە دایکم لە ڕووی دەروونیەوە گەشەی دەکرد و بەهێز دەبوو, بە پێچەوانەوە, بابم لاوازتر و بێ ئومێدتر دەبوو. لەو ڕۆژە بەدوواوە دایکم ئیشی لە ماڵی کەسدا نەکرد.

چونکە چەند سەر مەڕ و بزنی هەبوو و لەگەڵ خواردنێکی زۆر و چەند تەلیس گەنم. دایکم بڕیاری دا کە مەڕەکان ڕاگرێ و بەوان[1] ژیان بەسەر ببات.

دایکم وەکو پیاوان ڕۆژانە چاودێریی مەڕەکانی دەکرد و سوودی لە شیر و پێستەکەیان وەردەگرت. جەمیلەش لە ماڵ چاودێریی

[1] وان : ئەوان, مەبەست لێرەدا, مەڕەکانن .

منداڵەکانی دەکرد. منیش ئاسودەتر لە ڕابردوو دەرسەکانی خۆم بەباشی دەخوێند. ئیتر وەکو ڕابردوو سەر شۆڕ و خەجاڵەت نەبووم. ئەوجارە بە جلی نوێ بۆ قوتابخانە دەچووم. یارمەتییەکانی خەڵکی گوندیش هیچ کات نەدەپچڕان.

هەتا ئەو پارەیەی کە ڕووحانی لە کابرا نەناسراوەکەوە دەیهێنا, دوو بەرابەر زیادی کرد.

ئیتر سفرەی بەیانیانمان تەنها دوو نان جۆ و ئاوی گەرم و جار جارەش دوو کلۆ قەندی پیس نەبوو. بەڵکو نان گەنم و شیر و پەنیر و کەرە بوو.

ئیتر ئارەزووی خواردنی برینج هاتە سەرمەوە. لەبیرمە کە چەند ساڵ بوو برینجمان نەخواردبوو. تەنها ڕۆژانی جەژن خەڵکی گوند برنجیان لێ دەنا و بۆنەکەی هەموو لایەکی دەگرتەوە. بەڵام ئێمە بە ڕاددەیەك لە ڕووی ماددییەوە لاواز بووین کە وەك هەندێ خەڵکی گوند نەمان دەتوانی بۆ ڕۆژی جەژنیش برنج بخۆین.

لەبیرمە: چەند جار بۆی گریاوم و تەنها ڕێی گەیشتن بە بۆنەکەشی ئەوەبوو کە دەچوومە پشت ماڵی جیرانەکەمان, تاکو بۆنی بکەم. ڕەمەزان خەریك بوو دەگەیشت . نزیکی ڕۆژئاوابوون بوو سوورایی

ئاسمانی گرتبوو. پیر و گەنج, ژن و پیاو دەستە دەستە ئامادە بوون بۆ پێشوازیکردن لە مانگی ڕەمەزان و دیتنی.

بۆ ئەوەی لە نیعمەت و فەزڵی ئەو بێبەش نەبن. هەموو نیگاکان بۆ لای ڕۆژئاوابوون بوون.

هەموو بە شادییەوە سەیری مانگی تازەیان دەکرد و منداڵانیش ڕەنگێکی جوانیان بە سروشتەکە بەخشیبوو. ئیتر ڕۆژگاری قورس , ساڵانی یادگارییە ناخۆشەکانی ڕەمەزان بە کۆتا دەگەیشتن.

بە پێچەوانەی ڕابردوو, کە بە هاتنی مانگی ڕەمەزان دەکەوتینە ترس و لەرزەوە. زۆر خۆشحاڵ بووین, بەڵام هەر چۆنێك بیّ, ماوەیەك کەوتمە یادی ڕەمەزانی ڕابردوو . جارێك کە دایکم بۆ پارشێو خەبەری نەکردبوومەوە و بۆخۆی  بە تەنها بەڕۆژوو بوو.

بەیانی ڕەخنەم لیّ گرت و پێم گوت: بۆچی بەخەبەرت نەهێناوم ؟ لە کاتێکدا کە فرمێسکەکانی وەکو مرواری , کە لە چاوە جوانەکانی ئەو بێگانە نەبوون, دەهاتنە خوار, گوتی: کچم**!** هیچ شتێکمان لە ماڵدا نەبوو, کە پارشێو بیخۆین. دڵم نەهات کە بەبیّ پارشێو بەڕۆژوو بی. کاتێك بووە بەربانگ, کەمێك نانی وشك و پەنیری بۆگەنیو ( کە بۆنەکەی دەچووە سەری کۆڵان ), لەسەر سفرە دانرابوو. خواردن بەشێوەیەك کەم بوو, کە ئەوجار من دڵم نەهات نان بخۆم.

تا بەشی دایکم بکات کە بەبێ پارشێو بەڕۆژوو بوو . بەقەستی خۆم تێر کرد و گوتم: برسی نیمە و ناتوانم هیچ بخۆم. لە کاتێکدا تەنها خوا دەیزانی چەندە برسی بووم . ئەو شەوە درێژییەکەی بوو بە ساڵێك.

ئەوەندە برسی بووم کە تاکو نزیکی بەیانی لە جێدا خەوم لێ نەدەکەوت. هەوڵمدا بە چوونە ناو خەیاڵم کەمێك برسێتیم لەبیر ببەمەوە. بەڵام ئەو ڕەمەزانەش وەکو رەمەزانە قورسەکانی ڕابردوو تێپەڕی. بەبێ ترس و نەبوونی خواردن, خۆم بەهێز کرد و بە دڵێکی پاکەوە تەواوی ڕەمەزانەکە بەڕۆژوو بووم.

بە هاتنی جەژنی ڕەمەزان حەزی خواردنی برنج کەوتە سەرمەوە و دایکم بە دوو کیلۆ ( کە لە بەرانبەر یەك تەلیس گەنم ) کڕیبووی.

تا دڵمان ویستی برنجەشلەی پێ داین. بەوەی کە ئێمە باری داراییمان باشتر ببوو, بەڵام هێشتاش غەم و پەژارە لە دڵی دایکمدا هات و چۆی دەکرد.

جار جار بە ڕشتنی فرمێسکە بێ کۆتاکانی, دڵی ئارامی دەگرت. دایکم حەقی بوو نیگەران بێ. ئەو نیگەرانی شەش ئافرەت بوو کە دەبوو تا کۆتایی ژیانیان بێ سەرپەرشت و بێ پیاو, ژیان بەسەر ببەن.

ئەو خەمی ئێمەی بوو. خەڵکی وا هەبوو کە وەکو گورگی برسی چاوەڕێی خواردن بوون و, دەوری کچەکانی و جەمیلەو حەتا خۆشیان دەدا. کچەکانی کە لەهەر کاتێکدا بۆی هەبوو بکەونە دەست ئەو گورگانە. بەڵام هەموو ئەو شەش ئافرەتە بەبێ سەپەرشت و بێ ناز گەورە ببوون.

دایکم هەموو کات خەنجەرێکی بچووکی لەکەلەکە دەبەست . ئەو خەنجەرەی کە کاتێك بەدەستیەوە دەگرت, ئاهی بۆ هەڵ دەکێشا و دەیگوت: ئەو خەنجەرە تەنها یادگارییە کە لەماڵی بابمەوە بۆخۆم هێناومە.

هەروەها بابی (باپیرەم) ئەوەی زۆر خۆش دەویست. ئەو خەنجەرە بچووکە, تەنها چەك بوو بۆ پارێزگاریکردن لە ئێمە. کە هیچ کات لەخۆی دووری نەدەخستەوە . لەوانەیە بە فکری ئێمە ڕۆژانی قورس و ناخۆش بە سکی برسی تێپەڕی کردبێ, بەڵام بە فکری دایکم چاوەڕێی ڕۆژی ناخۆشتریش بووین. ئەو ڕۆژە قورسانە جار جار دایکم بە ئامۆژگاریکردن بەڕێی دەکردن.

من توانیم پۆلی شەش بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنم . وە مەنیجەش پۆلی سێیەمی تەواو کرد. حەزم لێبوو بۆ بەردەوام بوون لە خوێندن بچم بۆ شار.

بەڵام نە پارەم بەو شێوەیە هەبوو و نە هیچ کات شارم دیتبوو. بەڵام دایکم گوتی: کچم ئەگەر حەز دەکەی بەردەوام بی لە خوێندن, دەتوانی بچی بۆ شار. من کەسێك لە شار دەناسم کە دەتوانێ یارمەتیمان بدات.

بەڵام ئێستا نازانم ئەو لە ژیاندا ماوە یان نا؟ دایکم هونەرمەندێك بوو کە عەشقی ڕابردووی توانای ئەو هوونەرەی لێ سەندبوو. ئەو تابلۆیانەی کە ئەو دروستی دەکردن زۆر جوان و سادە بوون.

زۆر جار خۆی مەژغوڵی تابلۆدروستکردن دەکرد. دەرد و غەمە بێ کۆتاکانی بە تابلۆ دروستکردن دەردەبڕی. ئەو وەرەقە سپیانە چاوەڕێی ئەوە بوون کە دایکم وێنەیان لەسەر بکێشێ.

ئەو, وێنەی ئێمەی بە جوانترین شێوە کێشابوو. هەمان ڕۆژ وێنەی ئەو ژنەی دروست کردەوە و گوتی: کچم, خاوەنی ئەم وێنەیە دەتوانێ یارمەتیت بدات.

گوتم: ئەوە کێیە دایکە؟ گوتی: ئەو وێنەیە سوڕەییایە و تۆ دەبێ ئەو لە شار بدۆزیەوە, دڵنیابە یارمەتیت دەدات. هەرچەندە دەزانم دۆزینەوەی قورسە. هەموو کات لە ڕاستییەك دەترسام کە دەیان گوت: بەختی کچ هاوشێوەی دایکە. لەوە دەترسام بەختی ڕەشی دایکم بە منیش بگات. چەند شەو و ڕۆژ بیرم لەو پێشنیارەی دایکم

کردەوە کە بۆ بەردەوامبوون لە خوێندن بچم بۆ شار یان نا؟ شارێك کە لە فکرمدا وەك دێو وابوو. هیچ کات ئەوێم نەدیتبوو و خەڵکەکەیم نەدەناسین.

بەڵام بۆ بەدیهاتنی ئاواتەکانی دایکم , ڕێگەچارە تەنها خوێندن بوو. بەڵام دەتگوت چارەنووسی من بۆ شوێنێکی دیکە نووسراوە. لە گونددا هیچ پێداویستییەك نەبوو تا بتوانم ڕۆژە قورسەکانی دایکم قەرەبوو بکەمەوە. بەهۆی ئەوەی کە چەند ساڵێك بوو دایکم لەماڵی بابی ڕایکردبوو, بەڵام هێشتاش لە دار و دەستەی بابی دەترسا و هیچ کات توانای ئەوەی نەبوو بچێت بۆ شار.

ویستی بەتەنها من ڕەوانەی شار بکات. لە کاتێکدا کە لەگەڵ دایکم لە بیری چوون بۆ شار دابووین, ڕووداوێکی سەیر ڕووی دا. ڕووداوێك کە تەواوی ئاواتەکانی لێ سەندم و بووە هۆی ئەوەی بۆ چەند ساڵ لە دایکم دوور بم و بۆ چەند ساڵ چاوەکانمان بە فرمێسك بن. ڕووداوێك کە فێری کردم غەم و خەفەت و دەردی قورستریش لە برسێتی و بێ بابی لە دنیادا هەیە.

ڕووداوێك کە دەورانی منداڵی لێ دزیم و نەیهێشت من لە جوانترین کاتەکانی ژیانمدا بیر لە ئاواتەکانم بکەمەوە. ئەو ڕووداوە بەو هۆیەی بابم هۆکارێك بوو تێیدا, بووە هۆی زیاتر ئەشکەنجەدانی ئێمە.

شەوێك بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و چاوەڕوان نەکراو بابم لەگەڵ ئاغا هاتن بۆ ماڵمان. دایکم بە دیتنی بابم ئەوەندە خۆشحاڵ بوو کە نەیتوانی ڕووخساری بشارێتەوە. بەڵام بێ خەبەر لەوەی کە هاتنی بابم ( ئەویش دوای چەند ساڵ ), بۆ تیماری دەردەکانمان نەبوو.

دوای چەند ساتێك لە قسەکردن لەسەر هاتنی بابم , کە پێمان وابوو دەمان گێڕێتەوە بۆ ماڵ" دایکم ئەوانی بانگهێشتی ژوورەوە کرد و داوای لێ کردم کە چا بۆ میوانە ئازیزەکان بێنم.

کاتێك چام لە پێش ئاغا دانا , ڕووی لە دایکم کرد و گوتی : بۆ کارێکی خێر هاتووین. لە خۆشییان حەزم دەکرد پر بە دەنگم هاوار بکەم و بابم لە باوەش بگرم. بە خۆمم گوت: حەتمین بابم دەیەوێ دیسان دایکم مارە بکاتەوە. بەڵام هەموو شتەکان پێچەوانەی بیری من بوون.

ئەو شەوە دەبوو یەکێك ببێتە قوربانی, بێ خەبەر لەوەی کە ئەو قوربانییە منم نەك دایکم.

بابم قسەی ئاغای بڕی و گوتی : ئەوانە منداڵانی منن , کەواتا منیش حەقی ئەوەم هەیە بیان گەڕێنمەوە . دوای دوو هەفتە کازیوە ئامادە بکە بۆ ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری . پێشکەشی کوڕە گەورەی عەباس ئاغام کردووە . ئاغا گوتی : کازیوە دەبێتە هاوسەری کوڕی من ,

منیش ئەركی ئێوە دەخەمە ئەستۆی خۆم و تۆو جەمیلەش هیچیكە پێویست ناكا كار بكەن .

بەهەمان شێوە كە پشتم بە دیوار دابوو , لە جێی خۆم ڕەق بووم . هێزی ئەوەم نەبوو خۆم لە دیوارەكە بكەمەوە و لەوانەشە ئەگەر توانیبام , جورئەتی ئەوەم نەدەكرد لێی جیا ببمەوە . چونكە ئەو دیوارە گڵە, شتێكی باش بوو تا من پشتی پێ ببەستم .

دەتگوت لە خەوندا بووم , خەونێكی ناخۆش كە ئارەزووی ئەوەم هەبوو, هەرچی زوویە تەواو بێت, بەڵام خۆزگە تەنها خەون دەبوو. دەنگی گریان و زاریی دایكم و پاڕانەوە لە ئاغا منی بە ئاگا هێنایەوە. بەڵام كار لە كار ترازا بوو. نەفەرێك چوو مەلای هێنا.

بە هەمان شێوە كە دایكم كەوتبووە دەستی ئاغا و لێی دەپاڕایەوە كە ڕەحم بە كچەكەی بكات, منیش كەوتمە دەست و پێی بابم.

بەڵام هاوارەكانی ئەو شەوە فریامان نەكەوت. هەموو شتێك لە چاوتروكانێكدا تەواو بوو . ڕووداوەكە ڕووی دا و منیان لە عەباس ئاغای 45 ساڵ مارەكرد. كە دوو ژنی دیكەشی هەبوو. بابم فرسەتی 10 ڕۆژی بە ئێمە دا تا ئامادە بم. شەو و ڕۆژ دەگریاین و بۆ بەختی ڕەشمان فرمێسكمان دەڕشت. چەندین جار بڕیارماندا ڕابكەین" بەڵام ماڵی ئێمە لە هەر چوار دەورەوە بە پیاوانی ئاغا گرابوو.

هەتا لە ماڵیشدا توانای هەناسەدانمان نەبوو. زۆر جار دەمگوت: دایکم حەقیەتی کە تووشی ئەو هەموو دەرد و غەم و پەژارە بووە, چونکە بۆخۆی ئەو ڕێیەی هەڵبژاردووە. بەڵام خەتای من چی بوو؟ لەوانەیە هۆکاری ئەوەبێ کە من لەو دایك و بابەم, بەڵام دیسان ئەوە خەتای منی تێدا نییە, بەڵکو خەتای دایك و بابم بوو کە بۆچی منیان هێنایە سەری دنیا.

ئەی ڕۆژگار! بۆچی بەزەییت بە گەنجیمدا نەهاتەوە. هێشتاش تەمەنم ئەوەندە بچووکە کە درکی ئەو باسە زۆر بۆ من قورسە. شەو و ڕۆژ بەقەدەر ساڵیان لیَ هاتبوو, ئەوەندە درێژ بوون.

دەتگوت ئەوانیش دەیانەویَ کەمێك یارمەتیم بدەن. بەڵام ئاخیرەکەی تەمەنی ئەوانیش وەکو گەنجیی من بە کۆتا هات. ئاغا دوو ڕۆژ ئاهەنگ و خۆشی گێڕا. بەڵام من خۆم بە زیندوو دا نەدەنا. زیاتر وەکو مردوو بووم .

چەند جار داوام لە بابم کرد کە ڕۆژی هاوسەرگیری بە ناونیشانی باوك لە تەنیشتم بێت. بەڵام بابم لە گوند هەر نەبوو. دەیانگوت: چۆتە دەوام, یان هەر جارەو قسەیەکیان دەکرد.

ئەو ڕۆژەش گەیشت. جلی جوان و گرانبەهایان لەبەر کردم. وە تارایەکی سوری بووکێنیشیان بەسەر دادام. دەنگی چەپڵە و هەلهەلەی

ژنان دەستی پێ کرد. منیان سواری ئەسپ کرد. تەواوی خەڵکی گوند بە دیتنی من بەو جلانەوە سەریان سوڕ مابوو, وە دەستیان بە دەمیانەوە گرتبوو. لە کاتێکدا کە نەیان دەزانی کە من بۆ غەریبی و بەدبەختی ڕێ دەکەم.

ئەو ڕۆژە نا موبارەکە و شەوە غەمناکە گەیشتن. منیش بە ناونیشانی ژنی سێیەمی عەباس ئاغا, پێم نایە ماڵی ئاغا. تەنها شتێك کە بە ناونیشانی یادگاریی لە دایکمەوە هەمبوو, ئەو فرمێسکانە بوون کە کاتی نەفەس کێشانیشیان نەدەدامێ .

پێم نایە ماڵی کەسێك کە بە هەموو شێوەیەك دووژمنمان بوو. جیابوونەوە لە دایکم, کە هەم بۆ من باب بوو و هەم دایك, ئەوەندە سزاهێنەر بوو کە دەمتوانی بە تۆبزی ببمە هاوسەری ئاغا و بەبێ ئەوەی بتوانم شکایەت بکەم.

بەڵام تەحەمولی دووریی ئەوم نەدەکرد. ئەو ڕۆژە بە تەنیشت ئەو هەموو خۆشیەوە بە ئاسانی تێپەڕیم. وە گرنگیشم پێ نەدا. چونکە ماڵی غەمەنگێز و فەقیرانەی خۆمانم خۆش دەویست.

ڕووخساری خۆشی و شادی زۆرانم بینی, بەڵام ڕووخساری فرمێسکباری دایکم, هەرگیز لە یاد ناکەم. ئەو ڕۆژە خەڵکی زۆرم بینی, بەڵام هاوشێوەی دایکمم لە هیچیاندا بەدی نەکرد. دڵانی جۆراو

جۆرم دیتن, که هەر یەکەو بە شێوەیەك لێیان دەدا. بەڵام هەستم پێیان نەدەکرد. بەڵام دەنگی ترپەی دڵی دایکمم هەست پێ دەکرد. گوێم له دەنگی زۆر پێ بوو, بەڵام هیچیان وەکو ئارامیی دەنگی پێکانی دایکم نەبوون.

چاوانی زۆرم دیتن که سەیریان دەکردم, بەڵام هیچیان ئەوەندەی چاوانی دایکم خۆشەویست نەبوون. دەنگانی زۆرم گوێ لێ بوو, بەڵام هیچیان ئەوەندەی دەنگی دایکم دڵگیر نەبوون.

زۆر دەست دەستیان گوشیم, بەڵام هیچیان گەرمیی دەستی دایکمیان نەبوو. هەر چەندە که نەفرەتم له باوکم و ئاغا دەکرد. بەهەمان شێوەش ڕقم له عەباس ئاغا دەبۆوە. ئەو پیاوێکی چوار شانەو باڵابەرز بوو, مووی زەرد و دەم و چاوێکی ناشیرنی هەبوو.

چاوانی شین و ترسناکی هەبوون. کاتێك سەیری کردم. ناخم زیاتر گڕی گرت. منیش بە تەواوی بوونمەوە نەفرەتم له بابم دەکردەوە. که بەدبەختکردنی دایکم بەس نەبوو بۆنەفرەتلێکردنی. منیشی خستبووە ئەو بەدبەختییەوە. تەواوی شەو له ناخمدا گریام. چونکه چووبوومە ماڵێك که کەس ( هەتا توانای گریانیشی بە ئاشکرا ) نەبوو.

وردە وردە سپێدەی بەرەبەیان دەگەیشت. وە من وەکو پەپولەیەك که ڕووناکییەکەی لێ ون بووە, شێتانە خۆم بە دەر و دیواردا دەدا.

پێم وابوو فرمێسکەکانم دڵی عەباس ئاغا نەرم دەکات و بەزەیی پێمدا دێتەوە و دڵخۆشیم دەداتەوە. یان بەڵێنی ژیانێکی خۆشم پێ دەدا.

لە کاتێکدا کە هیچ یەکێك لەو کارانەی بۆم نەکرد. بەڵکو بە پێچەوانەوە بە لێدانێك تێی گەیاندم کە ژیان لە ماڵی ئاغادا چ ڕێ و ڕەسمێکی هەیە.

بەو لێدان و بێ ڕێزییە, پێی سەلماندم کە ژن لە چاوی ئەواندا, (ئەویش ژنی فەقیر) زۆر بێ ڕێزە . هەر کە کەمێك لە سپێدە دەرکەوت, شەیپوری هەڵستاندنی کرێکاران و خزمەتکاران لە حەوشەدا لێ درا.

لەو دەنگە ترسناکە, زۆر ترسام. خەسوم بە پێ لە دەرگای ژوورەکەی دا و بە وشەیەکی ناشیرن گوتی: هەستە کچە فەقیر, وابیر نەکەیەوە هاتوویە ماڵی ئاغا بوویەتە خانم. خێراکە برۆ متبەق, نانی بەیانی ئامادەکە. وەکو شێتان لە ترسی مردن چومە دەرەوە.

بە هەمان گریان (کە لە قورگمدا بوو) ڕووم لە عەباسئاغا کرد و گوتم: ببورە متبەق لە کام لایە؟ لە کاتێکدا کە عەباس ئاغا بەو شێوە ترسناکە سەیری دەکردم و هاتە پێش و زللەیەکی توندی لێ دام و گوتی: چۆن دەتوانی پرسیار لەمن بکەی ؟ وە یان قسەم لەگەڵ بکەی. برۆ دەرەوە.

بەهەمان شێوە کە دەستم بە ڕوومەتم گرتبوو کە زللەی لێدابووم, سەرم نەوی کرد و ڕۆشتمە دەرەوە. بە قالّدرمەکاندا هاتمە خوارەوە.

پرسیارم لە خزمەتکارێك کرد کە متبەق لە کوێیە؟ من تەنها بەناو خێزانی ئاغا بووم. دەنا لەگەلّ خزمەتکاران هیچ جیاوازییەکم نەبوو.

وە دەبوو لە بەیانییەوە تا شەو وەکو ئەوان کارم کردبا. هەر چەندە ڕقم لە مالّی ئاغا دەبۆوە, وە بێگانە بووم لەناو ئەواندا, بەهەمان شێوە لەناو خزمەتکاران ئاسوودە بووم. چونکە ئەوانیش وەکو خۆم بوون و لە ڕووی ڕەفتار و گوفتارەوە شتێکیان لەگەلّ دەکرا.

لەگەلّ بێگانەکان بەبەزەیی بوون. چونکە زۆرینەی ئەوان, بۆ چەندین سالّ لە بێگانەییدا ژیابوون. فرمێسکەکانی منیان بە میهرەبانی و سۆزەوە بە دەستی قەلّشیوی خۆیان دەسڕین. چونکە بۆ خۆیان چەندەها سالّ فرمێسکیان ڕشتبوو. من هەتا حەقی ئەوەم نەبوو لەگەلّ خێزانی بێ ڕەحم و بێگانەی ئاغادا نان بخۆم.

بەلّکو دەبوو لە متبەقدا لەگەلّ خزمەتکاران نان بخۆم. ژنی دووەمی عەباس ئاغا وەزعی لەمن باشتر بوو, کەمتر ئیشی دەکرد. مرۆڤێکی زۆر باش بوو. لە هەمان ڕۆژی یەکەمەوە خۆی لێ نزیك کردمەوە.

دوور له چاوی ژنی یەکەمی عەباس ئاغا و خەسوم هاتە کنم.
ئامۆژگاری دەکردم. بەڵام ژنی یەکەم کە کچی ئاغای گوندێکی تر بوو,
له ڕووی بێ ڕێزی و زماندرێژیەوه جیاوازییەکی لەگەڵ خەسووم نەبوو.

به قسەی ئەو, هاوشێوەی ئێمه نەبوو که قسەمان لەگەڵ بکات.
ئەگەریش قسەی لەگەڵ کردبایین, زیاتر ئەمر و جنێو و قسەی سووک
بوون. مانگێك له ناخۆشترین حاڵدا که هیچ جەمێکم ببەێ فرمێسك
بەڕێ نەکردبوو, تێپەڕی.

له ماوەی ئەو مانگەدا, هەتا نەیان هێشت دایکم ببینم. جا من بچم
یان ئەو بێت بۆ دیتنم . چونکه وا باوبوو که بووکی تازه تا سێ چوا
مانگ مافی ڕۆیشتن بۆ ماڵی بابی نییه. بەڵام به هۆی یەکێك له
خزمەتکارەکانەوه, وڵامم بۆ دایکم نارد که حاڵم زۆر باشه.

وه ژیانیشم باشتر. هەموو ڕۆژێکی تەمەنم که له ماڵی ئاغادا
تێدەپەڕی, زیاتر و زیاتر ناخم گڕی دەگرت. وه لاوازتر دەبووم.
چەندین و چەندین جار بۆ ئەو بەدبەختییەم گلەییم له خوا دەکرد , که
خوایه بۆچی؟ زۆر هەوڵم دەدا که بابم ببینم, بەڵام ئەو هەرگیز لێم
نزیك نەبۆوه.

وە ئەگەر دەیدیتم ڕای دەکرد. ئەگەر ڕاستەوخۆ دیتباشم, دەمتوانی چی بکەم؟ من کە هەتا توانای قسەکردنیشم نەبوو. چ شتێکم دەویست کە بە بابمی بڵێم؟

بەڵام لەلای ئەو خزمەتکارانەی کە دڵنیابووم کە قسەکانم بۆ بابم دەبەنەوە دەمگوت: بابە گیان! بە قەدەر تەواوی ئەو فرمێسکانەی کە ڕشتوومن, دووعای خراپت لێ دەکەم. چونکە تەنها خودا دەیزانی کە چەندە فرمێسکم ڕشتووە. عەباس ئاغا قومارچی بوو.

قومارچییەکی بەهێز. ئەو یەکێك بوو لە باشترینەکان , کە کەم کەس هەبوو توانای ئەوی هەبێ. تەواوی ئەو کەسانەی کە هەتا بۆ جارێك قوماریان لەگەڵ کردبوو ڕقیان بەرانبەر هەبوو. چونکە زیاتر ئەوان دۆڕاوی یاریگابوون. پارە و ناوبانگێکی زۆری دەست خستبوو.

هەر ئەو بردنەوانە ورەی ئەویان بەرزکردبۆوە بە شێوەیەك کە بەسەر زەوی دا دەڕۆیشت, وای دەزانی هەموو دنیا لە ژێر پێی ئەو دایە. بەهۆی ئەوەی خەڵك بە ناونیشانی باشترین قومارچی بانگیان دەکرد, هەستی بە فەخر و سەربەرزی دەکرد. زۆرینەی شەوانی ژیانی بەو شێوەیە بەڕێ دەکرد.

ئەگەر دەچوو بۆ ماڵی دۆستەکانی, تا درەنگانی شەو نەدەهاتەوە , ئەگەریش گەڕابایەوە بە دەنگە دەنگێکی زۆر و قسەی ناشیرن

دەگەڕایەوە. هیچ کات جورئەتی ئەوەم نەکردووە تا ئەو دێتەوە بە خۆشی و ئارامی بخەوم و ئارام بگرم و ئیسراحەت بکەم. چونکە تەنبێ دەکرام . دەبوو تا نزیکی بەرە بەیان چاوەڕێم کردبا.

کاتێك کە بووکی چەند ڕۆژە بووم, شەوێك تا نزیکی بەرەبەیان نەهاتەوە و منیش کە بە قانوونی ئاغا ئاشنا نەبووم , دوای تەواوی ئیشەکانی متبەق, بە لەشێکی ماندوو و هیلاکەوە لە جێدا نووستم" بەڵام بەو شەقەی کە لە کەلەکەی دام, وەکو شێتان لە جێ هاتمە دەر و ڕاپەڕیم . کەوتمە دەست و پێی و پاڕامەوە کە هیچ نەبێ هۆکاری لێدانەکە چییە؟ بەڵام بێ ڕەحمانە تەواوی لەشمی بە مست و شەق کوتا و تا کاتێك خۆی ماندوو بوو لە لێدانم و چووە دەر , گوتی: ئەگەر یەك شەوی دیکە بێمەوە و تۆ خەوتوو بی, دەتکوژم.

چونکە لێرەدا هیچ کەس بۆی نییە بچێتە سەر جێ, تا کاتێك من دەگەڕێمەوە. هەر ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە من هەرگیز نەخەوم, تا کاتێك بەرەبەیان ئەو دەهاتەوە, من نەدەخەوتم و بە ئاگا بووم.

هەر ئەو کاتەش کەڵەشێر بانگی دەدا و منیش بەبێ ئەوەی بخەوم, یان هەتا حەقی خەوتنم هەبێ بە تۆبزی بەرەو متبەق دەچووم.

ئەگەر شەوێکیش ئەو خاوەن ماڵبا دووبارە نەدەخەوتم و دەبوو تا بەرەبەیان میوانداری میوانەکانم کردبا و دەبوو چایی و مەشرووبم بۆ

بردبان. پێڵاوەکانیان خاوێن بکەمەوە, گۆرەویەکانیان بشۆم, نەزەری بێشەرمانە و بێ ڕێزی و دەست لێدانیان بە پێکەنینەوە تەحەموول بکەم.

تەواوی ئەو بێ ڕێزیانە دەبوو لەبەرانبەر هەژاریمدا قبوڵ بکەم. حەقی ئەوەم نەبوو ماندوو دیار بم, یان هەست بە ماندوێتی بکەم یان برۆکانم بە ناڕەزای پیشان بدەم, چونکە بە شێوەیەکی توند تەنبێ دەکرام.

ئەو شەوە نەفرەتیانە تاڵترین و قورسترین شەوانی ژیانم بوون.

شەوانی سارد و گەرم و کورت و درێژ کە تا بەیانی دەبوو لەسەر پێکانم ڕابوەستم. شەوێك میوانێکی تازە زیاد بوو بوو بۆ جەماعەتی قومارچییەکان, بە ناوی ڕۆستەم خان. لە ڕووی قەد و قیافەوە بە تەواوی ڕۆستەم بوو. خەڵك بەو شێوەیەی کە باسیان دەکرد, خەڵکی ناوچەیەکی دیکە بوو. بەهۆی ئەوەی کوڕە ئاغا بوو, بەڵام مرۆڤایەتی و دڵنەرمی و بەڕەحمیی ئەو دەنگی دابۆوە. لەو یەکەم شەوەدا و لە یەکەم دیتندا, تێگەیشتم کە ڕۆستەم خان [1] چ مرۆڤێکی شەریف و میهرەبانە.

[1] خان, لە فارسیدا وەکو ڕێزێك بەکار دەهێنرێت بەرانبەر پیاوان و بۆ ئافرەتانیش خانم.بەڵام لە کوردیدا زیاتر هەردووکیان هەر بۆئافرەت بەکار دێن.

بە شێوەیەکی سەیر تەماشای دەکردم و دالغەی پێمەوە لێ دەدا و ئاهی هەڵدەکێشا کە بە ڕوونی لە چاوانی ڕا دەبینرا. بەهۆی ئەوەی هەستێکی نەفرەت ئامێزم هەبوو بەرانبەر ئەو کەسانەی لەوێن, بەڵام هەستێکی سەیر و جیاوازم بۆ ئەو هەبوو.

هەستێك کە پیێ دەگوتم ڕۆستەم خان زۆر لەمن نزیکە. زۆر هەوڵم دا کە ئەو هەستەی بەرانبەر ڕۆستەم خان هەمە تێی بگەم, بەڵام تێی نەگەیشتم. زۆر هەوڵم دا کە بزانم کێ بووە و لە کوێڕا هاتووە؟

جێگەی باوەڕ نەکردن بوو, هەڵسان و دانیشتنی کەسێکی ئاوا باش, لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکی ئاوا خراپ؟ لەو شەوەڕا هات و چۆی زیاتر بوو و بووە دۆستی قومارچییان و هەر ئەوەش وای کرد کە زیاتر بێت بۆ ماڵی عەباس ئاغا.

ڕۆژێك بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ژنی دووەمی ئاغا گوتی: ئامادەبە ئیجازەم لە عەباس وەرگرتووە کە بچینە ماڵی دایکت.

زۆر خۆشحاڵ بووم لەوەی کە ئەو هەواڵە خۆشەی بۆ هێناوم و ئەوم توووند لە ئامێز گرت. تا ئەویش هاوبەشی خۆشحاڵی من بێ. بەڵام ئەو خۆشییەی کە بۆ دیتنی دایك و خوشکانم هەمبوو, زۆر کورت بوو.

کاتێك داخلی ماڵی بێ دەرگا و حەوشەی دایکم بووم, هەستم کرد دووبارە دنیام بەدەست هێناوەتەوە. بەڵام دیتنی ڕووخساری دایکم بەقەدەر چەند ساڵ پیری کردم. ویستم بۆ باوەشی بچم, بەڵام جورئەتی ئەوەم نەکرد. دایکم بە ڕاددەیەك لاواز و پیر و هیلاك ببوو کە نەدەتوانرا بناسرێتەوە.

بە هەنگاوی سست و لاواز و لەرزەوە ڕۆیشتم بۆ لای و لە باوەشی گەرم و پڕ غەمیدا, ئارامم گرت. بۆ تەواوی ئەو کاتانەی کە لێك دوور بووین, گریاین. من بەهۆی ئەو غەمە دێرینە و دڵە شکاوەی دایکم گریام, پرسیارم لە هۆکاری غەمی دەم و چاوی دایکم کرد, بەڵام ئەو بەهانەی بە دووریی من هێنایەوە کە بەهۆی دووریی تۆوە بووە.

لە نێوان ماڵەکەدا زریوەم نەدیت.

پرسیارم کرد کە لە کوێیە؟ دڵم بۆی تەنگ بووە و بیرم کردووە. لە کاتێکدا کە فرمێسك لە چاوانی دایکمدا ڕیزیان بەستبوو , غەم و خەفەت ڕووخساریان گرتبوو , گوتی: ئەو لە دەرەوەیە, لەگەڵ منداڵانی دراوسێ, نەیزانیوە کە تۆ گەڕاویتەوە.

تا دوا نیوەڕۆ لە ماڵی دایکم مامەوە, بەڵام زریوە نەهاتەوە. بەهۆی ئەوەی کە خۆشحاڵ بووم لەوەی کە هاتووم بۆ ماڵی دایکم, بەڵام

هەستم دەکرد شتێك ڕووی داوە. دووبارە هەواڵی زریوەم پرسی, دایکم بێ ئەوەی هیچ جوابێك بداتەوە, چووە دەرەوە.

یەقەی جەمیلەم گرت. ئەو دەستەکانی گرتم و گوتی: کچم کازیوە , زریوە ئیتر لەو ناوەدا نییە, ئەو بۆ هەمیشە ئێمەی جێ هێشت, چەندە بە ئاسانی پێیان گوتم کە خوشکەکەت مردووە.

نازانم چی ڕوویدا لەو کاتەدا. بە لێدان بە دەم و چاوی خۆم و بەخۆدادانم و هاوارکردن, دراوسێکانم هێنانە ماڵ. دۆخی ماڵ, وای لێ هات کە دەتگوت زریوە ئێستا کۆچی کردووە.

بە پێ خواسی و بە پەلە بۆ سەر قەبری خوشکەکەم ڕۆیشتم و خۆم هەڵدایە سەر گۆڕەکەی و بە ئەندازەی تەواوی ئەو کاتانەی کە لە تێری و برسێتی و خۆشی و ناخۆشی دا پێکەوە بووین , فرمێسکی حەسرەتم بۆی ڕشت.

هەستە خوشکەکەم! بۆ دیتنی تۆ هاتووم, سەرت بەرز بکەوە و قسەم لەگەڵ بکە.

لەبیرتە کە ڕۆژێك پێت گوتم ئارەزووت ئەوەیە کە بلوزی سومەیەی کچی دراوسێکەمان لەبەر بکەی؟ من ماوەیەکی زۆر پارەم کۆ کردەوە تا توانیم دانەیەکی هاوشێوەی ئەوت بۆ بکڕم.

پێکەوە بڕیارماندا دایکمان بە ئاواتەکانی بگەیەنین, من کە بوومە قوربانی بابێکی نامیهرەبان, تۆ بۆچی دایکمت تەنها جیٚ هێشت؟ بۆچی؟ خوشکە ئازیزەکەم! تۆ بەڵێنی ئەوەت پیٚ دام کە لە نەبوونی مندا, چاودێریی دایکم بکەی. هەتا بەڵێنی ئەوەت دا کە بابیشم بگێڕیەوە گەڵ دایکم. کەواتا, بۆچی ئێمەت تەنها جیٚ هێشت لە خۆرئاوابووندا؟ ئەویش ئەو خۆرئاوابوونە غەمبارە..!! قسەم لەگەڵ خووشکەکەم کرد بەڵام ئیتر دەبوو بگەڕێمەوە, چونکە ساحێبی ماڵ و مێرد بووم.

دایکم گوتی: دە ڕۆژ لەمەوبەر, کاتێك زریوە لە قوتابخانە گەڕایەوە, گوتی: تووشی سکئێشە بووە و لە دەرد و ناڕەحەتیان نەیدەزانی چی بکات.

هەموو کارێکم کرد و پەنام بۆ هەموو کەس, هەتا عەباس ئاغاش برد " بەڵام نەمتوانی دەردەکەی چارە بکەم.

تا بەیانی لەبن سەری بووم و بۆ چاکبوونی داوام لە خوا کرد کە یارمەتیم بدات.

بە شێوەیەك ئێش و ناڵەکەی زیادی کرد کە لە توانابەدەر بوو. زریوە داوای یارمەتیی لیٚ کردم, بەڵام نەم دەتوانی کارێکی بۆ بکەم. بەو هەموو غەم و دەرد و کێشانەوە کە لە دەر و دیوارەوە دەهاتنە

ژوور و بەسەرماندا دەبارین, نەمتوانی هیچ شتێك لە کێشەکانی خۆم باس بکەم. لە کاتێکدا کە دەمویست لەگەڵ دایکم دەردە دڵ بکەم و دایکم , دڵم بداتەوە.

ئەوە من بووم کە دەبوو دایکم ئارام بکەمەوە.

دڵم نەیدەویست لەو کاتە سەختەدا دایکم جێ بێڵم, چونکە جەمیلە دەیگوت: دایکت لە دوای کۆچیدوایی زریوە, نە هیچ شتێك دەخوات و نە دەخەوێ.

تەنها و تەنها بە گریان خۆی ئارام دەکاتەوە.

بەڵام مەجبور بووم هەمان شەو بگەڕێمەوە ماڵ.

دە ڕۆژ بوو خوشکەکەم بۆ ژیانی بەرزەخ[1] ڕۆشتبوو, بەڵام هیچیان بەمن نەگوتبوو. لە کاتێکدا کە لە ماڵی دایکم بۆ ماڵی ئاغا چەند کیلۆمەترێك زیاتر نەبوو. ئەوەش یەکێکی تر بوو لە قانوونەکانی ئاغا.

هەتا نەمتوانی گلەیی بکەم, کە بۆچی لەو کاتە سەختەدا نابێ لەکن دایکم بم. هەر ئەو کاتە سوێندم خوارد کە دەبێ کارێك بکەم, کە ئیتر نابێ هیچ منداڵە هەژارێك بەهۆی فەقیری و نەداری و نەبوونی جادە و سەیارە و دکتۆر بەو سادەییە بمرن.

[1] بەرزەخ ژیانی نێوان دنیا و دوا ڕۆژە کە ئەو کەسانەی دەمرن تا کاتی لێپرسینەوە لەوێدا دەمێننەوە .

بابی ئازیزم! ئەگەر تۆ لەو کاتە سەختەدا لە نزیک دایکم دەبووی , هەرگیز دایکم ئەوەندە شکاو و پیر نەدەبوو.

ئەورۆ منیش هاتوومە سەر ئەو بڕوایەی کە هەرگیز ناکریٚ لیٚت ببوورم. ئەگەر ئەوڕۆ بەهۆی هەژاریم نەتوانم تۆڵەت لیٚ بستیٚنمەوە, بڕوام بەوە هەیە کە ڕۆژی مەحشەر[1] هەیە و من لەو ڕۆژەدا حەتمەن یەقەی تۆ دەگرم و داوای وڵامی ئەو کارانەت لیٚ دەکەم کە ئەنجامت داون .

خوایە گیان دەرد و نەبوونی هەمیشەیی زریوە لەو ماڵە غەریب و نا میهرەبانەدا چۆن تەحەمول بکەم؟

ئەو شەوە خەسووم و خەزورم بەهۆی درەنگ گەیشتنەوەم قسەی ناشیرننیان پیٚ گوتم کە بۆچی پێش خۆرئاوابوون نەچوومەتەوە.

ئەوەندەیان قسە پیٚ گوتم و سەرزەنشیتان کردم تا ئاغا بۆ بێدەنگبوونی ئەوان تەنبێی کردم و دوو شەو و دوو ڕۆژ لە تەویلەی ئەسپانی کردم. بەبیٚ ئەوەی کە دلۆپێك ئاوم پیٚ بدات.

لە تەنیایی شەو و لە نزیك ئەسپەکان تەواوی کاتەکان بیرم لە زریوە و قسەکانی دەکردەوە و فرمێسك میوانی چاوانم دەبوون.

[1] مەحشەر واتا: ڕۆژی پاداشت و سزا کە لەو ڕۆژەدا هەموو خاوەن مافێك , مافی خۆی وەردەگریٚتەوە .

خوشکەکەم تەنها چواردە ساڵ بوو و بەهۆی ئەوەی بەو هەموو غەم و دەردەوە لە دنیا ڕۆشتبوو, ڕۆحم ئازاری دەکێشا و حەسرەتی ئەو فانیلەیەش, ساڵانێکی زۆر دڵی ئازار دام. من زۆر خۆشحاڵ بووم بە دیتنی ئێوە, لە کاتێکدا کە ئیتر هەرگیز ناتبینمەوە.

بەڵام هەوڵ دەدەم پۆشاك لەبەر تەواوی ئاواتەکانت بکەم.

کەوتمە بیری ئەوەی کە لەو ماڵە ڕا بکەم.

چونکە سەبرم تەواو بوو بوو. ئیتر ئەو جوانی و گورج و گۆڵیەی جارانم نەمابوو. ئاوات و ئارەزووەکانم مردبوون.

ئیتر نەدەکرا ئومێدم بەو دنیا بێ بەزەییە هەبێ.

ئەو شەوەش گلەییم لە خوا کرد کە بۆ دەبێ چارنووسێکی ئاواو ژیانێکی لەم شێوەیەم هەبێ؟

ژیان کە جگە لە دەرگایەك بۆ ڕاکردن هیچی کەی تێدا نابینم.

دەڵێن: ژیان پوچ و بەتاڵ نییە, ژیان شیرینە و وەکو ئاوات و ئارەزووەکان لەزەتبەخشە. ژیان دەروازەیەکە بۆ گەیشتن بە بەهەشت.

کەواتا خوایە گیان, بۆچی دەروازەی من بۆ جەهەننەم کراوەیە؟

ئیلاهی! بۆچی دەبێ لە ئاگرێکدا بسوتێم کە خەڵك هەڵییان کردووە.

ئیلاهی! دروستکراوێکی بێ دەست و پێ و بێ زمانم. چونکه باڵندەکان بۆ جوچکەکانیان لانه دروست دەکەن و ئەوان له سەرماو گەرمای ڕۆژگار له ژێر پەڕو باڵیان دەپارێزن. چاودێرییان دەکەن, تاکو پێ دەگرن و له ناخۆشترینی ساتەکاندا بەتەنها جێیان ناهێڵن.

کەواتا, خوایه! کوا لانەی من ؟ ئایا من له جوچکه کەمتر و بێ ئەرزشتر بووم که له هەمان سەرەتای پەیدابوونم کوێریان کردم و پەڕو باڵیان شکاندم و بابی نا میهرەبانم بەبێ ئەوەی لانەیەکمان بۆ دروست بکات له بیابانی بێ کۆتایی ژیاندا تەنها جێی هێشتین؟

خوایه گیان! تۆ هەموو ساڵێك بەهار دێنی, بەڵام نەك بۆ من. ڕاستیان گوتووه: که پاییز بەهاری شاعیرانه , لەوانەیه مەرگیش بەهاری بەختی من بێ .

خەسووم هەر زوو زوو ژنێکی بۆ ماڵمان دەهێنا و گیایەك که ئەو ژنه دروستی دەکرد, دەرخواردی منی دەدا, تا من له عەباس ئاغا منداڵم نەبێ.

چونکه دەیگوت: نامەوێ له هەژارێك نەوەم هەبێ.

دووباره سەرم سوڕماوه له کارت خودایا, کەسانێك هەن که بۆ بەدەستهێنانی منداڵ چ کارێك ناکەن, بەڵام خەسووم بۆ دووەمین جار

منداڵەکەی لێ ستاندم و بەهۆی ئەو دەرمانانەی کە دەرخواردی دام بووە هۆی ئەوەی کە منداڵەکەم لەبار ببەم.

بەڵام بەو کارەی ناڕەحەت نەدەبووم, چونکە حەزم نەدەکرد منداڵێك بێنمە دنیا کە دووچاری چارەنووسی من بێ.

لە یەکێك لە شەوە گەرمەکانی هاویندا, دووبارە عەباس میوانییەکی گەورەی هەبوو کە لە ناویاندا ڕۆستەم خانیش هاتبوو. ئەو جارە, ئەویش چەند کەسێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو.

لە نێوانیاندا کەسێك هەبوو کە زۆر بەهێز و زیرەك دیاربوو. ئەو شەوە تەواوی ئەو دۆڕانانەی کە عەباس ئاغا بردبوونیەوە بە ڕۆستەم خانی دۆڕاندن. ئەو کە تا ئەو کاتە حەریفێکی وەهای نەدیتبوو, زۆر سەخت بۆی تێپەڕی . لە هەموو دەرگایەکی دا و هەموو فێڵکی تاقی کردەوە, بەڵام سەرنەکەوت و نەیتوانی لە بەرانبەر ڕۆستەم خان و دار و دەستەکەی براوە بێ.

زۆر بە ڕوونی ڕق و کینەی لە چاوان و ڕووخساریدا بەدی دەکرا. بەڵام هیچ کات بەسەر خۆی نەدەهێنا و بەو خەندە پڕ لە کین و نەفرەتیەی کە دوای هەر دۆڕانێك تووشی دەهات, ڕۆستەمی بانگهێشت دەکرد بۆ بەردەوام بوون لە قومار. بە هیوای ئەوەی کە ئەو جارەیان

یاری لە دەستی ئەودا بێ. عەباس هێواش هێواش هەستی بە خەتەری دەکرد ,چونکە شتی گرنگی لەدەست دابوو.

ئەوەبوو خواردنەوەیەکم بۆ بردن. هەرئەوەندە کە چوومە ژوورەوە , ڕۆستەم خان چاوی لەمن کرد و ڕووی لە عەباس کرد و پێی گوت: تۆ کە سێ ژنت هەیە, ئەگەر بتەوێ بۆ بەردەوام بوون لە یاریکردن لەسەر خێزانەکانیشمان شەرت دەکەین؟ لەو کاتەدا کە هەستم دەکرد ئەو بە خاتری ئەو قسەیە تورە دەبێ. زۆر بەخۆشحاڵییەوە ڕازی بوو.

بە برۆ گرژاوییەکانی داوای لێ کردم لە ژوور بچمە دەر . من بە سەر سوڕمانەوە تەماشای ئەوانم دەکرد, لە کاتێکدا ئەوان لەو پەڕی مەستیدا یارییان بە ناموسی یەکتری دەکرد.

هەر ئەوەبوو لاپەڕەیەکی نوێ لە چارەنووسی مندا زیاد بوو.

بە بەرزبوونەوەی هات و هاوار و دەنگە دەنگی دار و دەستەی ڕۆستەم خان, تێگەیشتم کە عەباس منی لەو یاریەدا دۆڕاندووە, وەك چۆن سەروەتەکەشی دۆڕاندووە.

دنیایەکی سەیر بوو, دنیایەك کە ئەرزشی ژن تەنها هێندەی پەڕی مریشکێك بەهای هەبوو. هەر کەسێك بەهەر شێوەیەك دڵی ویستبای, ئەوی دەکوشت.

من دەرد و عەزابی زۆرم لەماڵی ئاغادا چێشتبوو. هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو کە نارەحەت نەبووم لەوەی کە منی دۆڕاندووە.

تەنها نارەحەتی من ئەوە بوو کە ئەوجار چارەنووسم بۆ کوێ دەمبا؟ بە ناچاری و مەجبووری لە بەرانبەر ئەو قەدەرەدا بێ دەنگ بمێنمەوە. زۆر چاك دەمزانی کە ئەوجارە زۆر لە دایکم دوور دەکەومەوە .

ڕۆستەم خان ئەو ڕۆژە ببوە ساحێبی من, داوای لێ کردم کە خۆم ئامادە بکەم بە سەفەر. بە شێوەیەکی سەیر دەستی بەسەرمدا هێنا و گوتی: کچم لەمە بەدوا ئێمە کچ و بابین. ئەگەر شەرت بەندیم لەسەر تۆکردووە بمبورە, ئامانجم ڕزگارکردنی تۆ بووە لەو جەهەننەمەدا. ئێستا بچۆ کن داکت و ماڵئاوایی لێ بکە. وە لە لایەن منیشەوە پێی بڵێ, بەڵێن دەدەم کە زۆر زوو ئێوە بەیەك شاد بکەمەوە و بەیەکتان دەگەیەنمەوە.

بە سەرسوڕمانەوە تەماشام دەکرد و نەمدەزانی چی بکەم. ئایا باوەڕ بە قسەکەی بکەم؟ متمانەم بە ڕۆستەم خان کرد, کە ئەو هەستە غەریبەی بەرانبەر ئەو هەمبوو, ڕاست بوو .

شێتانە لە ماڵی ئاغاوە بۆ لای دایکم ڕۆیشتم. کاتێك ڕووداوەکەم بۆ باس کرد, ئەویش سەری سوڕمابوو. دایکم زۆر هەوڵی دا کە ڕۆستەم

خان ببینیٚ, یان من لەو وەربگرێتەوە , یان من بەو بسپێرێت, بەڵام ئەو هەرگیو خۆی لە دایکم نزیك نەکردەوە و ئەوە دۆستەکانی بوون کە لە نێوان ڕۆستەم خان و دایکمدا هات و چۆیان دەکردن .

بە دایکمیان گوتبوو: کە ڕۆستەم خان کچەکەت بەڕیٚ دەکات بۆشار, بەڵێنی داوە کە باشترین ژیان بۆ ئەو دەستەبەر بکات. وە لە مەجالێکیشدا هەمووتان بۆ شار دێنیٚ.

دایکم بە دڵێکی پڕ غەم و کۆڵێك خەفەتەوە منی ڕەوانەی ڕێی ڕۆژئاوا کرد. هەروەها ژیان لە ڕۆژئاوادا بۆ من ناخۆش نەبوو, چونکە ئەو شوێنەی کە ژیانم تێیدا بەسەر دەبرد غەریبەیەکی تەواویش نەبووم تێیدا .

ئەوەندە غەریب بووم, کە هەتا بابیشم ئێمەی بە تۆمەتی کچبوونمان نەدەویست.

دایکم ئەو وێنەیەی کە بۆ خۆی کێشابووی لەگەڵ دەستبەندێك پێی دام و گوتی: ئەگەر چووی بۆ شار, هەوڵدە بەدوای ئەو وێنەیەدا بگەڕێی. ئەوە وێنەی سوڕەییایەو ئەو دەستبەندەش یادگاریی ئەو .

ئەو بەو نیشانانە تۆ دەناسێتەوە و دڵنیابە یارمەتیت دەدات.

وە داواشی لیٚ کردم بە نامە لە پەیوەندی دا بین بەیەکەوە.

ئەگەر چی ئەو ڕۆیشتنە بۆ من جۆرێك بوو لە ڕەهایی و ئازادی کە حاڵەتێکی خراپ بوو ,کە لەو ژیانەدا دەمردم.

بەڵام جیا بوونەوە لە گوند و خەڵکی گوند, لە کێوە سەر سەوز و ساردەکانی, لە کانییە پڕ ئاوەکانی, زۆر سەخت بوو.

ئاسمانی گوند بە تایبەتی کێوەکان و ئاوەکەی هەوایی سروشت بوون, کە غەمی مرۆڤەکانی دەشردنەوە. ڕشتنی فرمێسك لە تەنیشت کانییەکانی وەکو مەرهەم لەسە برینەکان دابنێ وابوو. بەڵام ئەو باشیە لە هەوای شاردا نەناسیاو بوو و ئەگەر لەو بارو دۆخەدا دڵت دەگرا, نەدەکرا بگریەی " چونکە گاڵتەیان پێ دەکردی, لە کاتێکدا کە لە گوند دەستی نازیان بەسەرتدا دەهێنا.

بەڵام من ئەو ڕۆژە, بەبێ ویستی خۆم, کە ئایا بمەوێ یان نەمەوێ بڕۆم, گوندم تەرك کرد و دەبوو لەگەڵ ڕۆستەم خان بەدوای چارەنووسدا بڕۆم, کە دیار نەبوو, من بۆ کوێ دەبات.

لە هەمان کاتدا کە دایکم و جەمیلە و منداڵەکان, دەیان ویست بۆ هەمیشە ماڵئاواییم لێ بکەن. کەسێك هەواڵی بە ڕۆستەم خان دابوو کە عەباس دەیەوێ خیانەتی لێ بکات و دەیەوێ لە ڕێگادا خۆی لێ مەڵاس بدات (کەمینی بۆدابنێ ) بە کوشتنی ڕۆستەم خان هەم سەروەتەکەی وەربگرێتەوە و هەم ژنەکەی! چونکە دۆڕاندنی ژن

**هەرچەندە ئەوەندە بێ ئەرزشیش بوو لەلای پیاوێکی ئاوا سوك , بە نەنگی هەژمار دەکرا.**

**ئەو (ڕۆستەم ) لەو کارەی عەباس تووڕە بوو, خێرا بەدوای منیدا نارد کە زوو بەڕێ بکەوین. بە زیرەکییەکی زۆر و بە لاڕێیەکدا[1] بڕۆین, بە شێوەیەك کە هەرگیز دار و دەستەی عەباس ئاغامان پێ نەگات.**

**دوای دە ڕۆژ لە سەختی و ناڕەحەتی و ناخۆشی ڕێ هەرچۆنێکبوو گەیشتینە شار .**

**شار! چ جێیەکی سەیر بوو!! ئەو هەموو خەڵکە و سەیارە و دووکانی جوان و چەندەها شتی جیاواز و ئەو هەموو باڵەخانە بەرزانەی هەبوون !**

**نەمدەزانی سەیری کوێی شار بکەم . بەو شێوەیەی کە لێی دەترسام, وەك دێو نەبوو و بە پێچەوانەوە هەر لەسەرەتاوە حەزم لێی کرد.**

**خۆر لە کاتی خۆرئاوابووندا بوو. منیش بە شێوەیەکی سەیر تەماشای شارم دەکرد و بەبێ بوونی ئامانجێك, بەدوای ڕۆستەم خان بە شەقام و کۆڵانەکاندا دەڕۆیشتم.**

---

[1] **لاڕێ ئەو ڕێیەیە کە مرۆڤ لە ناچاریان تووشی دەبێ جا ئەو ناچارییە یان بەهۆی ترسەوەیە , یان بەهۆی نەبوونی ڕێی سەرەکی ....وەرگێڕ**

ئەو شەوە چووینە میوانخانە و شەو لەوێ ماینەوە. بەڵام لەوەی کە کەسم نەدەناسی, ترس و دوودڵی سەراپای داپۆشیبووم.

بەیانی بە دەنگی بانگ بەخەبەر هاتم و بە تەواوی هێزمەوە داوای دایکمم کرد. کاتێك خەو لە چاوانم ڕۆیشت, تێگەیشتم کە بە کیلۆمەتر لەو دورم و دەبێ عادەت بە نەبوونی ئەو بگرم.

دایکە ! ئەمڕۆ بە بێ بوونی گەرمی تۆ, بەبێ دەستە پڕ لە نازەکانی تۆ, بەبێ قسەو پێکەنینە دڵنشینەکانی تۆ , لەخەو هەستام .

ئەوڕۆ تێگەیشتم دووربوون لە تۆ واتا چی؟

درکم بەوە کرد کە ئەگەر وجودی پاکی تۆ لەکنم یان هیچ نەبێ لە نزیکم بێ, نە بابم دەوێت و نە ناو و ناوبانگ , نە ژیانی شاهانەم دەوێ و نە سکی تێر.

نا, من ئەوڕۆ تەنها تۆ و ئەو ژیانە فەقیرانەیە و ئەو ماڵە دەروێشانەیەی گوندەکەمانم دەوێت.

ڕۆستەم خان کە لە نزیك دەرگاوە نووستبوو و دەمانچەی بەدەستیەوە بوو, بە دەنگی نق نقی گریان و زاریی من بەخەبەرهات. وەك بابێکی باش دەستی سۆزی بەسەرمدا هێناو ئومێدەواری کردم لە ژیان.

پرسیاری دایکم و بابمی لێ کردم و منیش له تەواوی نهێنییەکانی ژیانی پڕ نەهامەتی و ناخۆشی دایکمەوە بۆم باس کرد و ئەویش گوێی بۆ قسەکانم گرتبوو و فرمێسکی له چاوان دەهاتنه خوار.

بەڵێنی پێ دام کە تەواوی ئەو ناڕەحەتی و ئازارانەی کە لەگەڵ دایکم چەشتوومانن, قەرەبوویان بکاتەوە و هەتا بەڵێنی کوشتنی بابمی پێ دام.

بەبێ ئەوەی کە بزانم کێیە, لەو هەموو ڕەحم و سۆز و بەزەیییەی ئەو حەیران بوو بووم, بەڵام داوای لێکردم کە هەرگیز لەبارەی ئەوەوە پرسیار نەکەم .

هەمان ڕۆژ منی بە پیرەژنێك سپارد بەناوی نەنە عائیشە و گوتی: هەرگیز لەبارەی ژیانتەوە قسەمەکە , هەتا لەلای نەنە عائیشەش هیچ باس مەکە.

ئەو ژنێکی بەتەمەن بوو. کە دەتوانرا لە ڕێگەی لەرزینی دەستەکانی و پشتە چەماوەکەی و قسەکردنەکەیەوە, بڕیاری ئەوە بدەی کە تەمەنی زیاتر لە هەشتا ساڵ دەبێ.

بەڵام ژنێکی تێگەیشتوو و دنیادیدە بوو, کە لەو ماڵە بچووکە و لەو ناوچە فەقیرانەیە, بە کەمترین پێداویستی, ژیانی خۆی بە یارمەتیی ڕۆستەم خان بەسەر دەبرد.

بۆ چاودێریکردنی من پارەیەکی زۆری لەو وەردەگرت.

هەروەها ڕۆستەم خان کەسێکی دیکەی بە ناوی مام کەریم بەکرێ گرتبوو و ولاغێکی پێ دابوو و پێی گوتبوو لە ماوەی هەر چەند مانگێکدا جارێك بچێتە گوندی ئێمە و هەواڵ لە دایکمەوە بۆ من بێنێ و لە منەوە بۆ دایکم ببات.

ئەویش بەهۆی ئەو کارەیەوە پارەیەکی باشی وەردەگرت.

کاتێك ڕۆستەم خان زانی کە تا پۆلی شەش خوێندەواریم هەیە, خۆشحاڵ بوو و گوتی: لە زووترین کاتدا بەدوای کارەکانی قوتابخانەتدا دەچم و هەوڵ دەدەم لە سەرەتای ساڵی خوێندنەوە, ناونووست بکەم لە قوتابخانە.

ئیتر تاقەتم نەما هۆکاری ئەو هەموو میهر و سۆزەی ڕۆستەم خان نەزانم. هەموو کارێکم کرد و لە ناو و ناوبانگی و لە نەنە عائیشەشم پرسی بێ سوود بوو و دەمیان لەیەك نەکردەوە و سەر زارەکی و بە سەر لەقاندن وسەر بەرز کردن وڵامی منیان دەدایەوە.

لەوانەیە بەو شێوەیەی کە داوای لەمن کردبوو لەبارەی خۆم و دایکم هیچ قسەیەك نەکەم, بەویشی گوتبێ کە هیچ شتتێك لەبارەی خۆی (نەنە عائیشە ) بۆ من باس نەکات .

دەردی دووریی دایکی میهرەبانم و غەمی دێرینی و دڵی شکاوی هەموو کات ئاگری تۆڵەی لەمندا بڵێسەدارتر دەکرد .

مەرگی زریوە تەواوی لەشمی دەسوتاند و ئاگری تێ بەر دەدا.

لێدانە بێ هۆکارەکانی عەباس ئاغا , کە هێشتاش شوێنیان لەسەر جەستەم بە ڕوونی دیارە, بێزاری دەکردم لە ژیان.

کاتێك ئەوانەم بیر دەهاتنەوە, دڵم دەگرا و فرمێسك ڕووخسارمیان دادەگرت .

بەڵام ئەوجار دەمتوانی لە دڵەوە و بە ئازادی بگریەم. چونکە ئیتر کەس سەرزەنشتی نەدەکردم و لێی نەدەدام, بەڵکو نەنە عائیشە دەهات لەکنم دادەنیشت و بەبێ ئەوەی پرسیار لە هۆکاری هاتنە خوارەوەی فرمێسکەکانم بکات, سەرمی لە باوەشی خۆی دەگرت و لە هاتنە خوارەوەی فرمێسکەکانم یارمەتی دەدام.

لەوانەیە ئەویش ڕابردوویەکی غەمەناکتری هەبووبێ. زۆر بە بە ئاسانی دەکرا تێبگەی کە چ غەمێکی قورسی لە سینەدا شاردۆتەوە.

لەوێوە تێگەیشتم کە مرۆڤە بەدبەختەکان زۆر بە ئاسانی دەتوانن یەکتر بدۆزنەوە هاوخەمی یەکتر بن.

باوەشی نەنە عائیشە ئارامییەکی تایبەتی بەمن دەدا.

باوەشێك كە لە دیتندا سارد و بێ ڕوح بوو, بەڵام بۆ من زۆر گەرمتر بوو لە ماڵی بابم و لە کۆشك و بینای عەباس ئاغا.

هەرچەند كە ڕۆژگار ئەو باوەشەی وێڵ كردبوو, بەڵام بەو هەموو وێرانكارییەوە , هێشتاش لە خانووی زاڵمان بەهێزتر بوو.

چونكە لە باوەشی ئەویشدا هەم سەفا و خۆشەویستی هەبوو و هەم عەشق و مرۆڤایەتی , لە كاتێكدا كە لە کۆشكی ئاغایاندا تەنها یەك شت فەرمانڕەوا بوو, ئەویش زوڵم و ستەم بوو.

ئەو باوەشە كۆمەڵێك شتی بە سوودی بێ بەرانبەر بە من بەخشی, لە كاتێكدا لە باوەشی باوكمدا, تەنها ڕەنج و سەختی و دەربەدەری بەشی من بوون.

چەند ڕۆژێك لە كردنەوەی قوتابخانە تێپەڕی بوو. ڕۆژێك پیاوێكی باڵابەرز بە قات و ڕیباتەوە و بە پێڵاوی بریقەدار و قژێكی بەرز و ڕێك هاتە ماڵی نەنە عائیشە و گوتی: ڕۆستەم خان ئەوی بۆ ئەم شوێنە ناردووە تاكو من لە قوتابخانە ناو نووس بكات.

ئەو پیاوە ڕێكپۆشە منی بۆ قوتابخانە برد و دوای ماوەیەك لە قسەكردن لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەكە , منی بەو سپارد و ڕۆیشت.

خانمە بەڕێوەبەر دوای چاولێكردن لە فایلەكەم گوتی: باشترە بچی بۆ قوتابخانەی پەپولە , چونكە هەرچۆنێك بێ ئەوان پێداویستی كەل و پەلیان لە ئێمە باشترە و باشترین مامۆستاكانی شار لەوێ دەرس دەڵێنەوە.

بە شێوەیەکی غەریبانەوە گوتم: من خەڵکی شار نیمە و هیچ شوێنێکی شاریش شارەزا نیم.

خانمی بەڕێوەبەر گوتی: کەواتا چاوەڕێکە پێکەوە دەچین بۆ ئەوێ.

لەگەڵ ئەو چووین بۆ قوتابخانەی پەپولە . قوتابخانەیەکی جوان کە لە بەرزایی شار بوو, هەموو ئەو منداڵانەی کە لەوێدا دەرسیان دەخوێند, لە منداڵی دەوڵەمەند و سەرمایەدار و کارمەندانی گەورەی شار بوون.

بە دیتنی دوو قوتابخانەی جیاواز, پەیم بەو ڕاستییە برد کە هەموو کات و لە هەموو شوێنێك هەمیشە جیاوازی هەیە لە نێوان هەژار و دەوڵەمەند دا.

جیاوازییەك کە دڵی هەر بێ ڕەحمێك بە ڕەحم دەکات.

بەڵام ئەو ڕۆژە من بەرگێکی براوەم هەبوو و ئەویش بڕوانەمەکەم بوو.

پارچە کاغەزێك کە بووە هۆی ئەوەی من فەقیری لەخۆمدا بەدی نەکەم و گوندیبوونم و ژنبوونم کارێك لە خوێندنەکەم نەکات و شتێك هاتبووە پێش کە ئەویش وای لێ کردبووم کە بتوانم لە باشترین قوتابخانەدا بخوێنم , ئەو بڕوانەمەیەم بوو.

لە قوتابخانەکانی شار, جیاوازی ڕەگەرز نەبوو و کوڕ و کچ پێکەوە دەرسیان دەخوێند.

یەکێك لە هاوپۆلیەکانم  کە کوڕێك بوو بەناوی کارزان هەر لە سەرەتاوە زۆر گرنگی پێ دەدام.

هەموو کات ئاگای لە من بوو و ئەگەر بچووکترین کێشە لە قوتابخانە هاتبا پێش, ئەو یەکەم کەس بوو کە هاوخەمی خۆی بۆ دەردەبڕیم. وردە وردە کارزان ببووە یەکێك لە گرینگترین هاوڕێکانم و زۆرینەی کاتەکان پێکەوە دەرسەکانمان دەخوێندن.

ئەو بێجگە لە جوانی و زیرەکی , زۆر بەڕێز و لەسەرخۆ بوو. دڵێکی میهرەبانی هەبوو, کە لەگەڵ هەر دەردێکی بچووك بۆ هاوپۆلیان دەکەوتە لێدان.

دوای چەند مانگێك بێ خەبەری لە خێزانەکەم, لە ڕێگەی مام کەریمەوە, نامەیەکم بۆ دایکم نارد, بەڵام ئەو دڵتەنگیانەی کە هەر ڕۆژ بەرۆکیان پێ دەگرتم, ئەو فرمێسکانەی کە هەر ڕۆژ بۆ یادگارییەکانم دەڕشتن, بەردەوام بوون.

قسەیەکم شك نەبرد, بۆم نووسی: کە لەکن نەنە عائیشەم کە بە ئەندازەی تۆ میهرەبانە. لە ئارامیدا دەژیم و , لە باشترین قوتابخانەی شاردا دەرس دەخوێنم. گوتم: کە زۆر تامەزرۆی هاتنەوەی جوابی نامەتم و ویستم کە لە حاڵ و وەزعی خۆی و جەمیلە و خوشکەکانم بۆ باس بکات.

دوای ڕۆیشتنی مام کەریم, چل ڕۆژ تێپەڕی. تا ئەو لە دایکمەوە وڵامی بۆ هێنام. کاتێك لە قوتابخانە گەڕامەوە, نەنەعائیشە گوتی: وەرە کچم, ئەوڕۆ مام کەریم نامەی بۆ هێناویت. لە خۆشحاڵیان کتێبەکانم هاویشتنە ئاسمان و ئەوانم لە ئاسماندا سپاردە دەست خوا و نامەی دایکم بوو و بۆی نووسی بووم .

سەلام کچی نازەنینم , نوری چاوانم . ئەورۆ بە هاتنی نامەکەت , نورو ڕووناکی گەڕایەوە چاوان و دڵم . چونکە لەو کاتەوەی کە تۆ ڕۆیشتووی , هەم چاوانم کەمبین بوون و هەم ئومێد و ئاواتی دڵم بزر بووە . نامەکەت بە دەستم گەیشت و چەند سەعاتێك پێش ئەوەی بیکەمەوە , تەنها بۆنم کرد و گریام . بەڵام ئەوجارە ئەو فرمێسکانە بەخاتری غەم وپەژارە نەبوون , بەڵکو فرمێسکی شادی بوون .

لەدووریەوە بۆنی یوسفی و نبوی خۆمم هەست پێ کرد .

نامەکەتم خوێندەوە و تێگەیشتم کە زۆر هەوڵت داوە کە باس لە دڵتەنگی و نارەحەتی نەکەیت . بەڵام من دایکم و لەیەکە بەیەکەی وشەکانت دڵتەنگیی تۆم هەست پێ کرد . بەڵام گیانەکەم تۆبەهێز بە و ئیمانت بە خودا هەبێ . ئەوانەی ماڵەوە هەموویان زۆر باشن .

نامەی دایکم, ئیرادەی لاوازی منی بەهێزتر کرد و بۆ بەردەوامبوون لە خوێندن, گرجوگۆڵتر بووم .ڕۆژانێکی باشم لەلای نەنە عائیشە دەگوزەراند, بەڵام بۆ چەندەمین جار دووبارە قەدەر چارەنووسی شوومی منی بەرەڵا نەکرد.

نەیهێشت ئەو ئارامییە بەردەوام بێ. ئاسمان پەرش و بڵاو بوو, هەورەڕەشەکان بە خێرایی حکومڕانی ئاسمانیان بەدەستەوە گرت. دەنگە دەنگێکی ترسناکیان لە ئاسماندا دروست کرد.

پێدەچوو بیانەوێ هەواڵی ڕووداوێکی ناخۆش بدەن.

لەوانەیە ئەو ڕۆژە کەسێك ئەو ڕوداوە ناخۆشەی هەست پێ نەکردبێ , بەڵام زۆر گران بۆ من تەواو بوو.

کاتێك لە نێوان دەنگە دەنگی هەورەکان و بارینی لێزمەی باران دا خۆم گەیاندەماڵەوە, دراوسێکانی نەنە عائیشە لەوێ بوون, چونکە نەنە عائیشەی میهرەبانم چرکەکانی کۆتایی ژیانی تێدەپەڕاند. چوومە سەر سەری و داوام لێ کرد کە بەتەنها جێم نەهێڵێ. گوتی: هاتیەوە کچم؟ زۆر دەمێکە چاوەڕوانتم و بە

ئیشاره پێی گوتم که ئەو پرێسکەیەی که لەسەر پەنجەرەیە بۆی ببەم.

گوتی: هەندێ پارە و نامەی دایکت که بۆسورپەییای نووسیوە, داوای لێ کردم که ئەوت بۆ بدۆزمەوە.

هاوڕێ به گوتنی ئەو قسانە هەناسەکانی نەنە عائیشە تەواو بوون و بەو ئارامییەی که هاتبووە سەر دنیا, بەهەمان ئارامی چاوەکانی لەسەر یەك دانان و گیانی بە خودا سپارد, بەبێ ئەوەی که کەسێك نەنە عائیشە بناسێت, تەنها و بە هەموو دەرد و غەمەکانی لە دنیا ڕۆیشت و دیسان لەگەڵ دنیای تەنیایی و غەریبی و بێ کەسی تەنها مامەوە.

تەنها چەند سەعاتێك دوای مەرگی نەنە عائیشە کە بە بێ کەسی تەواو بوو و بە یارمەتیی خەڵکی ناوچەکە بردمان بۆ گۆڕستان و بە خاکمان سپارد.

سەر و سیمای دوو پیاو دەرکەوت و داواین لێ کردم کە لەو ماڵە بڕۆم و چونکە ئەوان خاوەنی ماڵەکە بوون.

چارەیەکم جگە لە ڕۆیشتن نەبوو. بە ناچاری خۆمم کۆکردەوە و بەدوای چارنووسی نادیار دا, ئاوارەی شەقام و کۆڵانەکانی شار بووم.

لە تەواوی ئەو ماوەیەی کە وێڵ و سەرگەردان, شەقام و کۆڵانەکانی شارم دەبڕین, بەختڕەشی دایکم, مردنی نەنە عائیشە و ڕۆژە ڕەشەکانی خۆمم تێدەپەڕاند.

بە ئاوابوونی خۆر چوومە ئەو میوانخانەیەی کە یەکەم جار لەگەڵ ڕۆستەم خان چووبووین.

دوای چەد ڕۆژ سەرگەردانی, کە نەمتوامی جێیەك بۆ مانەوە بدۆزمەوە, کەوتمە بیری خانمی بەڕێوەبەر و چووم بۆ لای و بەشێك لە ژیانی تایبەتیم بۆباس کرد.

منی برد بۆ ماڵی خۆی و تەنها دای تێپەڕینی دوو ڕۆژ دەنگی ناڕەزایی مێردەکەی بەرز بۆوە. کە بۆچی کچێکی بێ کەس و کاری هێناوەتە ماڵ . بە ناچاری ئەو پەناگایەشم لەدەست دا.

بەڵام خانمی بەڕێوەبەر خۆی لە نزیك ماڵی خۆیان ژوورێکی بچووکی بۆ بە کرێ گرتم و کەمێك کەل و پەلی پێدام. هەموو ڕۆژ سەردانی دەکردم و خواردنی بۆ دەهێنام .

هەر کاتێك کە لە قوتابخانە دەگەڕامەوە, سەرەتا دەچووم بۆ ماڵی نەنە عائیشە و تا ناونیشانێك لە ڕۆستەم خان و مام کەریم وەربگرم, بەڵام کەس هەواڵێکی لەوان نەبوو. دوای ئەوەی کە نا ئومێد بووم لە دیتنەوەی ئەوان, وێنەی سوڕەییام بە دەستەوە دەگرت و ئەوجار لە جادەکان بە دوای ئەودا دەگەڕام تا ئەوەی کە هیچ نەبێ ئەو بدۆزمەوە.

کە ئەو کارەش بێ سوود بوو .

ئەو بڕیارەش لە پەرلەمان دەرچوو بوو کە ئاغایان هەموو شتێکیان لەدەست دابوو بەهۆی دەرچوونی ئەو بڕیارەوە.

ئەو زەویانەی کە لە خەڵکیان وەرگرتبوو  بە زۆری, دایاننەوە بە خەڵك. ناو و ناوبانگی ئاغایان چووە ژێر گڵی ڕەشەوە.

ئیتر کەس مەجبوور نەبوو ڕەنجی دەستی خۆی بدات بە ئاغا, یان بێگاری بۆ بکات.

ئیتر کەس لە ئاغا نەدەترسا, بەڵکو ئەوجار ئەوان بوون کە لە خەڵك دەترسان. هەرئەو ترسەش ببووە هۆی ئەوەی کە ئاغاکان لە ناوچەیەی لەژێر دەستی دەوڵەت دابوو, ڕابکەن.

هەتا خەڵکی شاریش یادی ئەو ڕووداوەیان بە باشی دەکردەوە.

ئەو بەسەرهاتانە بوون, بوو بوونە هۆی ئەوەی کە ڕۆستەم خانیش وەکو ئەوانی تر بزر ببێ.

هەر بەو هۆکارە ئومێدێکم بۆ دیتنەوەی ڕۆستەم خان نەبوو. بەڵام لە هەمان کاتدا لە کۆڵان و شەقامدا بەدوای سوڕەییادا دەگەڕام .

چەند مانگ بەو شێوەیە تێپەڕی, بەبێ ئەوەی کە لەو شارە گەورەدا, ڕۆژانە هیوایەکم هەبێ. پارەکەی نەنە عائیشەش تەواو ببوو.

خانمی مدیر پێشنیاری بۆ کردم کە لە ماڵی بابیدا , کە یەکێك بوو سەرمایەدارانی شار, بە ناونیشانی خزمەتکار ئیش بکەم . وە لەو ڕێگەیەوە پارە وەربگرم. منیش بە خاتری بێ پارەیی بە تۆبزی بۆ کار چووم بۆ لای حاجی ڕەحیم, بابی خانمی بەڕێوەبەر.

لە هەمان ڕۆژە سەرەتاکان کە پێم نایە ماڵی, هەستم بەباشی نەکرد, چونکە خەڵکێکی زۆر هات و چۆیان بۆ ماڵی ئەو دەکرد و لەویش خراپتر, نیگا بێشەرمانەکەی حاجی ڕەحیم بوو.

لە دیتنەکەی ڕا دیاربوو کە شتی لێم دەوێت, ئەوەش منی ئازار دەدا. تا ئەوەبوو بە تێپەڕینی تەنها بیست ڕۆژ ئەو قسانەی کە بە چاوانی دەیکردن , هێنانییە سەر زمان.

داوای لێ کردم کە لەبەرانبەر شەوێك پێکەوە بوون, پارەیەکی زۆرم پێ دەدات. لە بیستی ئەو قسەیەی حاجی, کە تەمەنی باپیرمی هەبوو, لەشم کەوتە لەرزە.

لە کاتێکدا کە لە ترسان قسەم پێ نەدەکرا, بەبێ ئەوەی بگەڕێمەوە پشتاو پشت لە ماڵەکەی هاتمە دەرەوە و بە دڵێکی شکاوەوە, کە دەتگوت دنیایان بەسەر مندا ڕووخاندووە, ماڵی حاجیم جێ هێشت.

هەرچەندە هەوڵم دا ڕێ لە فرمێسکەکانم بگرم و بە نهێنی بیانهێڵمەوە, نەکرا و هەروەك چۆن فرمێسکەکان دەهاتنە خوار ڕێی ماڵەوەم گرتەبەر.

تەواوی شەوەکە بیرم لە حاجی کردەوە, کە دەیویست لە تەنهایی و بێ کەسیم سوود وەرگرێ.

ئەو ڕۆژە ئەوەندە تەنیا بووم کە کەسانێکی وەکو حاجی دەیان ویست ( هەتا بۆچەند شەوێکیش بێ) حەز و ئارەزووەکانیان بە

من خاڵی بکەنەوە . ئەگەر ئەو ڕۆژە دەستێك پارێزگاری لیّ کردبام, هیچ کەس نەیدەتوانی شتێکی ئاوا لە من چاوەڕوان بکات.

ئەگەر ئەو ڕۆژە بابم بە هەمان دەستی قەڵشیوی لوقمەنانێکی جۆی پیّ دابام, من هەرگیز بە سکی برسییەوە سەرم لە ئامێزی نەدەگرت, ئەگەر بۆ تەنها جارێك هەستم بە دەستی سۆزی بابم کردبا, هەرگیز خۆم بە تەنیا و غەریب نەدەزانی .

ئەگەر بۆ جارێك بابم, بە ناوی ( کچم ! ) بانگی دەکردم, هەرگیز ئاوارەی شارەکان و سەرگەردانی شەقام و کۆڵانەکان نەدەبووم.

ئەگەر ماڵێکی داری لە سەرووی کێوەکانەوە بۆ دروست کردبام, هەرگیز نەدەچوومە سایەی هیچ بێگانەیەك.

تا سپێدەی بەرەبەیان, جوابم لەو ئەگەرانە ویست, بەڵام هیچ وڵامێکم لەوانەوە دەستنەکەوت.

بڕیارمدا: بە نهێنی لە ماڵ و خانمی بەڕێوەبەر دوور کەومەوە, بەڵام هەمان ڕۆژ, کاتێك لە قوتابخانە گەڕامەوە, خانمی بەڕێوەبەر و بابی لەپێش دەرگا وەستابوون.

بە گوتنی: ( سەلام ), خانمی بەڕێوەبەر بە زللەیەکی توند کە لە ڕووخساری دام, جوابی سەڵامی دامەوە و گوتی: وەکو دایك

دەستم گرتی, سۆزم بۆ نواندی تا هەست بە غەریبی نەکەی, ئەوەیە وڵامی سۆزەکانم. سەلماندت کە منداڵێکی گوندی بێ دایك و باب و دزی.

شیاوی تۆ هەمان ئەو شێوێنەیە کە لێوەی هاتووی, بەڵام خانمی بەڕێوەبەر بۆچی؟ مەگەر چی بووە؟

بە بێ هەستییەکی تەواوەوە گوتی: بۆچی دزیت لە ماڵی بابم کردووە؟ خێراکە بڕۆ پارەکە بێنەوە و دەنا شکایەتت لێ دەکەم. بە سەرسوڕمانەوە سەیری ئەوانم کرد و لەبەرانبەر ئەو تۆمەتە گەورەیە, جورئەتی پارێزگاریکردن لە خۆمم نەبوو.

ئەوان بە دەنگەدەنگ چوونە ژوورەوە و دوای هەڵڕشتنی ماڵ, هیچیان نەدۆزیەوە. بەڵام خانمی مدیر فرسەتی چەند ڕۆژێکی پێ دام , بەدوای کەوتم و گوتم: بەخودا من دزیم نەکردوووە.

بەڵام خانمی بەڕێوەبەر بەبێ ئەوەی گوێ بۆ قسەکانم بگرێ, بەردەوام بوو لە سەرزەنشت کردنم.

زۆر بە خراپی تێکشکام, بەشێوەیەك کە لە پێکانمدا هێزێك بۆ ڕۆیشتن نەبوو. غەم ڕووخسارمی داپۆشی, غەریبی و دڵتەنگی تەواوی بوونمی گرتەوە و تۆمەتی دزی هەستی جوانمی دڕاند و

دڵی پاك و بچووكمی, نه تەنها جارێك, بەڵكو بۆ چەندەمین جار برینداركرد.

لە ناوەڕاستی حەوشەدا دانیشتم, تا ئەوەبوو ساحێبی ماڵەکە لەگەڵ هاوسەرەکەی هاتنە لام و ئەوانیش هەمان کات منیان دەرکرد و میهر و خۆشەویستیی بێ کۆتاییان پێشکەش کردم.

بەهەمان ڕوخساری تەڕ و فرمێسکەوە و دەستە لەرزۆکەکانم لە قورگدا گرتبوو , بۆئەوانشم ڕوون کردەوە کە بێ تاوانم . بەڵام ئەوان دووپاتیان کردەوە کە هەمان ڕۆژ و هەمان کات لەوێ بڕۆم .

ساحێبی خانووەکەش وەك بابی نا میهرەبانم, منی بە بێ هیچ گوناهێك لەو هەوا ساردەدا لە ماڵی دەرکردم.

بە دڵێکی پڕ لە غەم و گیانێکی بریندارەوە و کۆڵێك خەفەتەوە لەو ماڵەش ڕۆیشتم و بۆ چەندەمین جار ئاوارەی کۆڵانەکانی شار بووم. بۆنی خواردنەکانی کە لە کۆڵانەکان بڵاو بوو بوونەوە و بۆنیان دەهات, ئازاریان دەدام و بە توندی کاریگەرییان لەسەر برسێتیەکەم دادەنا.

بەڵام دەردی برسێتی شتێکی ئاسایی بوو, چونکە نیوەی تەمەنم لە برسێتیدا تێپەڕاندبوو.

ئەو هەوا سارد و بەستەڵەکەش خوێی بە برینەهەمیشەییەکانمدا دەکرد.

شەو گەیشتە جێ و من بەردەوام بووم لە گەڕان بە کۆڵانەکادا .

مرۆڤێکی زۆر بە تەنیشتمدا تێپەڕین و بە ئاسانی دەکرا کە ئەو کۆڵە پشتەی منی وەك خۆی لێ کردووە, تێ بگەی کە زۆر تەنیام, بەڵام تەنها کەسێکیش گرنگیی بە من نەدا. بەڵکو بە نیگای نەفرەت ئامێز بە تەنیشتمدا تێدەپەڕین دەکرد.

خودا دروستکراوانی خۆی چەند سەیر دروست کردوونە, دڵێکی بە خەڵکی گوند داوە, کە بە خاتری سەگێکی برسی دڵیان لێ دەدات, بەڵام دڵێکی بە خەڵکی شار داوە کە نەك تەنها بە غەریبەیەك, بەڵکو دڵیان بۆ پشیلەیەکیش ناکەوێتە لێدان.

ئەو ڕۆژە تێگەیشتم کە بۆچی دایکم دەیگوت: ئەگەر غەریبەیەك دەهات بۆ گوند, خەڵکی وەك بردنەوەی میوان, کە باوەڕیان وابوو خۆشەویستی خودایە, بانگهێشتیماڵیان دەکرد .

لە کاتێکدا کە هەستێکی ئاوا پاك و بێگەرد لە نێوان شارنشینیاندا زۆر کەم بوو.

پەنام بۆ خانوویەکی تێکدراو کە تەنها سەقفی هەبوو برد و شەو لە هەمان شوێن مامەوە و هەوا زۆر سارد بوو. بارینی بەفریش کە عەسر دەستی پێ کردبوو, بەردەوام بوو و خەیاڵەکانی کەم ڕەنگتر دەکردم.

خۆم خستە گۆشەیەك و پرێسکەکانم بەسەر خۆمدا دان و لە بێ هیوایی تەواودا, چاوەڕێی هاتنی سپێدەی بەیانی بووم.

بە هاتنی بەیانی, شتەکانم لەوێ دانان و چووم بۆ قوتابخانە.

کارزان یەکەم کەس بوو کە هۆکاری ڕەنگ زەردی و لاوازیی منی پرسی.

ئەو تەنها کەس بوو کە لەو ڕۆژەدا و لەو حاڵە خراپەدا پەنای بۆ ببەم.

چیرۆکی ئاوارەبوونی خۆمم بۆ ئەویش باس کرد, کە چۆن حاجی ڕەحیم تۆمەتی دزی داومەتە پاڵ و ساحێبی خانووەکە دەری کردم لە ماڵ و شەوی ڕابردوو لە کۆڵانەکانی شار بەسەرم بردووە.

کارزان زۆر ناڕەحەت بوو و فرمێسکی زولاڵی بۆ بەختڕەشیی من پێشکەشی زەوی کرد و داوای لێکردم کە لەگەڵی بچم بۆ ماڵی ئەوان.

دیسانیش بە ناچاری پەنام بۆ ماڵی بێگانەیەکی دیکە برد, بەبێ ئەوەی بزانم کارزان کێیە و خێزانەکەیان چ جۆرە کەسانێکن. بەڵام چوون بۆ ماڵی ئەوم بە باشتر دەزانی لەوەی کە لە کۆڵانەکان بخەوم.

پێکەوە چووین بۆ هەمان خانوو کە شەوی ڕابردوو لەوێدا بەسەرم بردبوو. بەڵام ئەسەرێك لە کەل و پەلەکانم نەبوو.

لەوانەیە ئەو خرتەو پرتە دەروێشیانەی من سوودیان بۆ یەکێکی لە من بەدبەختر هەبووبێ. هەر لەبەر ئەو هۆیە بوو کە ناڕەحەت نەبووم لەوەی کە شتەکانمیان بردووە.

کاتێك گەیشتینە ماڵی کارزان لەو کۆڵانە مامەوە و داوام لێ کرد کە سەرەتا چیرۆکەکە بۆ خێزانەکەیان بگێڕێتەوە و ئەگەر ئەوان ڕازی بوون, ئەوکات بچمە ژوور.

چەند دەقەیەك لە کۆڵانەکە مامەوە تا بزانم ئایا ئەوان ڕازین هیچ نەبێ بۆ چەند ڕۆژێك شوێنێکی مانەوە بە من بدەن. ئەولاو لای کۆڵانەکە دەڕۆیشتم و بە پێکانم کۆڵانەکەم دەپێوا, تا

ئەوەبوو دایکی کارزان هاتە دەرو گوتی: کچم هەوا ساردە وەرە ژوورەوە, بۆچی بەو هەوا ساردە لێرە وەستاوی؟

ڕووخساری دایکی زۆر ناسیاو دیاربوو و بۆ چەند ساتێك سەیری چاوانیم کرد و لێی ورد بوومەوە کە بۆچی ئەو ڕووخسارە ئەوەندە ناسیاوە.

فکرم کردەوە کە ئەوم لە کویێ دیتووە, تا ئەوەبوو بە گرتنی دەستەکانم منی لە دنیای خەیاڵاوی هێنایە دەر و پێکەوە چووینە ژوور.

بۆنی شێو, بووە هۆی ئەوەی کە هەنگاوەکانم بۆ گەیشتن بە خواردن توندتر بکەم.

چونکە دوو ڕۆژ بوو, هیچم نەخواردبوو و ئەو خەیاڵانە بوون کە سکی برسیییان ئارام دەکردمەوە.

برا گەورەکەی کارزان, لەگەڵ دایکی چاوەڕێی هاتنەوەی کارزان بوون تا لە قوتابخانە بگەڕێتەوە و پێکەوە نان بخۆن.

بەو شێوازە غەریبانەیەی کە سەیری خواردنەکەم دەکرد, تێم گەیاندن کە زۆرم برسییە.

هەر ئەو نیگایانە بوون کە وایان کرد من بانگهێشتی نان خواردن بکەن.

بەبێ ئەوەی کە شەرمەزار بم یان هەست بکەم کە کێ لە دەوروبەرمە, هێرشم کردە سەر خواردنەکە و دوای ماوەیەك کاتێك سەرم هەڵێنا, ئەوان هەموو سەیری منیان دەکرد, بەڵام

قسەیەکیان نەکرد و لە بێ دەنگییەکی ماناداردا بەردەوام بووم لە نان خواردن.

لە کاتێکدا کە غەرقی نان خواردن بووم, جار جار, چاوانی دایکی کارزان, منییان دەخستە بیرکردنەوەوە.

دوای نانی نیوەڕۆ, دایکی کارزان پرسیاری دایك و بابمی لێکردم.

هەر ئەوەندە بوو کە ناوی دایکم هات , تێگەیشتم ئەو ڕووخسارە زۆر لەو وێنەیە دەچێ کە دایکم پێی دابووم. بەخێرایی چووم کتێبەکانم پشکنین و وێنەکەم بە دەستەوە گرت.

جارێك سەیری وێنەکەو جارێك سەیری دایکی کارزانم دەکرد, تا ئەوەبوو کارزان هۆکاری ئەو کارەمی پرسی.

گوتم: سەیرکە ئەو وێنەیە زۆر لە دایکت دەچێ.

کاتێك وێنەکەم بە دایکی دا بە شێوەیەکی سەیر گوتی: بەڵام ئەو وێنەیە لەمن ناچێ. وێنەی کێیە ؟

گوتم: ئەوە وێنەی سوڕەییایە, مامۆستای دایکمە.

بە هێنانی ناوی سوڕەییا و دایك و بابم و گێڕانەوەیەك لە یادگارییەکانی ئەوان, فرمێسکی دایك و برای کارزان هاتنە خوار. ڕووخساری دایکی تێکچوو.

تێگەیشتم کە پەیوەندییەك لە نێوان ئەو وێنەیەو ئەودا هەیە.

ئەوەبوو, کەوتمە بیری نامەو دەستبەندی کە سوڕەییا بۆ دایکمی کڕیبوو.

چووم لێیان بگەڕێم و گوتم: ئەوەش نامەی دایکمە کە بۆ مامۆستاکەی نووسیووە و ئەوەش دەستبەندی ئەوە.

پێی گوتم  هەر کاتێك سوڕەییام دیتەوە ئەو بەو نیشانانە دەتناسێتەوە.

بەپەلە دەستبەندەکەی لە دەستم ڕفاند و داوای لێ کردم نامەکەی دایکمی بۆ بخوێنمەوە .

دایکم نووسیبووی :

سەلام سوڕەییا گیان ، مامۆستای فیداکاری دەورانی منداڵیم . خۆزگە دەمزانی ئەو شتەی کە ئەورۆ دەمەوێ لەگەڵتی باس بکەم لەکوێوە و چۆن دەستی پێ بکەم! لەبەرئەوەی ئەوەندە هەست بە شەرمەزاری و بەدبەختی دەکەم ، کە دەترسم ئەو وەرەقە سپییانە بەرگەی نووسینی بەدبەختییەکانم نەگرن .

ئەو نامەیەت بە دڵێکی پڕ لە غەم و چاوانی بە فرمێسک و کۆڵێک خەفەت و ناڕەحەتییەوە بۆ دەنووسم .

ئەو نامە لە کچی سمایلاغەوەیە ، کەسێک کە چەند ساڵ لەمەوبەر تۆ مامۆستای کچەکەی بووی .

لەکاتێکدا کە دایک و باپێکی دەوڵەمەندم و ناوبانگدارم هەبوون ، بەڵام تۆ لە هەموو ئەوانە بۆم خۆشەویست تر بووی .

ئەگەر تا ئەورۆ لەو دنیا بێ رەحم و بە تاڵ لە میهرەدا ماوم ، هەمووی بەخاتری پەندو ئامۆژگارییەکانی تۆوەیە دووەمیش لەبەر بوونی کچەکانم کە خوای گەورە بەمنی بەخشیون .

ئەورۆ بە کێوێک لە غەم و نارەحەتی کچەکەم بە دەستی غەریبەیەک رەوانەی خۆرئاوا کردووە . رۆژئاوایەک کە بێجگە لە خودا وپاشان ئێوە کەسی دیکە شک نابەم لەوێ .

بۆ رزگارکردنی لە ئێشکردن لە ماڵی ئاغاو دەردی بێ باوکی وفەقیری ونەداری ، ئەوم خستە دەمی شێرەوە .

بە هەزاران ئومێد و ئەو بێ سۆزییەی کە لە ڕێگەدا دەیچێژی ، ئەوم ڕەوانەی شارکرد .

بەڵام چاوی ئومێدم سەرەتا بە ڕەحمی خودا و دووەم لە ڕەحمی ئێوەیە .

گوڵێکتان بەدەست دەسپێرم کە بەداخەوە لە هەمان سەرەتای پشکوتنی بەو دڕکانەی کە دەورەیان گرتبوو ، هەڵاوگێر بوو و بەو باوەڕەی کە بە عەشقی پاکیم هەیە لە بەرانبەریاندا وەستایەوە و لەناو نەچوو .

ئەو گوڵەی کە بە دنیایەک غەم و خەفەتەوە لە دنیای سەرسەوزی گوندەوە ،ناردوومە بۆ دنیای نەگونجاو و ناڕێکی شار.

بەڵام باوەڕم وایە کە ئەوەندە سەربەرز دەبێ تا دەگاتە ڕۆژ و لە بەرانبەر ئەو دڕکانەدا خۆڕاگر دەبێت .

هەمان ئەو نیشانانەم بە کچەکەمدا ناردووە کە خۆت دەزانی چەندە خۆشدەویستن .

*هیوادارم دەستی گەوهەروگەرم بەخشی ڕوحەکەم بگری و وەك چۆن لە ڕابر دوودا دەستی منت گرتبوو، هەمان کاریش بۆکچەکەم بکەی، چونکە ئەو هیچ کەسێکی نییە، تەنهاو تەنهایە.*

دایکی کارزان هاتە پێش و توند منی لە باوەش گرت و گوتی: کچم! ڕاست هاتووی , من مامۆستای دایکتم. بۆ چەند ساتێك هەستم کرد لە خۆشیان دڵم لە لێدان کەوتووە.

چۆن دەکرا بەو ئاسانییە سوڕەییا بدۆزمەوە؟ لەوانەیە خەون بێ.

ئەو ڕۆژە تێگەیشتم کە لەوانەیە ئیتر بەدبەختییەکانم بە کۆتا هاتبن.

سوڕەییا بە سەعات منی لە باوەش دابوو و ماچی دەکردم .هەر دەیویست باسی دایکمی بۆ بکەم.

کاتێك باسی ژیانی دایکمم بۆ کرد, ئەو تەنها دەگریا. ئەوەندە سەرگەرمی قسەو باسکردنی ڕابردوو و بەدبەختی دایکم بووین کە نەمەنزانی سەعات چواری بەرەبەیانە.

تەواوی ئەو شەوە سوڕەییا لە جوانی و خۆشییەکانی دایکمی باس کرد , منیش لە بەدبەختی و چارەڕەشیەکانی.

هەرچەندە ئەو یادگاریانەی کە سوڕەییا لە دەورانی گەنجی دایکمی باس دەکردن, شادی و ئومێدی بەدڵ دەدایەوە, بەڵام من بە باسکردنی تەواوی یادگاریەکانی دایکم و بابم هەموو شادی و خۆشیەکانم کپ دەکردنەوە.

ئەو باسی خەندەکانی دایکمی دەکرد, کە هەرگیز گریان نەهاتۆتە سەر چاوانی. بەڵام من باسی ئەو یادگاریانەم کرد کە هەرگیز پێکەنین میوانی ئەو لێوە وشکانەی دایکم نەبووە و فرمێسك لە چاوانی نەبڕاون.

ئەو باسی خزمەتکارانی دایکمی دەکرد , بەڵام من باسی خزمەتی دایکمم دەکرد لە ماڵان دا. ئەو باسی دەستڕەنگینی و وێنە جوانەکانی دەکرد, بەڵام من باسی دەستە قەڵشیوەکانم دەکرد کە سەهۆڵەکانی دەشکاندن و جلی خەڵکی دەشردن.

ئەو باسی خواردنە خۆشەکانی دایکمی دەکرد و باسی سیسەمی دەکرد, بەڵام من باسی پەنیری بۆگەن و نانی وشك و حەسیری سادە و ئەو تەلیسە پڕ لە کایەم دەکرد کە لەجیاتی ئەوەی لەبن خۆی ڕابخا, لەبن سەری دادەنا دەکرد.

ئەو باسی عەبدولخالقی بەهێز و باسی عەزیزی میسری دەکرد, من باسی باوکی نامیهرەبان و زوولەیخای دڵکشاوم دەکرد.

ئەو باسی عەشقی دەکرد, من باسی جیابوونەوە. ئەو باسی غیرەتی دەکرد, من باسی بێ غیرەتی. ئەو باسی وەفا و بەڵێنی دەکرد, من لە بێ بەڵێنی و بێ وەفایی دەدوام. ئەو باسی بابمی دەکرد, من باسی هەتیوی. ئەو باسی ناو و ناوبانگی دەکرد, منیش بێ ناونیشانی. ئەو باسی سەروەتی دەکرد, من باسی هەژاری و نەبوونی.

تا بەیانی قسەمان کردن, بەڵام لە هیچ جێیەك شتێکمان هاوبەش نەبوو, لە ژیانی دایکمدا و ئەو ڕۆژە پەیم بەو ڕاستییە برد کە ژیانی گەنجی دایکم و پیریی ئەو دوو خەتە کە هەرگیز بەیەك ناگەن.

کاتێك لەگەڵ سورەییا باسی نەنە عائیشەم کرد, لەو کاتەدا گوتی: کە ئەو ژنە میهرەبانە نەنکی تۆیە. زۆر بیرم لەوە کردەوە کە بۆچی نەنە عائیشە من دەناسێ بەڵام پێی نەگوتوم کە ئەو نەنکمە.

لێرەبوو کە تێگەیشتم هەر کاتێك باسی دایکمم دەکرد, ئەو دەستی دەکرد بە گریان و جار جارە چاوانمی ماچ دەکردن و دەیگوت: ئەو چاوانە زۆر لە چاوانی کچەکەم دەچن, کە چەند ساڵە کۆچی کردووە.

چەند جار پرسیاری مردنی کچەکەیم لێ دەکرد, بەڵام ئەو وڵامی نەدەدایەوە. ئەو ڕۆژە تێگەیشتم کە مەبەستی دایکم بووە, کە ڕاکردنی لە ماڵ بووەتە هۆی ئاوارەبوونی نەنکم لە تەخت و تاجی پاشایی.

سورەییا گوتی: تا ئەو شوێنەی کە من ئاگادارم, دوای ڕاکردنی دایکت, تەواوی ئەو کەسانەی کە لە ماڵدا بوون سزای داون . هەتا چەند ساڵ بەدوای مندا گەڕاوە, چونکە منی بە تاوانباری سەرەکی دەزانی. سماعیلاغا, بڕیاری کوشتنی دایکت دەدات, بە هۆی ئەوەی هەمووان دەیانزانی کە ئەو بڕیارەی ئاغا بیدات جێبەجێ

دەکرێت, هەمان شەو, کوڕە بچووکەکەی ئەو لە ماڵ دەدزێت و بۆ شاری دێنێ. هیچ کەس نەیتوانی سۆراغێکی نەنکت بدۆزێتەوە و ئەوە کوڕە بچووکەکەی بوو کە بەدزی ئاغا و دارو دەستەکەی چاودێریی دایکی دەکرد.

کاتێك چیرۆکی ڕۆستەم خانم بۆ باس کرد , گوتی : ئەویش ناوی ڕۆستەم خان نییە, بەڵکو ئەحمەد خانە, خاڵی بچووکتە. دواتر ڕوون بۆوە کە ئەو کەسە نەناسیاوەی لە ساڵێدا سێ چوار جار پارەی بۆ دەناردین خاڵم , ئەحمەد خان بووە.

لەو چارەنووسە سەیر و غەریبە, میهرەبانییەکانی خاڵم سەرم سوڕمابوو. کە کوڕە ئاغا بوو, حەیران مابووم !

چەند ڕۆژ دواتر سوڕەییا ( کاروان )ی کوڕە گەورەی نارده گوند بەدوای دایکمدا. تاکو ئەوان لەگەڵ خۆی بۆ شار بێنێ.

کاروان دوای دوو هەفتە گەڕایەوە و گوتی: بە قسەی خەڵکی گوند, داکم و جەمیلە چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە گوند ڕۆیشتوون.

ئیتر ئاغا لەو نێوانەدا نەبوو کە کە نەیەڵێت دایکم یان هەر کەسێکی دیکە بێن بۆ شار, یان بۆ شوێنێکی دیکە برۆن.

چونکە تا ئاغا دەسەڵاتی هەبوو, ( هەتا لە گوندیش ) هیچ کەس بۆی نەبوو بڕوات, چونکە هەموو خەڵکی قەرزار و کرێکار بوون و تا قەرزیان نەدابایەوە نەیان دەتوانی لە گوند بڕۆن .

سورەییا بەڵێتی دا کە بۆ خۆی بەدوای دایکمدا دەگەڕێت و ئەو دەبینێتەوە. دایکم حەقی بوو کە زۆری لێم دەکرد کە سورەییا ببینمەوە. چونکە ئەو مرۆڤێکی زۆر باش بوو. بەڵام چارەنووسیش زۆر لەگەڵ ئەو میهرەبان نەبوو. دوای ئەوەی کە لەماڵی ئیسماعیل ئاغا دەڕوات و دەچێتەوە شار, هاوسەرگیری دەکات و دوای سێ ساڵ هاوبەشیی ژیان, دەبێتە خاوەنی دوو منداڵ. بەڵام بە تێپەڕینی پێنج ساڵ ڕووناکی ماڵی ئەویش دەکوژێتەوە. هاوسەرەکەی کە لە سەرمایەداران و یەکێك لە گەورە پیاوانی شار بوو, بەشێوەیەکی نادیار دەکوژرێت و بەبێ ئەوەی کە کەس بزانێ بۆ چ هۆیەك کوژراوە ؟

تەنیا پشت بە گەورەکردنی منداڵەکانی دەبەستێت. هەردوو منداڵەکانی لە ئەوپەڕی خۆشبەختی بەردەوام دەبن لە خوێندن.

بەهۆی ئەوەی کە مانگێك تێپەڕیبوو بەسەر هاتنی دایکمدا, بەڵام ئێمە هێشتا ئەوانمان نەدیتبۆوە. بۆ دیتنەوەی چرکەمان دەژماردن.

دایکی ئازیزم! بەڕاستی پەیم بەوە بردووە کە ئەگەر تۆم هەبی دەتوانم بە جوانی دەروبەرم ببینم. دەتوانم هەموو ئەو شتانە ببینم کە خودا بە مرۆڤی بەخشیوە, دەتوانم هەست بە هەموو ئەو شتە جوانانە بکەم کە خۆیان وەك تۆ دەنوێنن, کە لە جوانیدا شێوەیان لەتۆ دەچیَ.کەواتا ئەی دایکی ئازیزم,

تۆ وەکو گرنگترین کەس, هەموو کات لە خەڵوەتی بچووکی مندا بوونت هەیە.

من چاوەڕێم کە بێی و ئارامیم بۆ خەڵوەت بگەڕێنیتەوە.

هەموو ڕۆژ بیر لەوە دەکەمەوە کە کەی بێت و پێت بگەمەوە, تا جارێکی دیکە لە باوەشی گەرمی تۆدا ئارام بگرم.

بەلیَ دایکی ئازیزم, تەواوی خەڵکی دنیا لەمن توڕەن. ئەوڕۆ تەواوی دەرگاکان بە ڕووی خۆمدا بە داخراوی دەبینم و لە شوێنێکی گەورەدا پەلە قاژەمە.

ڕۆحی ئازاردراوم تەسلیمی نا ئومێدیەکان نابیَ .

شەو و ڕۆژ غەمێکی گەورە دڵ و ڕوحم ئازار دەدات. تەواوی بە هۆی ئەوەیە کە بە کیلۆمەتر لەتۆ دوورم. هەموو ڕۆژ هەنگاوی ئاوابوونی خۆر لەنزیك پەنجەرەی ژوورەکەمدا دادەنیشم و ئەژنۆی غەم لە باوەش دەگرم و غەم بە میوانی دڵی برینداربووم بانگهێشت دەکەم .

شتێك لە ناخمدا قورسایی دروست دەکات, هەست دەکەم خەمی خەڵکی کەوتۆتە گیانم و ڕوحی تایبەتیم ئازار دەدات. ئەو هەستە لە منداڵییەوە لەگەڵم بووە و سات و ناسات دڵم دەگرێ غەم دەکەوێتە بەر گیانم.

ڕۆژێك کە لە قوتابخانە لەگەڵ کارزان دەگەڕاینەوە, ڕۆستەم خانم دیت و بانگم کرد و لە کاتێکدا بۆ لای ئەو دەچووم, خۆم هاویشتە باوەشی. ئەو بە هەیەجانەوە منی لە باوەش گرت و ماچی کردم و گوتی: کچم! بۆ کوێ ڕۆیشتی؟ من دەمێکە بەدوای تۆدا دەگەڕێم . گوتم : خاڵە ! ! قسەکەی پێ بڕیم و بڕۆکانی تێکدا و گوتی : بۆچی پێت گوتم: خاڵە ؟ گوتم مەگەر تۆ خاڵی من نی؟ ئێستا لەگەڵم وەرە تا هەموو شتێکت بۆ باس بکەم. کاتێك گەیشتمە ماڵ و خاڵم سورڕەییای دیت, زۆر سەری سوڕما و گوتم:

خاڵە ئەوە مامۆستای دایکمە. دوای مردنی نەنە عائیشە لای ئەوانە ژیان بەسەر دەبەم و سوڕەییا هەموو شتێکی بۆ باس کردم. کاتێك خاڵم زانی هەموو ڕاستیەکانم زانیوە, دووبارە باوەشی کردەوە و بە تەواوی بوونیەوە لە باوەشی گرتم. وە پێکەوە بۆ ئەو چارەنووسە عەجیب و غەریبە گریاین.

خاڵم کاتێك زانی کە دایکم هاتووە بۆ شار, ئەویش چوو بەدوای دایکمدا. ساڵێك لە هاتنی من بۆ شار بە تەواوی خۆشی و ناخۆشیەکانییەوە تێپەڕی, لەوەی کە دایکم مانگێك بوو هاتبووە شار, زۆر نیگەران بووم.

ڕۆژێك زەنگی ماڵی سوڕەییا لێ درا. هەر ئەوەبوو کە دەرگا کرایەوە, کاروان بەپەلە هاتە ژوور و گوتی: ئەوانم دیتوونەوە. ئەو ناونیشانانەی کە باسی کردن دیاربوو کە خۆیانن. داوام لە سوڕەییا و خاڵم کرد هەرچی زوویە بچین بۆ ئەوی.

دڵم لە سینەدا ئارام و قەراری نەبوو. ئەوەندە خۆشحاڵ بووم کە سەرتاپام دەلەرزی .

دایکم و جەمیلە, لە ئاقارێکی شار, نزیکی زبڵدانێك بە تەختەو بەتانی, پەناگایەکیان بۆ خۆیان دروست کردبوو.

کاتێك زیور و فریشتەم لە نزیك زبڵدانەکان دیت, فرمێسك لە چاوانی هەموان هاتنە خوار. خاڵم داوای لیّ کردم کە پێش هەمووان بچم. هەر ئەوەبوو کە چەند هەنگاوێك نزیکی ئەوان بوومەوە, زیوەر منی دیت و هاواری ژنانەی کرد و گوتی: دایکە وەرە کازیوە لێرەیە.

دایکم و جەمیلە لەو ماڵە بێ سەقفە هاتنە دەر و تا چاویان بە من کەوت بە پێخواسی بۆ لام هاتن. هەر ئەوەی کە دایکم لێم نزیك بۆوە و سوڕەییا و ئەحمەد خانی دیت, لەجێی خۆی ڕەق بوو.

دوای ماوەیەك کە سەیری ئێمەی کرد و بەسەر ئەژنۆکانی کەوتە سەر زەوی و دەستەکانی بۆ لای ئاسمان بەرز کردنەوە و هەزار جار شوکری خودای کرد و گریا.

ئەوەندە بە جوانی قسەی لەگەڵ خوای خۆی دەکرد کە کەس جورئەتی ئەوەی نەبوو ئەو ڕاز و نیازە تێك بدات.

بەهەرحاڵ خاڵم جورئەتی پەیدا کرد و لە دایکم نزیك بۆوە و دەستەکانی ئەوی گرتن و بەرزی کردنەوە. بۆ قەرەبوو کردنەوەی تەواوی ئەو ساتانەی کە لێك دوور بوون, یەکتریان لە باوەش گرت.

ئەو شەوە شەوێکی جوان بوو, شەوێك کە ئیتر ئاسمان دڵگیر نەبوو و لە خۆشحاڵیان بە خێرایی فرمێسکەکانی بەر زەویی وشك دەکەوتن.

ئەستێرەکانیش وەکو من شادن و لە خۆشیان ناچنەوە ماڵەکانیان . ئێستا من لە ژێر باران چاوەڕێم دوای چەند ساڵێك خۆشییەکانم لەگەڵ تەواوی بێچارەکان لە زەویدا دابەش بکەم.

شەو, ئاسمان ئاهەنگی لای‌لای بۆ دەکردم, تا دوای چەندەها ماوە خەوێکی خۆش چاوانم بگرێ.

بەڵێ ئەمشەو ئاسمان وەکو من لە شادی دایە و دەیەوێ شادییەکانی لەگەڵ هەمووان و هەتا گوڵەکانی حەوشەمان دابەش بکات.

ئاسمان دەیەوێ بیسەلمێنێ, ئەوەی کە دەیەوێ دەیکات.

ئەوشەو پەنجەرەکانیش, کە هەستییان بە تەمەنێك لە غەم و ئازار و پەژارەکانی من دەکرد, لە خۆشیی ئاسمان بەدەر نەبوون و ئاسمان لەم شەوە جوانەدا بە فرمێسکەکانی ئەوانی ماچ کرد.

ئەمشەو زەویش وەك من لە تەمەنێك ئاسایش دایە.

ئەمشەو زەوی تێگەیشت کە من مافی ئەوم لە ئاسمان وەرگرتەوە " ئەو مافەی کە بیست ساڵە ئاسمان درێغی لێ دەکات.

ئەمشەو شەوی فڕینە و من وەك کۆترێکی باڵگرتوو بەرەو ئاسمان فڕیم.

لە نێوان ئەو هەموو شادییانەی کە لەماڵدا هەمان بوون, بۆ ساتێك کەوتمەوە بیری بابم و هەستم بە نەبوونی ئەو کرد و دووبارە پرسیارم لە دایکم کرد. هەر ئەوەندە کە ناوی عەبدو

لخالق هات, بێ دەنگییەکی ترسناك ماڵەوەیدا گرت و فرمێسکەکانی دایکم کە دەکەوتنە سەر تابلۆکە, بێ دەنگییان شکاند.

خاڵم گوتی: ئیتر کەس بۆی نییە ناوی ئەو بێنێ. دایکم قسەی پێ بڕی و گوتی: ئیتر پێویست ناکا بیر لە تۆڵەی عەبدولخالق بکەیەوە. گلەییم لە دایکم کرد کە بۆچی هێشتا پارێزگاری لێ دەکات.

دایکم دەستی بەسەری زیوردا هێنا و گوتی: بەڵام کچم دوای مردن باشترین کار بۆ ئارامی ڕوحی ئەو, دووعاکردن و لێخۆشبوونیەتی و بە دەنگێکی بەرز بەردەوام بوو لە گریان .

هەموو سەیری زاری دایکممان دەکرد کە چ شتێك بەسەر باوکمدا هاتووە. دوای ماوەیەك کە گریان مەجالی بە دایکمدا هەناسە هەڵمژێ, گوتی: هەمان ڕۆژ کە عەباس ئاغا کازیوەی دۆڕاند, تەواوی خەڵکی گوند سەرزەنشتی عەبدولخالقیان کرد و بە پیاوێکی بێ غیرەت سەیریان دەکرد.

بەشێوەیەك کە بابت نەیدەتوانی هەناسە بدات.

تا ئەوەبوو ڕۆژێك بابت لە حەوشەی ئاغادا لە پشتەوە تەقەی لە عەباس کرد و ئەوی کوشت. هەمان کات دار و دەستەی عەباس بابتیان کوشتەوە.

جەنازەی عەباس بە شێوەیەکی ڕێك بەخاك سپێردرا. بەڵام جەنازەی عەبدولخالق لە ناوەڕاستی گوند فڕێدرا, تا ببێتە خواردنی سەگەکان و هەروەها دەرسێکیش بێ بۆ خەڵکی گوند.

چەند ڕۆژێك جەنازەی عەبدولخالق لە ناوەڕاستی گوند مایەوە, تا ئەوەبوو شەوێك لەگەڵ عەبدولکریم و جەمیلە لاشەکەیمان دزی

و له کاتێکدا که نیوەی لاشەی ئاژەڵان خواردبوویان، دوای شوشتن، لاشەکەیمان دفن کرد، بەشێوەیەك که ئاغا پێی نەزانیَ. ئەو شەوە زۆریان بەخاتری ئەو هەموو لەخۆبوردەییەی ڕابردووی دایکم گلەییان لیَ کرد.

بەڵام دەتگوت دایکم هیچ سەرزەنشتێکی گویَ لیَ نییە، چونکە عاشق بوو و عەشقێکی پاکی له ڕیشەدا بنیاد نابوو و تا کاتێك زیندوو بوو، ئەو عەشقەی له دەرووندا بە زیندوویی هێشتەوە.

خاڵم لەو نزیکانەی ماڵی سوڕەییا ماڵی بۆ کڕین. هەر بەو شێوەیەی که بەڵێنی دابوو، ئەو شتانەی که له ڕابردوودا بەسەرماندا هاتووە، قەرەبووی کردنەوە.

وەك برایەك بوو بۆ جەمیلەو دایکم و بۆئێمەی منداڵانیش، باوکێکی میهرەبان.

بەهۆی ئەوەی که ئیسماعیل ئاغا لەکار کەوتبوو، بەڵام هێشتاش لەو دەترسا و تەواوی ئەو کارانەی بەدزی ئەو دەکرد.

ڕۆژانی خۆشمان له دراوسێیی لەگەڵ سوڕەییادا تێپەر کرد و لەو کاتەدا ئەوەندە لەگەڵ کارزان لێك نزیك ببوینەوە، که هاودەردی یەکتر بووین. دوای ئەوەی که ئەحمەدخان له بابی دڵنیا بوو،که

ناتوانێ کارەکەی بکا, بۆ هەمیشه هاته شار و به هۆی ئەوەی تەمەنی 45 ساڵ بوو, بەڵام هێشتا هاوسەرگیریی نەکردبوو.

هەر لەبەر ئەو هۆیه بوو که دایکم داخوازی سوورەییای بۆ ئەحمەدخان کرد و داوای هاوسەرگیری لێ کرد, بەقسەی خۆی بەو کارەی جۆرێك بوو له قەرەبوو کردنەوەی ئەو کارانەی ڕابردوو. چونکه ئەو بەهۆی ئەوەی دەیزانی من و عەبدولخالق به کوێدا ڕامان کردووه و بۆ کوێ چووین, بەڵام ئەو قسەی نەکرد و یارمەتیشی داین. هەر بەو هۆیەش بوو دایکم به ڕازیکردنی کاروان و کارزان, ئەحمەد خان هاوسەرگیریی لەگەڵ سوورەییا کرد .

حەوت ساڵ له باشترین حاڵدا گوزەرا و من و کارزان بۆ هاتنەوەی ئەنجامی کنکور[1] چرکەمان دەژماردن. کاتێك ئەنجام ڕاگەیەنرا هەردووکمان له زانکۆی زانستی پزیشکی تاران وەرگیرا بووین.

[1] کنکوڕ : له ئێران کنکوڕ دوو ساڵ خوێندنه پێش زانکۆ یان پەیمانگایه , زیاتر ئەو خوێندنه بۆ ئەو قوتابیانەیه که شارەزایی پەیدا دەکەن له زانکۆ , واتا وەك خۆئامادەکردنێکه .

دەتگوت ئەوجار چارەنووس ڕوویەکی خۆشی بە ئێمە نیشان داوە و دوای تێپەڕینی ڕێوڕەسمەی کە بۆ ئەو بابەتە ئامادەکرابوو. بۆ تاران ڕۆیشتین.

ئەوەندە خۆشحاڵبووین کە لەسەر هەورەکان دانیشتوین و بیری سەری زەوی دەکەین.

سێ ساڵ لە دەورانی زانکۆم بەباشی تێپەڕی. ئیتر دەردی برسێتی و دەردی تەنیایی و بێکەسی ئازاری نەدەداین, ئیتر لە نان جۆ خەبەرێك نەبوو و لە حەسیری سادەش هەمان شێوە .

لە کارزانیشدا گۆڕانکاری دروست ببوو و منیش گۆڕانی هەڵس و کەوتی کارزانم بە باشی هەست پێ دەکرد.

ئێمە لێك نزیك بووین, باش یەکترمان دەناسی و بە هەستی یەکترئا شنا ببووین. بەشێوەیەك کە نهێنی لە نێوانماندا نەبوو .

وردە وردە کارزان باسی عەشقی دەکرد. لە بارەی هاوسەرگیری و خۆشبەختی قسەی کرد.

بە هەڵس و کەوتەکانی, وای نیشان دەدا کە عاشقم بووە و هەموو کات چاوەڕێی فرسەتێك بوو کە نهێنیی دڵی بدرکێنێ.

جار جار بەو یاداشتانەی کە لە کتێبەکانم دەینووسی و زۆر کات بەو قسانەی  کە دەیکردن, دەیویست من تێبگەیەنێت لە هەستی خۆی .

بەڵام ئەوەندە بەڕێز و بەئەدەب بوو, شەرمی دەکرد و نەیدەتوانی قسەی دڵی بڵێ.

بێ دەنگی نەکەم, چونکە بەهەمان شێوە کە ئەو منی خۆش دەویست, منیش هۆگری ئەو بووبووم. بەڵام من ئەو خاڵەی کە لەسەرم بوو, کارم پێ دەکرد, چونکە ناوی بێوەژنیی کە بە ناونیشانی یادگاریی لە چارەنووسی شووم و هاوسەرگیری بەزۆری لەسەر من بوو, جورئەتی ئەوەم نەدەکرد کە دنیای شیرینی ئەو تێك بدەم. من ژنێك بووم و ئەو گەنجێکی تازە پێگەیشتوو, هەرچەندە کارزان ئەوەی دەزانی, بەڵام من ڕازی نەبووم, بە ناونیشانی بێوەژنێك بچمە ناو ژیانی ئەوەوە.

زۆرینەی کاتەکان, لە نزیك دەستنووسەکان و قسەکانی بەبێ هیچ هەستێکیی تێدەپەڕیم.

دەتگوت نە هیچ شتێکم خوێندووە نە هیچ شتێکم نووسیوە. بەڵام ئەو لەسەر ئەو سەبرەی من نەوەستا و زوو هاتە سەری و ڕۆژێك هاتە داخیلی و داوای لێ کردم پیاسەیەك لەناو شار بکەین.

دوای چەند سەعاتێك لە گەڕان لە شەقامەکانی تاران, بەبێ هیچ پێشەکییەك گوتی: کازیوە هاوسەرگیریم لەگەڵ دەکەی ؟

زۆر بەو قسەیەی خۆشحاڵ بووم, بەڵام بەسەر خۆمم نەهێنا. من پێم وابوو, ئەو کەمێك بە سادەیی بەو باسانەدا تێدەپەڕی و ئەو خۆشەویستییەی کە بەرانبەر بەمن لە دڵی دا بوو, نەیدەهێشت باش بیر لەو بابەتە بکاتەوە .

گوتم: بیر لە پێشنیارەکەت دەکەمەوە. چەندین جار لەو بارەیەوە قسەم کرد, کە ئەو لەو بڕیارە بکشێتەوە , هەزار بەهانەم بۆ هێنایەوە , بەڵام ئەو عاشقێکی ڕاستەقینە بوو. بەهانەکانی منی قبوڵ نەدەکردن. لە کاتێکدا کە من ڕقم لە وشەی عەشق دەبۆوە. چونکە دایکم قوربانیی عەشق بوو, بەڵام عەشقی کارزان, وەك تاڤگەی ئاو بباریێت بەسەر ئاگردا, وابوو و ناخمی کردبووە خۆڵەمێش.

خۆمم گرفتاری بەڵای وێرانکەری عەشق دیت و وەك و باڵندەیەك خرامە ناو قەفەس.

دوای تێپەڕینی ساڵێك لە باسەکان, لە کۆتایی دا بەڵێنی عەشقمان دا. کارزان داوای لێ دەکردم کە ڕێی پێ بدەم, تا دڵی لە سینەی دەربێنێ و بیخاتە بەر پێکانم.

داوام لە خودا دەکرد هێزێکم پێ ببەخشێ, تاکو تەنها بۆ ئەو بژیم . هەردووکمان تەمەنناى چارەنووسمان دەکرد. کە بهێڵێ بۆ هەمیشە یەکترمان خۆش بوێ و جیابوونەوەمان کاتێك بێ کە لە دنیا ڕۆیشتووین.

هەر ڕۆژێك کە تێدەپەڕی, عەشق لە ناخماندا توندتر و ڕیشەدارتر دەبوو. ئەوەندە کارزانم خۆشدەویست, کە هەموو ڕۆژ بۆ ئەو لە خوناوی پەڕەی گوڵ دەگەڕام.

لە هەموو شوێنێك گوێم لە دەنگی دەبوو, بەشەوقەوە بەرەو رووی دەڕۆیشتم. ئەو منی پڕاو پڕ کردبوو لە هەست و خۆشەویستی . وای لێ دەکردم هاوار بکەم و بە هەموو کەس بڵێم کە عاشقی ئەوم . عەشقی وەکو ڕووناکی مۆم بوو. مۆمێکی تواوە کە لە دڵی شەواندا دەسووتا.

حەوت ساڵ لە خوێندنی زانکۆ تێپەڕی, لە کاتێکدا ماوەیەکی زۆر بوو, پێکەوە بەڵێنی هاوسەرگیریمان دابوو و ئەوەندە خۆشەویستیمان پێشکەشی یەکتر دەکرد, کە نە ئەو هەستی بێ باوکی دەکرد و نە منیش ئەوەندە.

پێکەوە هەستمان بە خۆشەویستی دەکرد, کە نەدەکرا ئەوجار گلەیی لە چارەنووس بکەی.

هەروەها هەردووکمان, ( زیاتر من) دەورانی منالّیم پڕ لە غەم و پەژارە تێپەڕاندبوو. بەڵام ئەوجار بۆئەو هەموو خۆشبەختیانە شوکرانەی خودامان کرد.

تێگەیشتین کە بەڕاستی ژیان وەکو سککە دوو ڕووی هەیە, باوەڕم نەدەکرد کە من دەتوانم ڕووی دووەم ببینم. تەواوی دەرگاکانی خۆشبەختیم , بەڕووی خۆمدا بە کراوەیی دەبینی.

ئیتر کاتی لەبیرکردنی دەورانی نەفرەتباری ژیانم بوو .

عەشقی کارزان, بە شێوەیەك ڕیشەی لە دڵمدا دەرکردبوو. کە تەواوی غەم و پەژارەکانمی لەبیر بردبۆوە و بە خۆشیەکان ئاشنا ببووم.

ئەوەندە مەست و شێت ببووم بۆ عەشقی ئەو, کە دەتگوت لەگەڵ تەواوی دنیادا بێگانەم.

لەو هەموو خۆشیەی شەو تا بەرەبەیان خەو نەکەوتە سەر چاوانم و بۆ ئەو عەشقە گەورەیە بە چاوانی تەڕ سوجدەم دەبرد.

دوای تەواوکردنی زانکۆ, گەڕاینەوە شارەکەمان و چاوەڕێی گەڕانەوەی بڕوانامەکەمان بووین. هەردووکمان توانیبوومان بە دەرەجەی بەرز زانکۆ تەواو بکەین.

دوای ماوەیەکی کەم, شەوێك خاڵم نامەی نارد کە بۆنان خواردنی ئێوارە و بەمەبستی کارێکی خێر, دێن بۆ ماڵی ئێمە.

لە خۆشحاڵییان خەریك بوو باڵ بگرم. بەخۆمم گوت: حەتمین ئەوان هەستیان بە عەشقی ئێمە کردووە و دەیانەوێ ئاهەنگی هاوسەریمان بۆ بکەن. وە هەم ئاهەنگی دەرچوونی زانکۆ .

دەمویست هەرچی زوویە ڕۆژ تەواو بێ, سفرەی ئێوارە ڕابخرێ.

لەگەڵ کارزان, ئەوەندە خۆشحاڵ بووین, کە حەزمان دەکرد هەرچی زوویە نانی ئێوارە تێپەڕێ. لە کۆتاییدا, ئەو کاتەش بە کۆتا هات. خاڵم باسەکەی کردەوە, بەشێوەیەکی باوەڕنەکراو داوای خوازبێنی زیوەری بۆکارزان لە دایکم کرد.

دڵم کەوتە لەرزە, نزیك بوو فرمێسك لە چاوانم بێتە خوار.

هەستێکی سەرسوڕهێنەر ناخمی داگیر کرد. کاتێك دایکم بە ڕەزامەندییەکی تەواو ئەو هاوسەرگیریەی قبوڵ کرد, نەمدەزانی چی بکەم . بەناچاری و بە ناڕەحەتی, هانای دڵم بۆ خودا برد.

وە لە دەرگای ئەودا ناڵاندم. خوایەگیان! تۆ بۆ خۆت دەزانی کە هەناسەی سارد, هەموو کات دەسپێکردنێکە بۆ ناڕەحەتییەکانی عاشقێکی ڕاستگ.

بۆ خۆت دەزانی ( ئەی تەنها چارەسەری شیفای نەخۆش ) , بۆ برینەکانی عاشقێکی ماندوێتینەناس بەڕەحم بە و بە تۆ دەڵێم: بۆچی؟ ئەوە چ چارەنووسێك بوو کە بۆم نووسرا کە ئاوا ئەوت بە میوانی دڵم هێناوە و کام گوناھ ئەوی ئاوا لە سینەی سوتاومدا دانا . ئیلاهی بڵێ: من کە دەمێکە دڵم بە خەیاڵەکانی شیرینی ئەو خۆش کردووە, لەمە بەدوا چۆن ژیان ببەمە سەر؟

خوایە گیان! پێم بڵێ, تا چ کاتێك لە نەبوونی ئەو فرمێسك بڕێژم. بۆچی دەبێ چاوەڕێ بکەم وەکو مۆمێك لە نزیکی دڵێکی وەك بەرددا بسوتێ. خوایە گیان! بۆ خۆت دەزانی چەندەم خۆشدەوێ و چەندان جار بە خاتری میهرەبانییەکانی ئەو,

فرمێسکی گەرم بە ڕوومەتەکانمدا هاتۆتە خوار. تۆ دەزانی چەندە پێویستم بە بوونی ئەو هەیە. بوونی من لەنزیك ئەو مانا دەبەخشێ, بەردەوامی ژیانی من, بەبێ ئەو بێ مانایە .

دڵشکاوانە لە دەرگات دەپاڕێمەوە. کە ئەو شەو چ موعجیزەیەك ڕووبدات و هەموو شتێك بگەڕێتەوە بۆ چەند سەعات لەمەوبەر.

بەڵام ناڵەکانی ئەو کاتەی من بێ سوود بوون.

دایکم ڕووی لە زیوەر کرد و پێی گوت: کچم تۆ ڕازی ؟

مەگەر دەکرا لەبەرانبەر کارزانێك کە وەك فریشتە میهرەبان بوو, ناڕازی بێت؟ حەزم دەکرد بڵێ نەخێر, بەڵام نا, ئەو لەو کاتەدا گوتی: بەڵێ و بەبێ ئەوەی ڕای کارزان وەربگرێ , گوتی : بەڵێ و هەموو شتێکیان تەواو کرد.

هەموو شتێك وەك خێرایی باو باران تەواو بوو.

لە سەرسوڕماوییان زمانم گرابوو. عارەقی ساردی, سەراپای گرتم . کارزانیش وەکو من تێکچووبوو.

دەنگی دڵی میهرەبانی دەبیسترا. سەیری چاوانم کرد, تا بزانم چی دەڵێت؟ بەڵام دەتگوت ئەو لەناو ئەو مەجلیسە نییە و هەرکات دەیویست قسەیەك بکات, ڕێیان پێ نەدەدا قسە بکات.

بۆ ساتێك چاوم كەوتە سەر خوشكەكەم, ئەوەندە خۆشحاڵبوو, كە لێوەكانی نەدەكەوتنە سەر یەك لە خۆشییان.

كاتێك ئەوم بەو هەموو خۆشحاڵییەوە دیت, ئیشارەم بۆ كارزان كرد كە هیچ قسەیەك نەكات. تا ئەو پێكەنینانە لێوانی خوشكەكەم جێ نەهێڵن.

ئەو شەوە دڵۆپێك فرمێسك بووم, دڵۆپە فرمێسكێكی سەرگەردان, كە نەمدەزانی بۆ سڕینی ئەو فرمێسكە, دامێنی چ كەسێك بگرم.

ئای! ئەی ئاسمان! دیوارەكانی سینەم شكاون و ماڵی فەقیر و بێ دەسەڵاتم وێران بووە, فریام كەوە.

من خەریكە ئەمشەو لە شەڕی چەند كەسێكی دڵڕەق, خەریكە دەمرم. لەو شەوە تارەدا, ئەو كاتە تڵخە, هیچ كەس ڕووخساری من و كارزانی نەدەخوێندەوەو حیسابییان بۆ نەدەكردین.

ئەو شەوە, گوڵێك لە كاتی وەرینی دا بوو . بولبولێك لە نارەحەتی عەشقیدا دەمرد, بەڵام كەس هەستی پێ نەكرد .

مۆمێك كوژایەوە و پەپولەیەك لە ئاگری كوژاوەی مۆمەكەیدا سوتا, بەڵام كەس ئەوی نەدیت. كۆتری عەشق لە ژووری

خۆشەویستیی مندا باڵی گرت. بەڵام کەس ڕێی لە فڕینی ئەو نەگرت.

ئەو شەوە کۆتری عەشقی من بە لێدانی نێزەی ناپیاوان لەو بەرزایی ئاسمانەوە کەوتە خوار و گیانی سپارد.

کەسێکیش یارمەتیی نەدا.

بەیەکجاری خۆری دڵم گیرا و ڕیشەی خۆشەویستی لە ئاگری نەفاماندا کوژایەوە.

هەردووکمان لە ئاگری ئەو هاوسەرگیریەدا سووتاین. هیچمان جورئەتی سەرپێچیمان نەبوو. چونکە بێ ئەدەبی بوو لە ڕووی گەورەکاندا قسە بکەین, بەڵام بە دیتنی خۆشحاڵیی خووشکەکەم منیش خۆشحاڵ بووم. هەرچەندە ئەو شاد بوو, بەڵام من وەك پەپولە لە ئاگردا دەسووتام.

سبەی ئەو ڕۆژە, بۆ لای کارزان چووم و کەوتمە دەست و پێی و داوام لێ کرد وەك چۆن منی خۆشویستووە, بەو شێوەیەش خوشکەکەمی خۆش بوێ و خۆشبەختی بکات و من لە بیرکات.

كارزان, زۆر هەوڵی دا كە بۆ تاران بگەڕێینەوە و هەر لەوێش هاوسەرگیریی بكەین. بەڵام من ڕازی نەبووم . چونكە نەمدەویست بۆ خۆشبەختیی خۆم, خوشكەكەم لەناو بچێ.

ئەو ڕۆژە گەیشتمە ئەو باوەڕەی كە هەمان ئەو بەختە ڕەشەی كە قسمەتی دایكم بوو , نسیبی منیش بوو.

لە دیاریی عەشقیش, بێ قسمەت نەبووم و وەكو ئەو منیش لە ئاگردا سووتام.

پێم لەسەر دڵم دانا, تا ناڕەحەتییەكانی خوشكەكەم نەبینم.

لە ماوەی كەمتر لە مانگێكدا, ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریی ئەوان بەڕێوەچوو.

بولبول, لە ژێر درەختدا دەیناڵاند و ماسیش لە كەنار دەریادا بۆ دڵۆپە ئاوێك هاواری لێ هەڵدەستا.

بولبولێك كە تۆفان گوڵی جوانی لە لق جیا كردەوە و بردی , تۆ مەگری بولبول.

بهێڵە من بگریم. ئومێدەوار بە بەهار دەگەڕێتەوە و گوڵێك كە پاییز لە تۆی زەرد كردبوو, بۆت دەگەڕێنێتەوە. بهێڵە بگریم , كە ئیتر بەهارێك بۆ من بوونی نییە.

ئاوابوونی خۆریش,  ئەو ڕۆژە, وەك من, زۆر دڵتەنگ بوو.

مۆسیقای لێدانی دڵی بێتاوانم , دڵتەنگتر لە خۆرئاوابوو.

کارزان بەهەمان نیگا مانادارەکانی, لەبەر چاوانی غەمگینیی من, دەستەکانی زیوری گرت و ڕۆیشت.

دەنگی خشە خشی گەڵای پاییز وەك ڕۆیشتنی کارزانی من. ئازاریان دەدام.

کارزان! ئازیزم! تۆ لەکام لاوە هاتی؟ کە پێت لە چارەنووسی من دانا و چ دەستێکی بێ ڕەحم, تۆی لە باوەشی گەرمی من دزی.

چارەنووس! گلەییم لەتۆ هەیە, کە پەیوەندیی عەشقت پچڕاند و عەشقێك, کە ژیانمی پارە پارە کرد.

کارزان! تۆ ڕۆیشتی و, بە ڕۆیشتنت غەمێکی گران لە هەواری دوورە دەست بە دڵمەوە نیشت .

تۆ ڕۆیشتی و بە ڕۆیشتنت بولبول تەنیا لە گۆشەی ژووردا مات کەوت و, تۆ ڕۆیشتی و من ئامادەم لە جێی عەشق , عەشقی گڵ بکەمە بەر.

تۆ کێ بووی؟ کە عاشقانە هاتییە ناو ژیانم و چارەنووس بێ ڕەحمانە تۆی لە من کرد.

هەمان ڕۆژ بڕوانەمەکانمان گەیشتنەوە, بەڵام مەگەر دەبوو لەو کاتەدا هەست بە خۆشی بکەی؟

ئەو شەوە تاقەتم نەبوو لە ماڵ بمێنمەوە و پەنام بردە بەر شەقامەکانی شار و ویستم خۆم بم و بۆ هەمیشە تەنیایی هاوڕێم بێت.

من کە تاقەتم نەبوو کارزان لەتەنیشت کەسێکی تردا ببینم, سبەی ئەو ڕۆژە, بڕیارمدا بۆ تاران بگەڕێمەوە .

هەموو ناڕازی بوون, بەڵام بڕیاری خۆم دابوو. عەسری هەمان ڕۆژ, پرێسکەی سەفەرم پێچاپەوە و داوام لە زیوەر و کارزان کرد لە نەبوونی من دا, چاودێریی دایکم و فریشتە و جەمیلە بکەن .

تەنیا کەسێك کە بە ڕۆیشتن ناڕازی نەبوو, کارزان بوو. چونکە دەیزانی چەندە لەوێ بمێنمەوە, بەهەمان شێوە ئازار دەچێژێ.

بەبێ ئەوەی کە بهێڵم کەس لە نهێنیی عەشقی ئێمە ئاگادار بێت , بە دڵێکی پڕ غەم و پەژارەوە, بۆ سەفەر کەوتمە ڕێ.

کاتێك گەیشتمە تاران, چاوم بە زانکۆ و شەقامەکانی شار کەوت, هەستی غەریبی, سەرتاپای گرتم.

چونکە هەموو ئەوانە یادەوەریی خۆشی من لەگەڵ کارزان بوون.

لە کاتی ڕۆیشتنمدا, سەرم دانەواندبوو و لەبەر خۆمەوە دەمگوت:

دڵتەنگی بێ من, من دڵتەنگ بێ تۆ

کەوتنە نێوانمان, حەوت کەژوکۆ

زەمەن دووری بۆیاران هەڵدەبژێرێ

شورەییە بۆخۆر جێگەی ئاوابوونی بمێنێ

بۆچەندەمین جار لە مەیدانی ژیان شکستم خوارد. دووبارە هەموو شت و هەموو کەس بەڵێنی تەنیاییان لەگەڵ بەستم. نەمدەزانی بۆ ناخۆشییەکانم بگریەم, یان بۆ خۆشحاڵیی خوشکەکەم شاد بم.

خوایە یارمەتیم بدە, کە گوێ بۆ کام سازی دڵ بگرم؟ ئایا هەمووان ببەخشم ,یان تا کۆتا هەناسە, لە ئاگری نەفامیی خێزانەکەماندا بسوتێم؟

هەرگیز خۆشی نەبووبووە دراوسێی من, کەواتا, بۆچی بێ هۆ بە دوای دەکەوم؟ لە هەمانکات دا, لەدایکبوون و نوێبوونەوە لەگەڵم بێگانەبوون.

هیچ کات نەیانویستووە من بناسن. دوای چەند مانگ سوتان و دروستبوونەوە, بە ناونیشانی دکتۆر, دەرمانخانەیەکم کردەوە.

بڕیارمدا, ئەگەر تا ئەو ڕۆژە کەسێك هاودەردیی لەگەڵ نەکردووم, بە ناونیشانی دکتۆر, من دەتوانم لەگەڵ هەمووان هاودەردی بکەم.

بۆ برینەکانیان چارەسەر بم. وە بۆ فرمێسکەکانیان سەردەست بم.

ڕۆژەکانم بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانەوە , لەگەڵ نەخۆشان تێدەپەڕی و تا ئەوکاتەی لەگەڵ ئەوان بووم, هەستم بە ئارامی دەکرد و هەوڵم دەدا جگە لەوان هەتا بیر لە ماڵەوەش نەکەمەوە. تەنها بیرم سەلامەتی و دەرمانی ئەوان بوو . بەڵام

شەوانم بە قورسی تێدەپەڕین. هەرچەندە هەوڵم دەداو قەڵەمم بۆ برینەکانی دڵم بەکاردەهێنا, تا هەموو شت لەبیر بکات و ئارام بگرێت , بەڵام سەرکەوتوو نەدەبووم. حەزم نەدەکرد لەگەڵ خێزانەکەمان لە پەیوەندیدا بم. مەگەر ئەو کاتەی کە نامەم بۆ دەهات, منیش مەجبوور بووم, جوابی بدەمەوە.

دوای تێپەڕینی ساڵێك , ڕۆژێك زیور نامەی بۆ ناردم . ئەو مەبەستی ئەوەبوو کە بە زوویی منداڵی دەبێ و داوای لەمن کردبوو کە لە کاتی منداڵبوون دەبێ لای ئەو بم.

زۆر هەوڵمدا ئەو کارەی بۆ بکەم, بەڵام دیسان نەمتوانی و بە هێنانەوەی هەزار بەهانە و هۆ, ئەوم ڕازی کرد و نەڕۆیشتم. بەڵام نامەی جەمیلە مەجبووری کردم کە بگەڕێمەوە: کچی ئازیزم چەند ڕۆژێکی تر ڕێورەسمی هاوسەرگیریمە و هیوادارم تۆش لەوێ بیت.

کاتێك گەیشتمەوە ماڵ و چاوم بە منداڵی زیور کەوت, دڵم تەنگ بوو . چونکە ئەگەر قەدەر لەگەڵم میهرەبان دەبوو, وە خێزانەکەمان کەمێك سەیری هەڵس و کەوتیان دەکردین و یان لەو مەجلیسەدا مەجاڵیکمان وەردەگرت کە بتوانین قسە بکەین, ئێستا ئەو منداڵە هی من و کارزان دەبوو.

حەزم نەكرد كارزان ببينم. تاكو ڕووخساری جوانی ئەو, يادەوەری ڕۆژانی ڕابردووم نەبیٚ, بەڵام هەرچۆنێك بیٚ, هاوسەری خوشكەكەم بوو و دراوسێی دايكيشم بوو.

به ديتنی كارزان بيرم كەوتەوە سەر ڕۆژە خۆشەكانی ڕابردوو. لە كاتێكدا تەنها يادگاريی تاڵم لە كارزانەوە بۆ مابۆوە.

ئەو ڕۆژانە هەستی خۆشم هەبوون و لە خۆشييان دەمويست بفڕم , بەڵام ئێستا چی؟ ئێستا فڕين بۆ من بۆتە ڕێڕۆيشتن.

دەمێك بوو, دڵم بە غەم و پەژارە گیرابوو. ئەو باسەش دەروونمی بريندار و ماندوو كردبوو. هەموو پێيان وابوو مرۆڤێكی سارد و بیٚ ڕوحم.

جەميلەش هاوسەرگيريی كرد و فريشتەی بە من و دايكم سپارد.

حەوت مانگ لە هاوسەرگيريی جەميلە تێپەڕی بوو .

﴿حاڵی دايكت باش نييە و هەرچی زووييە خۆتی بگەيەنیٚ, خوشكەكەت فريشتە﴾.

خەريك بوو جلەكانم وشك دەكردەوە كە شردبوومن, كە ئەو نامەيە گەيشتە دەستم.

بەپەلە خۆم گەياندە گەراجی بليتفرۆشی مەتاڕ.

ئەو نامە کورتە بووە هۆی ئەوەی کە فڕینی تەیارەکەشم لەبەرچاو هێواش بێ.

تا گەیشتن بە شارەکەمان, لە پشتی سەیارەی هەڵگری ئاژەڵان دانیشتم , بە جەمیلەم گوت: دایکم لە کوێیە ؟ لەپێش دەرگا کۆمەڵێکی زۆر پێڵاوی ژنانە و پیاوانەم دیت, کە نیگەرانی کردم, بەخۆمم گوت: کەواتا دواکەوتووم. دەرگام کردەوە و چاوم بە دایکم کەوت. کە لە گۆشەیەکی ژوور درێژبووبوو و چاوی بڕیبووە کەسانێك کە بۆ سەردانی هاتبوون. کاتێك دایکمم بەو شێوەیە دیت, دڵم گرا و داوام لە خودا کرد کە سێبەری ئەو لەسەر سەرمان لا نەچێ, بەڵام چوومە پێش و ناوچاونی جوانییم ماچ کرد و سەیری دەستەکانیم کرد. دەستی پیاوانە, دایکێك کە لە منداڵییەوە بۆ تێرکردنی زگی منداڵەکانی, سەهۆڵی ئاوی دەشکاند.

ئەو دەستە میهرەبانانەی کە لە کاتی هەڵەدا, هیچ کات بەرڕوومەتم نەکەوتوون. ئەو دەستە بەهێزانەی کە ساردی و گەرمیی ڕۆژگاریان چەشتبوو.

ئەوڕۆ بە لەرزەوە لە تەنیشتم درێژکراون. ئەو دەستانە لاوازتر و ڕەنگ زەردتر بووبوون. دەستەکانیم گوشی و دەستیم شێلا. چاوی زۆر نەدەتروکاند, سپیایی چاوانی زەرد بووبوو, وە ڕەنگی ڕووخساری پەڕیبوو. بە ئارامی گوتی: هاتی کچی ئازیزم؟ ئیشارەیەکی کرد کە دەورەی چۆڵ بکەن .

کاتێك تەنها ماینەوە, دەستی بردە ژێر قۆڵی و نامەیەکی دەرهێناو گوتی: بۆچی کچم؟ مەگەر من لە تەواوی ساتەکانی ژیاندا , هاوبەشی غەم و خۆشیەکانت نەبووم؟ بۆچی ئەو نهێنییەت لێ شاردمەوە؟ ئەو چەند وشانە کۆتا قسەکانی دایکم بوون.

ئیتر نەیتوانی بەردەوام بێت. جارێکی تر, هەورێکی ڕەش کەوتە سەر ژیانم و بۆ هەمیشە دایکمی لێ جیا کردمەوە .

بە دەنگێکی بەرز هاوارم کرد و داوای یارمەتییم کرد, بەڵام ئەو چاوی بۆ هەمیشە لێك نان. هەستێکی پەشیمانی دایگرتبووم, کە بۆچی دایکم بەتەنها جێ هێشتووە؟ دەبوو لە ساتەکانی کۆتای لەلای بم .

تۆ ڕۆیشتی و بە ڕۆیشتنت ماڵی خەونەکانم وێران بوو,ئەو ماڵانەی کە بە خەون و خەیاڵ وێنایانم کردبوون, کاتێك تۆهەبووی ژیان دیوێکی دیکەبوو, بە بوونی تۆ هەرگیز هەستم بەبێ باوکی نەکردووە. هەرگیز نەتهێشتووە برسی بین. ئەوڕۆ تۆش بەهاری منت کردە خەزان و وەکو جاران لە ڕێگەکەدا جێتهێشتم. تەنها هیوام بە تۆ بوو, کە تۆش تەنهات کردم, چۆن لەم دنیا بێ ڕەحمەدا زیندوو بمێنمەوە؟ کاتێك ژیان بێ تۆبێ مانایە؟

مەرگی دایکی میهرەبانم, لە تەواوی ئەو ئازارانەی چەشتبوونم, سەختتر بوو.

ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی دایکم بەڕێکرا و ئەویش وەکو کۆمەڵێك مرۆڤی تر, بۆ ئارامگای کۆتایی ڕۆیشت.

چەند ڕۆژێك دوای مردنی دایکم, لەگەڵ فریشتە گەڕاینەوە تاران, چونکە فریشتەش تەنیا بوو و زڕ بابیش ئەوی نەدەویست.

کاتێك گەیشتینەوە تاران, کەوتمەوە بیری نامەکانی دایکم و ئەوم کردەوە و پێم سەیر بوو, یەکێك نامەی کارزان و ئەوی تر نامەی دایکم.

سەرەتا نامەی دایکم خوێندەوە, نووسی بووی:

کچی ئازیزم , ئەورۆ تێگەیشتم کە چ دلێکی گەورت هەیە. تۆ لەبەر خوشکەکەت, پێت لەسەر دلت داناو خۆت کردە قوربانی.
ڕۆژێك کە سەیری کتێبەکانی کارزانم دەکرد لە ژوورەکەی, لەناکاو کتێبێك سەرنجی ڕاکێشام, ئەوم هەلگرت, بەلام خۆزگە کوێر بووبام و هەرگیز ئەو پارچە کاغەزەم لەوێ نەدیتبا.
بە سەرسوڕمانەوە, نامەکەم خوێندەوە و هەستم بە نهێنیی عەشقی هەردووکتان کرد.
هەمان کات, هەستێکی نامۆ دلی ئازار دام. بۆچی من ئەو عەشقەم لە چاوانت نەخوێندبۆوە؟ ئازاری دلم بە شێوەیەك زیادی کرد, کە بەزەحمەت گەیشتمەوە مالێ و دکتۆر گوتی: هیوایەك بۆ ژیانت نییە.
لەو دنیایەدا کە ئەو تاوانە گەورەی بەرانبەر تۆم کرد, باجەکەم دا.
ئێستاش لە حالی مردندام و نازانم پێش مردن دەتبینم یان نا. بەلام تا ئەمڕۆ هیچ کات نەمهێشتووە کەم و کوڕیتان هەبێ, چونکە ئەرکی من بووە, بەلام هەرگیز لەخۆم نابوورم, چونکە لەبەرانبەر تۆدا, تووشی گوناهێکی گەورە بووم .

بەهەمان شێوە, ئەو ماوەیەی کە بێ دەنگ بووی, داوات لێ دەکەم لە بێ دەنگیت بەردەوام بی. چونکە خووشکەکەت لە ماڵە تازەکەی دا زۆر هەست بە خۆشبەختی دەکات.

تێگەیشتم کە دایکم بە هەستی ئێمەی زانیوە و ئەوەندە هەستی بە تاوان کردووە, کە نەیتوانیوە ئارام بگرێ و کۆتایی بەو ڕێگەیە هێناوە.

نامەی کارزانم کردەوە و نووسیبووی :

ڕۆیشت .... کازیوەی من ڕۆیشت....

ئەو ڕۆیشت بێ ئەوەی فرمێسکی شۆڕی چاوانی سوتاوم ببینێ. ئەو دەبوو زانیبای, دڵۆپە فرمێسکی پاك و فەقیرانەم بۆ ڕشتووە, . ئەو ڕۆیشت, بێ ئەوەی کە چارەنووس بهێڵێ, دڵ بدەم بە کەسێکی تر.

بەڵکو تەنها ئەوم بە شایەنی عەشقی پاکی خۆم دەزانی.

ئەو ڕۆیشت و پێی وابوو کە تەنها بۆ خۆی دەسووتێ, بێ ئەوەی کە سووتان و بێدەنگیی من لەسەر زەمینی شوومی جیابوونەوەدا ببینێ. ئەو ڕۆیشت و پەیکەری نیوە گیانی منی لە گۆڕستانی بێوەفاییدا ناشت.

ئەو ڕۆیشت، بێ ئەوەی کە بیەوێ من لە ژێر ئەشکەنجەیەکی قورسی نالەباردا ڕزگار بکات.

بە هۆی بوونی پەیوەندیی لەگەڵ خوشکەکەی، فێر بووبوو کە، لەگەڵ عەشقی ڕاستەقینەدا، ئاوا هەڵس و کەوت بکات.

هەروەها منی لەگەڵ دنیایەك تەنیایدا جێ هێشت.

من مامەوە لەگەڵ دڵێکی تەنیا، تەنیا دڵێك کە هەموو کات بۆ تۆ لێدەدات. دڵێك کە بە هەموو شێوەیەك، وشەی خۆشەویستی لێ حەرام کرا.

ئەمڕۆ بیرکردنەوە لە تۆ جۆرێکە لە گوناهی گەورە، چونکە خوشکەکەت هاوبەشی ژیانمە.

بەڵام زۆر شەوان بە یادی جوانی تۆ، تا درەنگان خەوم لە چاوان دەڕەویەوە، لە جیهاندا خەیاڵێك نییە بۆ بینین، لە جێی خەونە ئاڵتونییەکان، ترسناکیی دووریی تۆ ڕوحم ئازار دەدات.

دەمێك بوو خۆمم بەتەنها ئەسپسواری دڵت دادەنا، بەڵام بەداخەوەم کە بۆچی ئەو شەوە نە خۆت قسەت کرد و نەشتهێشت من قسە بکەم؟

خوایەگیان! تۆ کە ئاگاداری هەموو بەندەکانتی , تۆ بڵێ: کە ئەوە چ چارەنووسێکی سەیرە  کە بۆم نووسراوە؟

ئەوت بە ناونیشانی گوڵێکی جوان, لە گوڵستانی بێ ئومێدی مندا ناشت و نازانم چ گوناهێك لە بەندەیەکی  وەك منی فەقیردا ڕووی داوە, کە تەنها گوڵی سەرزەمینی عەشقی من, بە هۆی تۆفانی وێرانکەر لە لاپاڵی دڵم جیاکردەوە.

زۆر هەوڵم دا هەموو شتێ بە زیور بڵێم, بەڵام ئەو گوناهی چی بوو؟ بۆچی دنیای شیرینی ئەو تاڵ بکەم؟

کازیوە! داوام لێت ئەوەیە, هەرگیز نەگەڕێیەوە ئێرە, هەرگیز.

لەوانەیە نەدیتنی تۆ, مەرهەمێك بێ بۆ ئەو برینەی کە لە رابردوودا دروست بووە, یەکترمان لەبیر بباتەوە.

ئەو ڕۆژە تێگەیشتم کە کارزانیش وەکو من ئازارێکی زۆری کێشاوە و دوای قسەی ئەو, هەرگیز نەگەڕامەوە ئەوێ.